# ڕۆژنامە ٧

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 473 پێنجشەممە 21/ 5/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.473 Thu 21/ 5/ 2009








ڕادیۆی دەنگی گۆڕان...
لەسەر شەپۆلی FM بە
فریکوێنسی ٩٤،٤ میگاهێرتز
لەئێستادا لە سلێمانی


# دەرکردنو پاکتاوکردنی لایەنگرانی
# باڵی ریفۆرم لەناو یەکێتی چڕدەکرێتەوە




**ڕۆژنامە**

بەرپرسانی یەکێتی جەخت لەسەر لادانو دەکردنی سەرجەم لایەنگرانی باڵی ریفۆرم لەناو ڕێکخستەکانی ئەو حیزبەدا دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی پێیانوایە ئەو هەڵمەتە کاریگەریی بۆ سەر یەکڕیزیی یەکێتی هەیە، ئەندام پەرلەمانێکی سەر بەیەکێتیش دەڵێت: «دیاردەی لادانو دەرکردن لەناو یەکێتیدا شتێکی تازە نییە».

بەبڕیاری جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەماوەی رابردوودا کۆمەڵێک کادیرو ئەندامی یەکێتی کە لایەنگری باڵی ریفۆرمن ناچارکراون دەست لەکاربکێشنەوەو لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵێکی دیکە دەرکراونو سەدانی دیکەش ئاگادارکراونەتەوە، خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

لەماوەی دوو ڕۆژی رابردوودا هەریەکە لە کۆمیتەی (٧)ی شێخ محێدینو کۆمیتەی (٣)ی ئازادی یەکێتی لە سلێمانی ناچارکران دەست لەکاربکێشنەوە، بەبیانووی ئەوەی وەک باڵی ریفۆرم لایەنگری لیستی گۆڕانن.

عومەر کەریم مەحمود، لێپرسراوی کۆمیتەی (٣)ی ئازادی بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦دا لەسەر باڵی ریفۆرم هەڵبژێردراوین، هەر لەوکاتەوە لەناو ڕێکخستنەکاندا حسابی کادیری پلەدوومان بۆکراوە.

بەرزان ئەحمەد کوردە، لێپرسراوی مەڵبەندی (١)ی سلێمانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە حیزبینو پەیڕەووپرۆگرامان هەیەو بەپێی ئەو پەیڕەوە ئەوەی بۆ لایەنێکی دیکە کاربکات، لەیەکێتی دەردەکرێت، ئەو بڕیارەشمان لەکاتی خۆیدایەو پەلەکردنی تێدانییە.

**وردەکاری لە ل٣دایە**

# بەرزان قادر خەڵوز ژمارەیەک ئاسەوار
# بە (٥١) ملیۆن دینار دەداتە حکومەت

**ڕۆژنامە**

بەپێی ڕاپۆرتی ژمارە (١٣٩)ی (نهێنی) چاودێری دارایی، کە لە ٢٠٠٦/٥/٤ ئاراستەی نووسینگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (سلێمانی) کراوە، (بەرزان قادر) کە ناسراوە بەرزانی قالەی خەڵوز بەڕێوەبەری ڕادیۆی خاکو ستافی بەرنامەی بەرنامە، بەمەبەستی فرۆشتنی (٥٥٠) پارچە ئاسەوار، زیاتر لە (٥١) ملیۆن دیناری لەئەنجومەنی وەزیران وەرگرتووە.

لەبەشێکی ڕاپۆرتەکەدا، کە رەخنەیە لەچۆنێتی سەرفکردنی بودجەی ئەنجومەنی وەزیران (ئیدارەی سلێمانی)، دیوانی چاودێری دارایی نووسیویەتی: «ئەگەر ئەو کەسانەی لەدەرەوەی فەرمانگەکاندا کاریان پێدەسپێرن با بەپێی پسپۆڕییان دابنرێن».

هاوکات کەمال ڕەشید، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی وتی: «بەرزان لەبەڕێوەبەرێتییەکەمان کارمەند نییەو بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانیش توانای دابینکردنی ئەو بڕە پارەیەی نییە، بەوپێیەش کە بەرزان پەیوەندی لەگەڵ عومەر فەتاح جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەت باشە، هەربۆیە لەڕێگەی ئەوەوە ئەو بڕە پارەیەی لەئەنجومەنی وەزیران بۆ دابینکراوە بەمەبەستی فرۆشتنی ئاسەوارەکان، بە بەڕێوەبەرێتییەکەمان».

ڕۆژنامە چەندینجار پەیوەندیکرد بە بەرزان قادر خەڵوزەوە، بەمەبەستی وەرگرتنی لێدوان، بەڵام نەتوانرا پەیوەندییەکەی وەربگیرێت.

# هەڵبژاردنی داهاتوو تاقیکردنەوەیەکە بۆ دیموکراسی لە کوردستان



د. دلێر ئەحمەد

ل ٥

# هەڵبژاردنێکی پاک، ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ گۆڕینی وێنەی شێواوی هەرێم لە دەرەوە



یوسف محەمەد

ل ٦

# دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردن دیارینەکراوە

**هەستیار قادر**

هەرچەندە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەپلانی کاری خۆیدا (٢٣)ی ئەم مانگەی دیاریکردووە بۆ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردن، بەڵام سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دیاریکردنی ئەو ڕۆژە دەبەستێتەوە بەکۆتایهاتنی وردبینیی پاڵێوراوەکانەوە.

دوای ئەوەی دوێنێ وادەی تۆمارکردنی ناوی پاڵێوراوی لیستەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کۆتایهات، بڕیارە لەهەفتەی داهاتوودا وردبینیکردنی پاڵێوراوەکانیش کۆتایی پێبێتو بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێبکات.

هەندرێن محەمەد سەرۆکی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەپلانی کاری خۆیدا کۆمسیۆن (٢٢) بۆ (٢٣)ی ئەم مانگەی داناوە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنو دوای وردبینیکردنی پاڵێوراوەکانو لەزۆربەی بارەکاندا هەفتەی داهاتوو بانگەشەی هەڵبژاردن دەستپێدەکات».

بەڵام عەلی قادر سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بوونی وادەی دیاریکراوی ڕەتکردەوە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنو ڕایگەیاند: «دەستپێکردنی هەڵمەتی هەڵبژاردنو وادەکەی بەندە بەکۆتایهاتنی وردبینیی پاڵێوراوەکانەوەو لەدوای کۆتایهاتنی ئەو وردبینییە هەڵمەتەکە دەستپێدەکات».

عەلی قادر ئاماژەی بەوەشدا، کە بەوپێیەی لەهەرێمی کوردستاندا دەستەی هاوشێوەی دەستەی ریشەکێشکردنی بەعسی بەغدا نییە، بۆ وردبینیکردنی پێشینەی پاڵێوراوکان پەنا دەبەنە بەر وەزارەتی ناوخۆ، وتیشی: «پەیوەندی بەچەند دەزگایەکی دیکەی وەک زانکۆو ڕەگەزنامەو دەزگای پەنجەمۆری تاوانەوە دەکەن بۆ وردبینیکردنی پاڵێوراوەکان».

## دەرکردن‌و پاکتاوکردنی کادیرو ئەندامانی باڵی ریفۆرم چڕدەکرێتەوە

# «دیاردەی لادان‌و دەرکردن لەناو یەکێتیدا شتێکی تازە نییە»

پشتیوان سەعدوڵڵا



بەرپرسانی یەکێتی جەخت لەسەر لادان‌و دەرکردنی سەرجەم کادیرانی باڵی ریفۆرم ناو رێکخستنەکانی ئەو حیزبەدا دەکەنەوە، هەرچەند پێیانوایە ئەو هەڵمەتە کاریگەری بۆ سەر یەکڕیزیی یەکێتی هەیە، ئەندامێکی پەرلەمانی سەر بەو حیزبەش دەڵێت: دیاردەی لادان‌و دەرکرن لەناو یەکێتیدا شتێکی تازە نییەو لەڕابردووشدا مافی هەندێک خەڵک پێشێلکراوە.

بەبڕیاری جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەماوەی رابردوودا کۆمەڵێک ئەندام‌و لایەنگری باڵی ریفۆرم ناچارکراون دەست لەکاربکێشنەوەو لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵێکی دیکە دەرکراون‌و سەدانی دیکەش ئاگادارکراونەتەوە، خۆیان یەکلایی بکەنەوە.

چەند رۆژێک لەمەوبەر هاوڵاتی (ه.أ) کە دانیشتووی شاری سلێمانییە لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەکەی لەلایەن سێ کارمەندی ئاسایشی سلێمانیەوە بەتۆمەتی پەیوەندی بەلیستی گۆڕانەوە هێرشی کرایەسەر، هەروەها رۆژی ٥/١٩ ستافی کۆمیتەی (٣)ی ئازادی سەر بەمەڵبەندی سلێمانی بەلێپرسراوی کۆمیتەو جێگرەکەی‌و (٩) ئەندامی کۆمیتەکە، ناچارکران دەست لەکاربکێشنەوە.

عومەر کەریم مەحمود، لێپرسراوی کۆمیتەی (٣)ی ئازادی بەڕۆژنامەی راگەیاند: ئێمە لەهەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦دا لەسەر باڵی ریفۆرم هەڵبژێردراوین، هەر لەوکاتەوە لەناو رێکخستەکاندا حسابی کادیری پلەدوومان بۆکراوە، تائەوەی پێرێ لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی داوای خۆیەکلاییکردنەوەی لێکردین‌و ئێمەش بڕیارماندا بێینەدەرەوەو ئیش بۆ لیستی گۆڕان بکەین، جگە لەلێپرسراوی کۆمیتەکە، جێگری یەکەم‌و (٩) ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیتەکە دەستیان لەکارکێشاوەتەوەو لەکۆی (١٢) کەرت، (١٠) کەرت لەگەڵ ئەندامە دەستلەکارکێشراوەکانە، هاوکات دەیان ئەندامی کۆمیتەی (٧)ی رێکخستنی شێخ محێدین لەشاری سلێمانی پەیوەندییان بەلیستی گۆڕانەوە کرد.

شاهێن حەمەڕەزا، لێپرسراوی کۆمیتەی (٧)ی رێکخستنی شێخ محێدین بە سبەی راگەیاند: چەند رۆژێک لەمەوبەر ئەنجومەنی کۆمیتەکەمان لەگەڵ بەرپرسی مەڵبەندی (١)ی رێکخستنی سلێمانی کۆبووەوەو لەکۆبوونەوەکەدا پێیوتین، بەبڕیاری جەنابی مام جەلال ئەو کەسانەی لەناو یەکێتیدان‌و کار بۆ لیستی کوردستانی (پ.د.ک –ی.ن.ک) ناکەن، دەبێت یەکێتی بەجێبهێڵن».

لێپرسراوی کۆمیتەی (٧) وتیشی: «ئێمە باوەڕمان بەبەرنامەو کارەکانی ئەو لیستە هەیەو لەدەرەوە یان لەناوەوەی یەکێتی بین هەرخۆمان بەئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەزانین، چونکە خەباتمان تێداکردووەو قوربانیمان بۆ یەکێتی داوەو شانازی بەکارەکانی رابردوومانەوە دەکەین، ئێستاش چوینەتە لای کۆمەڵێک هەڤاڵانی دیکە کە خاوەنی زۆرینەی سەروەرییەکانی ناو یەکێتین».

> «ئێمە باوەڕمان بەبەرنامەو کارەکانی لیستی گۆڕان هەیەو لەدەرەوە یان لەناوەوەی یەکێتی بین هەرخۆمان بەئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەزانین»

لەماوەی رابردوودا سەدان لایەنگری لیستی گۆڕان داوایانلێکراوە خۆیان یەکلایی بکەنەوەو لەگەڵ ئەوەشدا دەیان کەسی دیکە دەرکراون‌و بەرپرسانی یەکێتیش باس لەوەدەکەن، ئەو هەڵمەتەیان سەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستان دەگرێتەوە.

بەرزان ئەحمەد کوردە، لێپرسراوی مەڵبەندی (١)ی سلێمانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڕۆژنامەی راگەیاند: ئێمە حیزبین‌و پەیڕەوو پرۆگرامان هەیەو بەپێی ئەو پەیڕەوە ئەوەی بۆ لایەنێکی دیکە کاربکات، لەیەکێتی دەردەکرێت، ئەو بڕیارەشمان لەکاتی خۆیدایەو پەلەکردنی تێدانییە.

هەروەها وتی: «ئەوانەی لەیەکێتی دەردەکرێن، ژمارەیان کەمەو راستە کاریگەری بۆ سەر ریزەکانی یەکێتی هەیە، بەڵام بەوشێوەیە زیان ناگەیەنێت، چونکە حیزبێکی گەورەی وەکو یەکێتی دەیان هەورازو نشێویی ئاوای بڕیوەو تائێستاش ماوەتەوە».

لێپرسراوی مەڵبەندی سلێمانی ئەوەشی راگەیاند: «هەموو رێکخستەکانی یەکێتی لەسەرجەم ناوچەکانی کوردستان ئەوەی بۆ بەرنامەی یەکێتی کارنەکات، لەڕیزەکانی یەکێتی ناهێڵرێن».

لەلایەکی دیکەوە، پەرلەمانتارێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەپێویستی دەزانێت، ئەندامان‌و کادیرانی سەر بەحیزبەکەی خۆیان یەکلاییبکەنەوە، کە بۆ کێ کاردەکەن، لەهەمانکاتیشدا نیگەرانی خۆی لەهەڵمەتی دەرکردنی ئەندامان‌و کادیرانی نێوحیزبەکەی دەردەبڕێت.

ئاریز عەبدوڵڵا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکێتی، بەڕۆژنامەی راگەیاند: هەرکەسێک کە ئەندامی حیزبێک بێت، پێویستە پابەندی پەیڕەوی ناوخۆی حیزبەکەی بێت، ئەگەر پابەند نەبێت، حیزبەکەی مافی خۆیەتی بەپێی هەمان پەیڕەو سزای بدات، بەڵام رەنگە ئەو ئیجرائاتانە شتی شەخسی تێبکەوێت، لەکاتێکدا کە ئیجرائات زۆربوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیڕەو یەکلایەنە نییەو مافدەدات بەو کەسەی کە ئیجرائاتی لەگەڵ کراوە داوای مافی خۆی بکات.

بەبڕوای ئەو پەرلەمانتارە «یەکلایی نەبوونەوەی خەڵکانی نێو حیزبەکان دەگەڕێتەوە بۆ بژێویی‌و مووچە.» لەناو یەکێتیدا تەبایی نەماوەو بووەتە دوو بەش، بەداخەوە ژیانی هەموو خەڵک بەحیزبەکانەوە بەستراوەتەوەو مەسەلەکە مووچەیە، رەنگە ئەو مەسەلەیە کاریگەری دروستبکات، ئەگینا کەسێک بۆ لیستی گۆڕان کاربکات، بۆچی لەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەمێنێتەوە، دەبێت خەڵک خۆی یەکلایی بکاتەوە، ئەمەش وای لەبەشێکی خەڵک کردووە، کە کارێک بکات، لەسەر خواستی خۆی نەبێت‌و ئازادانە بیرنەکاتەوە، بەڵکو حیزبایەتییەکەی لەبەر مووچەکەی بێت، دەبێت لەئاییندەدا ئەو مەسەلەیە چارەسەربکرێت‌و کار بۆ ئەوەبکرێت، کە ژیانی خەڵک بەحیزبەکانەوە نەبەسترێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێت باشتر بیربکاتەوە، چونکە ئەوە دیاردەیەکی رەوانییە بۆ ئەم قۆناغە».

ئاریز ئەوەشی وت: «دیاردەی لادان‌و دەرکرن لەناو حیزبە کوردستانییەکان‌و بەتایبەتی لەناو یەکێتیدا شتێکی تازە نییەو پێش ئێستا چەند کەسانێک بەبێ ئەوەی خۆیان ئاگاداربوبن، لەشوێنەکەی خۆیان لابراون‌و پۆستیان لێسەندراوەتەوەو مافیان پێشێلکراوەو رەنگە نەیانتوانیبێت مافی خۆیان وەربگرنەوە».

## ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان ٧ مانگە کۆنەبووەتەوە

# «لەبەرئەوەی قسەمان لەسەر گەندەڵی‌و ناعەدالەتی دەکرد کارەکانی ئەنجومەن راگیرا»

فەلاح نەجم





زیاتر لە حەوت مانگە کاری ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانیان راگیراوە، سکرتێری گشتیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیش پێیوایە، راگرتنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارتە سیاسییەکان بەهۆی زۆر قسەکردنیان بووە لەسەر گەندەڵی‌و ناعەدالەتی بارودۆخی هەرێم.

ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان لەبەهاری ساڵی ٢٠٠٧ لەحیزبەکانی پارتی‌و یەکێتی‌و کۆمەڵ‌و یەکگرتوو سۆسیالیست‌و زەحمەتکێشان‌و شیوعی پێکهاتووە، دامەزرا بەمەبەستی بەشدارییپێکردنی پارتەسیاسیەکان لەپرۆسەی سیاسیی هەریمداو کۆبوونەوەکانی لەلایەن مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم بەڕێوەدەبرا، راسپاردەکانیشی دەدرایە هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستان.

قادر عەزیز، سکرتێری گشتیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: لە بنەڕەتدا ئامانجی دروستبوونی ئەنجومەنەکە، بەشدارییپێکردنی حیزبەکانی دەرەوەی پارتی‌و یەکێتی بوو لە پرۆسەی سیاسیی‌و بڕیارە سیاسییەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆر قسەمان لەسەر گەندەڵی‌و ناعەدالەتی کرد، بەتایبەت دوای بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەمان بۆ رای گشتیی، پارتی‌و یەکێتی کۆبوونەوەکانیان راگرت‌و خۆیان دوولایەنە بڕیار لەسەر پرسە سیاسییەکان کوردستان دەدەن.

هەرچەندە ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکان لە مانگی ٢٠٠٨/١٠–وە هیچ کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامنەداوە، بەڵام گرژبوونی پەیوەندییەکانیان دوای ئەوە هات، کە چوار حیزبە کوردستانییەکە (یەکگرتوو، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست‌و کۆمەڵ) راپۆرتیکیان دەربارەی خراپی بارودۆخی کوردستان بۆ رای گشتیی بڵاوکردەوە، مەکتەبی سیاسیی پارتی‌و یەکێتی زۆر بەتوندی وەڵامی راپۆرتەکەیانی دایەوە، تائێستاش پەیوەندییەکانیان ئاسایی نەبووەتەوە، هەروەها قادر عەزیز پێیوابوو، کە بەشداری چوار حیزبەکە لەگەڵ پارتی‌و یەکێتی لەو ئەنجومەنەدا بەشدارییەکی شکلی‌و رووکەش بوو لە ئەنجومەنەکەدا، چونکە بڕیارەکان لەلایەن سەرۆکی هەرێم‌و جێگرەکەیەوە یەکلایی دەکرایەوە، بەتایبەت کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان‌و بەغدا کە پارتی‌و یەکێتی بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان‌و حکومەت‌و حیزبەکانی دیکە خۆیان بڕیاریان لە پرسە گرنگەکان داوە.

پارتی‌و یەکێتیش نایشارنەوە کە کاری ئەنجومەنەکەیان لە دژی هەڵویستی پارتەکانی دیکە راگرتووە، وەک سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پێیوابوو کە پارتەکانی دەرەوەی پارتی‌و یەکێتی لە حکومەت‌و پەرلەمان‌و راگەیاندنەکاندا دەتوانن قسەی خۆیان بکەن، پێویست بە کۆبوونەوە ناکات‌و لەکۆبوونەوەکانیشدا ئەوە دەوترێت کە لە رۆژنامەکاندا دەنوسرێت.

# ژمارەیەک هاوڵاتی نەیانهێشت کارگەی چیمەنتۆی بازیان کاربکات



نیان مەجید

دوێنێ کۆمەڵێک لەجوتیارانی ناحیەی بازیان خۆپیشاندانێکیان سازکردو نەیانهێشت کارگەی چیمەنتۆی بازیان کاربکات، لەبەرئەوەی تائێستا پارەی ئەو زەوییانەیان وەرنەگرتووە کە ئەو کارگەیەی لەسەر دروستکراوە، پاش گەیشتنی قایمقامی سلێمانیو کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەی بازیانو بەرپرسانی کارگەکە، توانرا کێشەکەیان چارەسەر بکرێت.

جوتیارە خۆپیشاندەرەکان، کە ژمارەیان (٤٠٠) کەس بوو بۆ ماوەی زیاتر لە ٦ سەعات ڕێیان لەکارکردنی کارگەکە گرت بە مەبەستی وەرگرتنی پارەی ئەو زەوییانەی کە لەلایەن خاوەنی کارگەکەوە لێیانکڕدراوەو لە (٧٢) دۆنم پێکدێت، کە نرخەکەی ٢ ملیۆنو (٤٠٠) هەزار دۆلارە.

زانا بەهائەدین، بەڕێوەبەری ناحیەی بازیان دەربارەی ئەو کێشەیە بەڕۆژنامەی راگەیاند: بۆ هێورکردنەوەی کێشەکە هەریەکە لە زانا محەمەد سالح، قایمقامی سلێمانیو ئاراس ئەحمەد، کارگێڕی پارێزگای سلێمانی هاتنە بازیانو کێشەکەیان چارەسەرکرد، پارەی زەوییەکانیان لەلایەن بەرپرسانی کارگەکەوە داوەتەوە بەخاوەن زەوییەکانو کۆتاییان بەکێشەکە هێناوە.

# پەردە لەسەر «گەندەڵییەکانی» سەردەمی بریمەر هەڵدەدرێتەوە

هەستیار قادر



دیوانی چاودێری دارایی عێراق پەردە لەسەر دۆسییەی بەفیڕۆدانی پارەکانی عێراق لەسەردەمی پۆڵ بریمەردا هەڵدەداتەوەو ئەندامێکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراقیش دەڵێت: «ڕێککەوتنێک هەیە بۆ گۆڕینەوەی ناوی کەسەگەندەڵەکان لەنێوان عێراقو ئەمریکادا»

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ڕۆژنامە کەوتوون، حکومەتی عێراقی سەرگەرمی هەڵدانەوەی پەردەی سەر دۆسییەی ئەو گەندەڵیە داراییانەیە کە لەسەردەمی پۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنی پێشووی ئەمریکا لەعێراق ئەنجامدراوەو پارەیەکی زۆری لەداهاتی عێراقی تیا بەهەدەر براوە بۆ ئەو مەبەستەش عەبدولباست تورکی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی چاودێری دارایی عێراقی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ستیوارت بۆنی پشکنەری گشتی ئەمەریکی تایبەت بەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراق ئەنجامداوە بۆ کاراکردنی بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدراڵی سەبارەت بەخراپ بەکارهێنانی پارەو پولی عێراق لەماوەی دەسەڵاتی پۆڵ بریمەر وەک حاکمی مەدەنی ئەمریکا لەعێراق.

ئازاد چالاک ئەندامی لیژنەی نەزاهەی عێراقی، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی بوونی ڕێوشوێنێکی لەوجۆرە بەڕۆژنامەی راگەیاند: «دوو دۆسییە هەیە کە گەندەڵی تیا ئەنجامدراوە، یەکەمیان پرۆژەکانی تیمی ئاوەدانکردنەوەی عێراق، کە حکومەتی ئەمریکا پارەکەی دابینکردووەو بە (١٠٠) ملیار دۆلار مەزەندە کراوە، ئەوی دیکەشیان پارەی نەوتی عێراق بووە».

ئازاد چالاک ئاماژەی بەوەشدا، کە دەنگۆی ئەوە هەیە ڕێککەوتنێک لەنێوان بەغداو واشنتۆندا هەبێت تا ئەمریکا ناوی کەسە گەندەڵە عێراقییەکان بداتە عێراق بەرامبەر بەوەرگرتنی ناوی ئەفسەرە گەندەڵەکانی سووپای ئەمریکا کە لەدۆسییەی بەهەدەردانی پارەی عێراقدا بەشدارییان کردووە.

# جەبار یاوەر: ئیسرائیل لەئاسمانی هەرێمەوە پەلاماری ئێران نادات

شارا عەبدولڕەحمان

بەپێی ڕاپۆرتێکی ستراتیژی پەیمانگایەکی سیاسیی ئەمریکی، ئیسرائیل دەیەوێت ئاسمانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنێت بۆ فڕۆکە جەنگییەکانی خۆی بۆ لێدانی بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران، هاوکات وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێم ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە هیچ ڕێککەوتنێک لەنێوان حکومەتی هەرێمو ئیسرائیلدا کرابێت بۆ ئەو مەبەستە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە کە لە (١١٤) لاپەڕە پێکهاتووەو پشتی بە شیکردنەوەی کەسانی سەربازییو سیاسیی بەستووە، باشترین ڕێگا بۆ هێرشکردنە سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە، ئاسمانی دەوڵەتەکانی تورکیاو سوریاو عێراقە، بەتایبەت بەشی ئاسمانی هەرێمی کوردستان.



جەبار یاوەر، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگەو ئەندامو وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێم، بوونی ئەگەرێکی لەو شێوەیەی ڕەتکردەوەو بە ڕۆژنامەی راگەیاند: حکومەتی هەرێم لەڕووی یاساییو دەستورییەوە ناتوانێت ڕێگا بدات بەهیچ فڕۆکەیەکی جەنگی کە بە ئاسمانەکەیدا بسوڕێتەوە یان هێرش بکاتە سەر وڵاتێکی دیکە، چونکە بەشێکە لە ئاسمانی دەوڵەتی فیدراڵی عێراقو بەپێی دەستوور پاراستنی ئەو ئاسمانە لەئەستۆی حکومەتی عێراقدایە.

هەرچەندە ڕاپۆرتەکە ڕاپۆرتێکی شیکارییەو پشتی بەهیچ بەڵگەیەکی یاساییو نهێنی نەبەستووە، بەڵام ترسی لای دانیشتوانی هەرێم دروستکرد لەوەی کە ببنە بەشێک لە شەڕی نێوان ئیسرائیلو ئێران.

بۆ ئەو مەبەستەش لیوا جەبار ئاماژەی بەوەکرد، کە ڕاپۆرتەکە تەنیا باس لە ئەگەرو پێشبینی دەکاتو باسی لە هیچ ڕێککەوتنێک نەکردووە، وتیشی: «بەهۆی ئەوەی کوردستان دەوڵەت نییەو هەرێمێکی سەر بە عێراقە، بەپێی دەستوور مافی ئیمزاکردنی هیچ ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ وڵاتانی دنیادا نییە بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی دیکە»، هاوکات بەو پێیەی هەرێمی کوردستان هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەگەڵ ئیسرائیلدا نییە تا ڕێگای پێبدات بۆ لێدان لە ئێران، تەنانەت عێراقیش ئەو پەیوەندییەی نییە، هەر کاتێک عێراق ئەو پەیوەندییەی هەبوو، ئەوکاتە حکومەتی هەرێم بڕیاردەدات کە پەیوەندی هەبێت یان نا، بەپێی هەموو ئەم خاڵانە حکومەتی هەرێم ناتوانێت هیچ ڕێککەوتنێک بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ ئیسرائیلدا بکاتو نەشیکردووە».

لەلایەکی دیکەوە، بەپێی ڕێککەوتنی (عێراق-ئەمریکا)، پاراستنی هەموو ئاسمانی دەوڵەتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لەئەستۆی هێزی ئاسمانی ئەمریکادایە بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی عێراقو هەرێم، هیچیان ئیمکانیاتیان بۆ پاراستنی ئاسمانی خۆیان نییە.

# هێزێکی تایبەتی مالیکی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە دەشێوێنێت

بەهادین یوسف

ئەنجومەنی پارێزگای دیالە بەردەوامە لەهەڵپەساردنی کۆبوونەوەکانی دژی دەستگیرکردنی سەرۆکی لیستی تەوافوق لەئەنجومەنەکە، بەوتەی ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیش هەمان هێز ئەو کەسەیان دەستگیرکردووە کە ساڵی رابردووش هەڵیانکوتایە سەر ئەنجومەنو سەرۆکی لیژنەی ئەمنییان دەستگیرکرد.

ڕۆژی دووشەممەی رابردوو هێزێکی تایبەتی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لەکاتی کۆبوونەوەدا هەڵیانکوتایە سەر ئەنجومەنی پارێزگای دیالەو عەبدولجەبار خەزرەجی ناسراو بەعەبدولجەبار ئەبولموجاهید سەرۆکی لیستی تەوافوقیان دەستگیرکردو هەمان هێز شێخ ریاز تامی سەرۆکی عەشیرەتی موجەمەعو سەرۆکی سەحوەی بەهرروزیان دەستگیرکرد، لەبەرامبەردا لەوڕۆژەوە ئەنجومەن کۆبوونەوەکانی هەڵپەساردووەو دوێنێش سەرۆکی زیاتر لە(٤٠) هۆزی سنووری بەعقوبە خۆپیشاندانێکیان ڕێکخستو داوایانکرد لەماوەی (٤٨) سەعاتدا نوری مالیکی وەڵامیان بداتەوەو دەستگیرکراوەکان ئازاد بکات.



گوڵباخ فەیزوڵڵا، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی لەئەنجومەنی پارێزگای دیالە، تایبەت بەڕۆژنامەی راگەیاند: «بەتۆمەتی تیرۆر سەرۆکی لیستی تەوافوقیان دەستگیرکردووە، لەکاتێکدا کەسێکی بێ کێشەیەو شیاوی ئەوەبوو بکرێتە پارێزگاری دیالە».

ئاشکراشیکرد: ئەو هێزەی عەبدولجەباریان دەستگیرکردووە هێزێکی تایبەتی نوری مالیکی بەناوی (قوات القدرة) هەمان هێزبوون کە ساڵی رابردوو لە ٢٠٠٨/٨/١٩ لە نیوەشەودا هەڵیانکوتایە سەر ئەنجومەنی پارێزگاو ئۆتۆمبێلەکانی سەرۆکی ئەنجومەنیان بردوو د. حسێن ئەلزوبەیدی سەرۆکی لیژنەی ئەمنیی پارێزگاکەیان دەستگیرکردو تائێستا بێ سەرو شوێنە.

ڕۆژی سێشەممەش ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بەردەوابوونی خۆی لەسەر هەڵپەساردنی کۆبوونەوەکانیان راگەیاندو داوایانکرد بەزووترین کات ئەو ئەندامەیان ئازاد بکرێت، کە لەلایەن دادگای کەرخی یەکەوە فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچوو، هەردوێنێش زیاتر لە (٤٠) سەرۆک هۆز لەخۆپیشاندانێکدا دژایەتی خۆیان بۆ هەڵمەتی مژدەکانی چاکەی دووەم راگەیاندو داوایان لە نوری مالیکی سەرۆک وەیزران کرد لەماوەی (٤٨) سەعاتدا سەرۆکی سەحوەی بەهرروزو ئەندامەکەی ئەنجومەنی دیالە ئازاد بکرێت.

بەوتەی ئەندامە کوردەکەی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە چاوەڕوانی وەڵامی نوری مالکین، وتیشی: «ئەو هێزە تایبەتەی نوری مالیکی وەکو پاسەوانو هێزە تایبەتەکانی سەدام حسێن ڕەفتاریان کردووەو پێشێلی یاسا دەکەن».

لەهەفتەی رابردووەوە بەرامبەر پشتگوێخستنیانو پێنەدانی پۆست (١٢) ئەندامی هەر چوار کوتلەی (بەرەی دیالۆگو دەوڵەتی قانوونو ڕەوتی چاکسازیو کوتلەی عێراقیە)ش بایکۆتی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای دیالەیان کردو لەڕۆژی دووشەممەشەوە (١٧) ئەندامەکەی دیکە کۆبوونەوەکانی راگرت، بەرامبەر دەستگیرکردنی سەرۆکی لیستی تەوافوق.

## د.دلێر ئەحمەد، پسپۆڕ لەبواری مێژووی سیاسیی:

# هەڵبژاردنی داهاتوو تاقیکردنەوەیەکە بۆ دیموکراسی لە کوردستان

سازدانی: سۆران پاڵانی

**د.دلـێـر ئەحمەد، مامۆستای زانکۆی سلێمانیو پسپۆڕ لەبواری مێژووی سیاسیدا، پێیوایە بەهۆی نەبوونی دەسـتـوور لە هەرێمی کوردستاندا، جۆری سیستمی سیاسی لە کوردستاندا دیارنییە، تیشک دەخاتە سەر مەسەلەی دیموکراسیو هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانو دەڵـێـت: «هەڵبژاردنی داهاتوو، پەرلەمانی داهاتوو جیاوازتر دەبێت لەوانەی کە پێشتر هەبوون».**

**ڕۆژنـامـە: ئێستا لە کوردستاندا بـەرەو هەڵبژاردن دەڕۆیـن، تۆ ئەم هەڵبژاردنە چۆن دەبینیت، ئایا پێتوایە ئەم هەڵبژاردنە دەبێتە هۆی گۆڕانێکی چاوەڕواننەکراو لە نەخشەی سیاسییو سیستمی دەسەڵاتدارێتی لە هەرێمی کوردستاندا؟**

* ناتوانم پێشبینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی داهـاتـوو بکەم، بەڵام هەموو ئاماژەکان وا نیشاندەدەن کە هەڵبژاردنی داهاتوو و پەرلەمانی داهاتوو جیاوازتر دەبێت لەوانەی کە پێشتر هەبوون.

**ڕۆژنـامـە: وەکـو باسدەکرێت ئەم هـەڵـبـژاردنـە گـەرمـوگـوڕ دەبـێـت، بەتایبەت کە لیستی جیاوازو دەنگی جیاواز هاتووەتەکایەوە، تا چەند ئەم هەڵبژاردنە تاقیکردنەوەیەکی سەختی دیموکراسییە لە مێژووی حوکمڕانیی هەرێمدا؟**

* هـەڵـبـژاردنـی داهـاتـوو تاقیکردنەوەیەکە بۆ دیموکراسی لە کوردستاندا بۆ پـارتو گروپە سیاسییەکان، بۆ ناسینی ڕای نەوەی نـوێو خەڵکی ئێستا، هـیـوادارم لەئاستێکی شارستانیدا بین لەم هەڵبژاردنەدا، بەتایبەت بەرامبەر دۆستانو دوژمنانی کوردستان.

**ڕۆژنامە: یەکێتیو پارتی دوو حیزبی سەرەکیی دەسەڵاتداری هەرێمن، تا چەند ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا دەنگیان نەهێنا ئاکامی هـەڵـبـژاردن قبوڵ دەکەن، بەتایبەت کە هەر لەئێستاوە پڕوپاگەندەیان دژی قەوارەکانی دیکە دەستپێکردووە، ئەمە زەرەر لە تەندروستبوونی هەڵبژاردنو ئەزموونی دیموکراسی ناگەیەنێت؟**

* هەموو لایەنێکی سیاسیی بە لایەنی دەسەڵاتداریشەوە ئەگەر دڵسۆزی نیشتمانو نەتەوەبێت، پێویستە ملکەچی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بێت، بەتایبەت ئەگەر هەڵبژاردنەکە پاک بێتو بڕیاری گەل بێت، چونکە دیموکراسی خۆی بە مانای حوکمی گەل دێت، هەر لایەنێکیش دژی بوەستێ، خزمەت بە پرۆسەی ئازادیو دیموکراسی ناکات.

**ڕۆژنامە: هەڵبژاردنی کوردستان بە لیستی داخراو دەبێت، بەڵام ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بەلیستی کراوە بوو، تا چەند پێتوایە کە دیموکراسی لە بەغداو خوارووی عێراق بەهێزترە لە کوردستان؟ بەتایبەت کە پەرلەمانی عێراق دەبینرێت زۆر چالاکترە لە پەرلەمانی کوردستان؟**

* لیستی داخـراو بـوو بەبڕیار، بـاش یـان خـراپ، ناتوانین هیچی لەگەڵدا بکەین، لەپێش بڕیارەکەش لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا قسەی زۆری لەسەر کرا، پێموانییە پەرلەمانی عێراق لە پەرلەمانی کوردستان باشتربێت، چونکە پەرلەمانتارەکانی بەغدا زیاتر لە خەمی ئیمتیازاتی خۆیاندان، بەڵام ئێستا خەریکە هەوڵدەدات بە وەزیفەکانی خۆی هەستێت.

**هەموو ئاماژەکان وا نیشاندەدەن کە هەڵبژاردنی داهاتوو و پەرلەمانی داهاتوو جیاوازتر دەبێت لەوانەی کە پێشتر هەبوون**

**ڕۆژنامە: سیستمی دەسەڵاتدارێتی عێراق پەرلەمانییە، بەڵام سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان ڕایگەیاند کە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەشێوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدەدرێت، ئایا ئەمە دوو شتی دژبەیەک نییە لەنێوان بەغداو هەرێمی کوردستاندا؟**

* لە سیستمی فیدراڵیدا نابێت دەستووری هەرێم لەگەڵ دەستووری ناوەندیدا ناکۆک بێت، چونکە تائێستا بڕیاری کۆتاییمان لەسەر دەستووری هەرێم نەداوە، بۆیە سەیرنییە ئەگەر هـەر شتێکی لـەو بابەتە ببیستیت، ئەمە ئەزموونێکی تازەیە، سەرۆک ئـەگـەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەنگی پێبدرێت، ئەوکاتە دەڵێت من لە حکومەتو پەرلەمان گەورەترم، چونکە گەل دەنگیان پێداوم، ئەمەش خەسڵەتی سیستمی سەرۆکایەتییە نەک پەرلەمانیی، لەکاتێکدا سەرۆکی عێراق لەناو پەرلەماندا دەنگی پێدەدرێت، ئێستاش نوری مالیکی بۆ بەهێزکردنی پێگەی سەرۆکی دەوڵـەت، باس لە هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکی وڵات دەکات.

**ڕۆژنامە: پێناسەی تۆ بۆ سیستمی دەسەڵاتدارێتی لە هەرێمی کوردستاندا چییە، ئایا سیستمێکی دیموکراسییەو بنەماکانی دیموکراتیەتی تێدایە یان نا؟**

* پێناسەکردنی سیستمی سیاسیی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە ڕوونکردنەوەیەکی کورت هەیە، چونکە لەناو زاناکانی بوارەکانی یاساو زانستی سیاسیدا ڕایەکی یەکگرتوو نییە، بۆیە بەڕای من سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان ئەگەر بێتو پێناسەی بکەین، هـەر ئـەوەنـدە بـەس نییە لە ڕوانگەی مادەو بڕگەکانی دەستوورو یاساکانەوە تەماشایستراکتۆری سیستمە سیاسییەکە بکەین، لەکاتێکدا دەزانین کە ستراکتۆرەکە بریتییە لە هەرسێ دەسەڵاتەکە: پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیرانو دادگای باڵا یان قەزایی.

هـەمـوو سیستمێکی سیاسیی لـە جیهاندا بـە کوردستانیشەوە، ڕەنگدانەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی پـێـوە دەبـیـنـرێـت، واتـە سیستمی سیاسی کاردەکاتە سـەر سیستمی کۆمەڵایەتیو لە هەمانکاتدا کاریگەریی دامـەزراوەکـانـی نـاو سیستمی کۆمەڵایەتی بەسەرەوەیە، کۆمەڵی کوردی بە قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت کە دیاردەی تەقلیدیو سوننەتی، دیاردەی مـۆدێـرنو کۆمەڵگای مـەدەنـی، لە هەمانکاتدا دیـاردەی دیکەشی پێوە دیـارە، کە جۆرە کلتوورێکیان لەناو ئـەو میللەتەدا دروسـتـکـردووە، کە کلتوورێکی تێکەڵاوە لە بەهای کۆنو بەهای تازە،

تائێستا لە دنیادا هەزاران کتێبو تێزی دکتۆرا لەسەر دیموکراسی نووسراون، چەندین پرسیار لەلایەن زانایانەوە دەربـارەی دیموکراسی دروستبووە، لەوانە ئایا دیموکراسی لە جیهانی ئیسلامیداو لەگەڵ بیروباوەڕی ئیسلامیدا دەگونجێت؟

ئایا دیموکراسی چینی مامناوەند دروستیدەکات؟ ئایا دیموکراسی ناو ئەو کۆمەڵگایانە پەیڕەودەکرێت کە کۆمەڵی پێش دیموکراسین، ئایا دیموکراسی دەبێت خەسڵەتەکانی لەناو کلتووری میللەتەکەدا هەبێت، یان ئاساییە لـەدەرەوە بیهێنیتو بە زۆر بیسەپێنیت؟ ئایا دیموکراسی تەنیا بریتییە لە ئازادیی سیاسیو ڕاگەیاندن؟ یان دیموکراسی پێویستە هەموو بوارەکان بگرێتەوە بەتایبەت ئابووریو سیاسیی؟ لەژێر تیشکی ئەم چەند پرسیارەدا ئەگەر بێتو باس لە دیموکراسیبوونی یان نەبوونی دەسەڵاتی کـوردی بکەین، دەتوانین بڵێین کە سیستمی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای هەڵبژاردن دروستبووە، هەموو ئەو دامەزراوانەی کە لە وڵاتێکی دیموکراسیدا هەن، لێرەش بەدیدەکرێن، بـەڵام ئـەدای وەزیفەیان جیاوازە، دەسەڵاتی کوردی لەلایەن تاکە حیزبێکەوە بەڕێوەناچێت، بەڵکو حکومەتێکی تێکەڵاوە لە چەندین حیزبو لایەنی سیاسیی کە ئەمە خۆی هەبوونی بەڵگەی دیموکراسییە، بەڵام دامەزراوەکانی حکومەت هێشتا بناغەیەکی بەهێزی یاسایان نییە، کەی بینیتان کێشە لەنێوان حکومەتو پەرلەماندا دروستبوو، کێشە لەنێوان سـەرۆکو پەرلەماندا دروستبوو، کێشە لەنێوان سـەرۆکو حکومەتدا دروستبوو، کەی بینیتان دادگای قەزایی ڕۆڵی هەبوو لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا، ئەوسا دڵنیادەبین لە هەبوونی سەروەریی یاساو بەهێزبوونی دەوڵەتی یاسا لە هەرێمەکەمان، لەهەمانکاتدا دڵنیادەبین لە هەبوونی دیموکراسی لە وڵاتەکەماندا.



**ڕۆژنـامـە: لە سیستمی سیاسیی وڵاتاندا جۆرێک لە سیستم هەیە یان دیموکراسییە، یان دیکتاتۆرییە، یان سۆسیالیستی، بەڵام چاودێرانی سیاسیی دەڵێن ئەم سیستمەی هەرێمی کوردستان ناچێتە بواری هیچ سیستمێکی دنیاوە، ڕات لەسەر ئەمە چییە؟**

* تاوەکو بەڕەسمیی دەستووری هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر نەدرێت، ناتوانین بڵێین کام سیستمی سیاسیمان هەیە.

**ڕۆژنامە: ئایا ئەو مەرجانەی کە لە سیستمێکی دەسەڵاتداری دیموکراسیدا هەن، لە سیستمی هەرێمی کوردستاندا دەبینرێن؟**

*بەڵێ زۆر لەو مەرجانە بەدیدەکرێن، بۆ نموونە هەبوونی میدیای ئـازاد، بوونی حکومەتی تێکەڵاو لە پارتی سیاسیی جیاجیا، بوونی تاڕادەیەک بـازاڕی ئـازاد، بوونی ڕێکخراوی جیاجیای کۆمەڵی مەدەنیو... هتد.

**سەرۆک ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەنگی پێبدرێت، ئەوکاتە دەڵێت من لە حکومەتو پەرلەمان گەورەترم، چونکە گەل دەنگیان پێداوم، ئەمەش خەسڵەتی سیستمی سەرۆکایەتییە نەک پەرلەمانیی، لەکاتێکدا سەرۆکی عێراق لەناو پەرلەماندا دەنگی پێدەدرێت**

## کۆمەڵ نیگەرانەو یەکگرتوو بڕیارینەداوە

# لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا هاوپەیمانیی کورد چۆن دەبێت؟

هەستیار قادر

هاوپەیمانی لایەنە کوردییەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق ئاشکرانییە، یەکگرتوو بڕیارینەداوەو لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵی ئیسلامیش لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بەغدا نیگەرانە.

### شەش ساڵو سێ پەرلەمان

پەرلەمانی عێراق ٣٠ کانوونی دووەمی وەک وادەی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنەوەی پەرلەمان دیاریکرد، لەوبارەیەشەوە خالید عەتیە، جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، ئاشکرایکرد، کە لەدوای ئاراستەکردنی ئەو پرسە بۆ دادگای فیدراڵی عێراقی، دادگای ناوبراو بڕیاریداوە کە لە ٢٠١٠/١/٣٠دا ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێتو یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی نوێش لە ٢٠١٠/٣/١٦دا ئەنجام بدرێت.

دیاریکردنی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، دەرگاکانی والاکرد بۆ ئەنجامدانی هاوپەیمانی نوێ یان یەکخستنەوەی لیستە پەرتەوازەبووەکانی نێو پەرلەمانی ئێستا، لەوانە لیستی ئیئتیلافو بەرەی تەوافوق.

ئەمە سێیەم هەڵبژاردنی پەرلەمانییە کە لەدوای رووخاندنی حکومەتی سەدامەوە لە عێراق ئەنجامبدرێت، یەکەم هەڵبژاردنی لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٥دا لە سەرانسەری عێراقدا ئەنجامدرا بۆ دیاریکردنی ئەندامانی یەکەم پەرلەمانی هەڵبژێردراو، کە ئەوکات بە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ناودەبراو بە بەشدارینەکردنی سوننەکان، کوردو شیعە زۆرینەی کورسییەکانی ئەو پەرلەمانەیان بەدەستهێناو تێیدا دەستووریان نووسییەوە. دواتر لە کۆتایی هەمان ساڵو لە بەر رۆشنایی دەستووری پەسەندکراوی نوێدا، دووەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئەنجامدراو ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، تێیدا لیستی ئیئتیلاف یەکەمو لیستی هاوپەیمانی کوردستان دووەمو بەرەی تەوافوقی سوننیش سێیەم بوون.

### هاوپەیمانی کوردستان چی لێدێت

لیستی هاوپەیمانی کوردستان کە بە نوێنەری سەرەکیو رەسمیی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا لەقەڵەمدەدرێت، جگە لە یەکێتیو پارتی بە درێژایی دوو خولەکەی پێشووی پەرلەمان، چەند حیزبو لایەنێکی دیکەی تێدابوو، فۆرمی ئێستای ئەو لیستەش پێکهاتووە لە یەکێتیو پارتیو کۆمەڵی ئیسلامیو حیزبی زەحمەتکێشانو حیزبی سۆسیالیستو چەند کەسایەتییەکی مەسیحیو تورکمانیو فەیلیو سەربەخۆ، ئەگەرەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن کە شێوازی ئەو هاوپەیمانێتییە گۆڕانکاری بەسەردا بێتو هەندێک لەو حیزبانەی کە ئێستا لەناو لیستی هاوپەیمانی کوردستاندان، لیستی جیا پێکبهێننو هەندێک لایەنی نوێی عێراقیش بێتە ناو لیستەکەوە.

لەوبارەیەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە لیستی هاوپەیمانی کوردستانەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: تائێستا رێککەوتنی رەسمی لەسەر ئاستی لیستی هاوپەیمانی لەگەڵ هیچ لیستێکی دیکەدا باسنەکراوە، ئەوەی کە هەیە لەسەروو لیستەکەوەیەو لەسەر ئاستی مەکتەب سیاسیی یەکێتیو پارتییەوە گفتوگۆی لەسەر کراوە، لەوانە بەشداریکردنی لیستی عێراقییە بە سەرۆکایەتیی ئەیاد عەلاوی.

لەوبارەیەوە سیروان زەهاوی، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان، ئەوەی بە دوور نەزانی کە هاوپەیمانییەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق بگۆڕدێت بەشێوەیەک کورد لەگەڵ شیعە یان سوننە یان بە پێچەوانەوە هاوپەیمانی بکەن، بۆ کاڵکردنەوەی لایەنی تایفیو هەنگاونان بەرەو نیشتمانیبوون لە عێراقدا، وتی: «ئەگەر ئەو هەنگاوەش ئەنجام بدرێت، مەرکەزیەتی لیستەکان دەمێنێتەوە کە کورد یان شیعە یان سوننەیە».

سیروان زەهازی ئاماژەی بەوەشدا کە تاکە مەرجی لیستی هاوپەیمانی بۆ ئەنجامدانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستەکانی دیکەدا، رێزگرتنە لە دەستووری هەمیشەیی عێراقو مادەکانی.

### کۆمەڵی ئیسلامیی نیگەرانە

کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان کە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٠٥ی عێراقدا بەجیا لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان دابەزی، لە هەڵبژاردنی دواتریشدا چوونە ناو لیستی هاوپەیمانییەوە یەک کورسیان پێدرا، بەرپرسێکی ئەو حیزبە گلەیی لە هەڵسوکەوتی لیستی هاوپەیمانی دەکاتو پێیوایە لیستی هاوپەیمانی بە هێندەی قەبارەکەی مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە.

عەبدولستار مەجید، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند، سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامیی لەماوەی چوار ساڵی رابردووی تەمەنی پەرلەمانی عێراقدا، نیگەرانە لە هەڵسوکەوتەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمان، جگە لەوەی لەبری دوو کورسی کە پێشتر بەڵێنیان پێدابوون، یەک کورسییان لە پەرلەمان داوەتیو لە دەستەکەوتەکانی لیستی هاوپەیمانی بێبەشکراوە کە دەستیانکەوتووەو بە هێندەی قەبارەی کۆمەڵی ئیسلامیی مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە.

سەبارەت بە شێوازی بەشداریکردنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا، کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵ وتی: «هێشتا کات زووە بۆ قسەکردن لەسەر شێوازی بەشداریکردنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەماندا، چەند ئەگەرێکیش لەبەردەستدایە لەوانە بەشداریکردن لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی یان بە لیستی جیا یان هاوپەیمانێتی بەستن لەگەڵ لایەنی دیکەدا، بەشداریکردنی کۆمەڵ لە لیستی هاوپەیمانیدا بەستراوە بە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوەندو هەرێمەوە».

### یەکگرتوو بڕیارینەداوە

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کە شێوازی مامەڵەکردنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستاندا پێچەوانەی کۆمەڵی ئیسلامیی بووە، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٤دا لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیدا دابەزی، بەڵام لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەماندا بەجیا بەشداریی هەڵبژاردنی کردو (٥) کورسی بەدەستهێنا.

د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق، بڕیاردان لەسەر شێوازی بەشداریکردنی یەکگرتوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا، بەستەوە بە کۆتاییهاتنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، وتیشی: «ئەو بڕیارە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەکردایەتیی یەکگرتوودایە بە وەرگرتنی راوبۆچوونی ئێمە وەک لیستی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق».

د.محەمەد ئەحمەد دابەزینی لایەنە سیاسییەکان بە لیستی جیا بەباشتر دەزانێت، بەو مەرجەی ئەو لایەنانە ئیدارەی هاوکارییو هەماهەنگیان لەنێواندا بێت، وتیشی: «من وەک خۆم پێم باشە بە لیستی جیا دابەزین، ئەو هەنگاوە سەربەخۆیی لیستەکان دەپارێزێت».



ژمارەیەک لە ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان

# سەرۆکی پەرلەمان جەنگی راستەقینە هەڵدەگیرسێنێت

محەمەد ساڵح حەمەلاو

ئەو پەرلەمانتارانەی بەڵگەو دۆکیومێنت لەسەر وەزیرە گەندەڵەکانی حکومەت کۆدەکەنەوە، رووبەڕووی هەڕەشەلێکردن دەبنەوە، ئەندامێکی لیژنەی نەزاهەش ئاماژە بەوەدەکات هەڕەشەکردنەکان لەسەر ئاستی هەندێک دەزگاو بەرپرسی گەورەی حکومییە.

هەموو ئەو دۆسیانەی کە لە سەردەمی مەحمود مەشهەدانی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق راگیرابوون، وەک تێوەگلانی ژمارەیەک لە وەزیرەکان بە تۆمەتی گەندەڵیی، ئێستا لەلایەن ئەیاد سامەڕایی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، زیندووکراونەتەوەو کاریان لەسەر دەکرێت.

دوای دەستپێکردنی لێپێچینەوە لەگەڵ وەزیرەکان، ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران کە بەڵگەو دۆکیومێنتیان لەسەر ئەو وەزیرانە کۆکردووەتەوە، رووبەڕووی هەڕەشەلێکردن دەبنەوە.

سامی ئەتروشی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند، ئەو هەڕەشەلێکردنانە شتێکی تازەنییە، بەڵکو لەوکاتەوە دەستپێیکردووە کە ژمارەیەک پەرلەمانتاری چالاک کاردەکەن بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە لەسەر ئەو بەرپرسە حکومیانەی کە بە تۆمەتی گەندەڵی تێوەگلاون، وتیشی: «هەڕەشەلێکردنەکە بەشێوەیەکی راستەوخۆ نییە، سەرەتا کۆمەڵێک نامەو ئیمەیڵ بۆ ئەو ئەندام پەرلەمانانە نێردراوەو دواتر لە رێگای کۆمەڵە کەسێکەوە کە بە (مخبر سری) هەواڵدەری نهێنی ناسراون، پەیوەندی بە ئەندام پەرلەمانەکانەوە دەکەن کە گوایە کەسەکە لە بەرژەوەندیی ئەو ئەندام پەرلەمانە ئاگاداری دەکاتەوە»، ئاماژەی بەوەشکرد، زۆرجار هەڕەشەکان بەشێوەیەکن کە ئەگەر ئەو ئەندام پەرلەمانە دەست لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان هەڵنەگرێت، ئەوا جگە لەوەی هەوڵدەدرێت لە رێگای دەزگا حکومییەکانەوە دۆسیەی جۆراوجۆری بۆ دروستبکەن، بۆئەوەی حەسانەی لەسەر هەڵبگیرێت، یاخود تۆمەتی وەک بوونی پەیوەندی بەتیرۆریستانەوە بۆ دروستدەکەن.

سامی کە هاوکات ئەندامی لیستی یەکگرتووی ئیسلامییە لەپەرلەمان نیگەران بوو لەوەی پەرلەمان لەڕووی سیاسییەوە ئەو هەڵەیەی کردووە، کە یاسایەکی بۆ هەواڵدەری نهێنی دەرکردووە کە ئێستا کاریگەریی نێگەتیڤی دروستکردووە، وتیشی: «هەرچەندە ماوەیەک لەمەوبەر لەلایەن لیژنەی یاساییەوە هەوڵێک هەبوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاساکە، بەڵام هەوڵەکە سەرکەوتوونەبوو، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەڕەشانە، ئێستا ژمارەیەک لە پەرلەمانتاران بەیاننامەیەکیان ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کردووە بۆئەوەی پەرلەمان لە مەسەلەی هەڕەشەکردنەکە ئاگاداربکەنەوە، جارێکی دیکەش داواکراوە یاسای هەواڵدەری نهێنی نەمێنێتو مەسەلەی هەڵگرتنی حەسانەش لەسەر پەلەمانتاران کارێکی ئاسان نەبێت».

هەڕەشەکردن لە پەرلەمانتاران لەکاتێکدایە کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بانگەشەی بنبڕکردنی گەندەڵیو لێپێچینەوە لە بەرپرسانی حکومیی دەکات، ئەوە لەکاتێکدایە هەر خودی مالیکی داوایکردووە بێ ئاگادارکردنەوەی ئەو، پەرلەمان بۆی نییە لێپێچینەوە لە هیچ وەزیرو بەرپرسێکی حکومیی بکات.

ئازاد چالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی عێراق، پێیوایە ئەگەر مالیکی دەیەوێت دژایەتی گەندەڵی بکات، نەدەبوو داوای ئەوە بکات کە نابێت وەزیرو بەرپرسە حکومییەکان بێ ئاگاداری ئەو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، وتیشی: «ئێستا مالیکی دڵنیایە کە پەرلەمان دەیەوێت بەڕاستی رۆڵی خۆی ببینێت، هەربۆیە مالیکی لە بەرنامەیدایە خۆی ژمارەیەک وەزیر بگۆڕێتو ئەو گۆڕینەش وەک دەستکەوتێک بۆ حیزبەکەی خۆی بگێڕێتەوە».

ئەو ئەندامەی لیژنەی نەزاهە ئەوەشی روونکردەوە، کە ژمارەیەک لەو ئەندام پەرلەمانانەی کە رووبەڕووی هەڕەشەلێکردن بوونەتەوە، ئەندامی لیژنەی نەزاهەن، بەڵام ژمارەیەکی دیکەیان ئەندام پەرلەماننو بەوە تۆمەتبارکراون کە گوایە لێدوانیان دەربارەی کەموکوڕییو تێوەگلانی ئەو وەزیرو بەرپرسە حکومیانە داوە، ئێستا هەندێکیان سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوەو داواکراوە کە ئەو ئەندام پەرلەمانانە حەسانەیان لەسەر هەڵبگیرێت.

چالاک ئەوەشی نەشاردەوە، کە «هەڕەشەلێکردنەکان لەسەر ئاستی هەندێک دەزگاو بەرپرسی گەورەی حکومیدان»، وتیشی: «لەئێستادا پەرلەمان کار بۆ ئەوە دەکات متمانە لە وەزیری بازرگانی بسەنرێتەوە، بۆئەوەی ببێتە پاڵپشتێک بۆ هەموو ئەو لێپێچینەوانەی دیکە کە بڕیارە پەرلەمان لەگەڵ ژمارەیەک وەزیری دیکەدا ئەنجامی بدات، چونکە ئەگەر ئەم هەوڵەی پەرلەمان سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا کەس متمانەی بە پەرلەمان نامێنێتو ئەو وەزیرانەی دیکەش کە بڕیارە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، سەرکەوتوونابن».

# پێویسته گۆڕان چاودێری سیاسیی لەسەر یاسا (الرقابة السياسية) بگرێتەوە



دانا ڕەحمان فەرەج *

هەندێجار کە دەوترێت چاودێری سیاسیی ( الرقابة السياسية ) مەبەست لێی دەسەڵاتی بەدواداچوونی ڕاستیەکانە لەسەر کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا بەجۆرێکی ڕاستو دروست بنەما گشتیەکانی یاسای جێبەجێکردووە یان نا؟، هەروەها ئەگەر بەشێوازێکی دروست ئەنجام نەدرابوو بەرپرسیار لەونادروستیە بخرێتە بەر بەرپرسیاریتیەوە، ئیتر ئەو بەرپرسیارە ئەنجومەنی وەزیــران بێت، یــان یەکێک لەوەزیرەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی بەرژەوەندییە گشتیو نەتەوەییەکان.

هەندێجاریش کە دەوترێت چاودێری سیاسیی ( الرقابة السياسية ) مەبەست لێی خۆپاراستنە ( وقایە ) کە پێش دەرچوونی یاسا دەکەوێتو دەبێتە بڕیاردەری کۆتایی لەسەر دەرنەچوونی یاسا، ئەگەر هاتوو دەرکەوت ئەو یاسایە پێچەوانەی دەستوورە.

لـێـرەدا مەبەستی منیش ئەمجۆرەی دووەمە، واتە چاودێری لەسەر یاساکان پاش هەموارکردنی لەلایەن پەرلەمانو پێش خستنە بواری جێبەجێکردنەوە.

هەرچەندە چاودێری سیاسیی لەپێناو دەستووری بوونی یاساکان لەڕووکەشدا سادەوسوکو ئاسانە، بەڵام لەواقیعدا کارێکی ئاڵۆزو پڕلە کێشمەکێشو گرێیە، بەتایبەت ســەبــارەت بـەو لایەنەی کە ئـەو ئەرکەی دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەو لایەنەی کە کاری چاودێریکردنی یاساکانی پــێ دەسپێردرێت هەندێکجار لەڕێگەی دامەزراندن (تعيين) دادەنرێتو هەندێجاریش لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە، ئەگەر هاتوو لەڕێگەی دامـەزرانـدنـەوە (تعيين) لەلایەن پەرلەمانەوە دیاریکرا، ئەوا لەم کاتەدا دووچاری شوێنکەوتەیی پەرلەمان دەبێتو بەمەش ناتوانێت ئامانجەکەی خۆی بپێکێت، کە چاودێریکردنی ئەویاسایانەیە کە پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدات.

ئەگەر هاتوو لەڕێگەی گەلەوە هەڵبژێردرا، دیسان تووشی کێشەیەکی دیکە دەبێتەوە، ئەویش کە هەمان لایەنو ئاراستە سیاسییەکان کە زاڵن بەسەر پەرلەماندا زاڵدەبن بەسەر ئەمیشدا، هەرچەندە چەند لایەنێکی سیاسی جیاواز پێکیدەهێنن، بەڵام لێرەیشدا هیچ سوودێک بەدینایەت لەبوونی ئەو لایەنە چاودێرییە، چونکە ئەم لایەنی چاودێرییە هەوڵدەدات لەسەر حسابی دەسەڵاتەکانی دیکە دەسەڵاتی خۆی فراوان بکاتو ئەمەش پێچەوانەی بنەمای هاوسەنگیو یەکسانی دەسەڵاتەکانە.

چاودێریکردنی یاساکان پێش کاتی دەرچوونیان سێ شێوازی هەیە:

**یەکەم:** تاکە کەسێک هەڵدەستێ بەوکارەو یەکەمجار ئەمشێوازە لەدەستووری بەرازیل لەساڵی 1937 چەسپێنراو دەقێکی لەخۆ گرتبوو کە تێیدا هاتبوو ( مافی سەرۆک کۆمارە کە ڕێگە بگرێت لەپرۆژەیاساکان بەهۆی نادەستووریانەوە؛ هەروەها ئەم شێوازە لەهەرێمی کوردستانی خۆماندا ئێستا کاری پێدەکرێتو خودی سەرۆکی هەرێم ئەو ئەرکی چاودێرییەی پێ سپێردراوە.

**دووەم:** خودی پەرلەمان خۆی هەڵدەستێت بەو کـــردارە، ئەمەش هەندێک لەدەوڵەتە ئیشتراکییەکان پیادەی دەکەن.

**سێیەم:** ئەم چاودێریکردنە دەخرێتە ئەستۆی دەستەیەکی پسپۆڕ، هەندێک لەدەستوورەکانی فەرەنسایش ئەم شێوازەیان پەسەند کردووە؛ ئەوەیشمان لەبیر نەچێت چاودێری سیاسیی لەسەر یاسا هەر لەفەرەنساوە سەریهەڵداو داهێنەرەکەیشی (ناپلیۆن) بوو، کە ئەنجومەنێکی پیرانی دروستکرد بەناوی (ئەنجومەنی پیرانی پارێزگار)، کاری ئەو ئەنجومەنە بریتیبوو لەپارێزگاریکردنی دەستوورو هەڵوەشاندنەوەو ڕەتـکـردنـەوەی هـەر یاسایەک کە لەگەڵ دەستووردا نەگونجێت، هەر یاسایەک هەموار دەکرا لەلایەن پەرلەمانەوە لەماوەی (10) ڕۆژدا لەڕۆژی هەموارکردنەکەوە هەواڵەی ئەم ئەنجومەنە دەکرا پێش دەرکردنی، هەروەها ئەم ئەنجومەنە بۆی هەبوو ڕاڤەی ئەحکامە تەمومژاوییەکانی ناو دەستوور بکات.

بـەڵام ئـەم ئەنجومەنە لەبری ئـەوەی کە دەستوور بپارێزێت، کـاری دەکـرد بۆ ڕاستکردنەوەی ئەحکامەکانی دەستوور بەو بارەدا کە ئیمپراتۆر پێیخۆشەو نەیدەتوانی یەک یاسای پێچەوانەی دەستوور ڕەتبکاتەوە، بەمەرجێک یاسا نادەستوورییەکان لەوکاتەدا زۆر بێشومار بوون، چونکە هەر لەسەرەتادا ناپلیۆن بەپێچەوانەی دەستوورەوە خۆیانی دیاریکردبوو، هەستابوو بەدیاریکردنیان بـەئـارەزووی خـۆیو ئیغرای کردبوون بـەجـۆرەهـا پـۆسـتو بەخششو دواتـر بەئارەزووی خۆی بەکاری دەهێنان .

لەڕاستیدا چاودێریکردنی یاساکان لەڕووی دەستووری بوونو نادەستووری بوونەوە هەندێک لایەنی تارادەیەک باشی تیادا بەدیدەکرێت، وەک ئەوەی کە ئەم چاودێرییە چاودێرییەکی خۆپارێزیی پێشوەختەو دەستوور دەپارێزێت لەهەر سەرپێچییەک پێش جێبەجێکردنو ڕوودانی سەرپێچیەکو ئەمەش زەرەری کەمترە لـەوەی کە چاودێرییەکە پاش جێبەجێکردنی یاساکان بێت؛ هەروەها ئەمجۆرە چاودێرییە زۆر جار لەگەڵ بنەمای جیاکردنەوەی سێ دەسەڵاتەکەدا دەگونجێت.

ئەگەرچی ئەو لایەنە باشانەی لای سەرەوە کە باسمانکرد لەو چاودێرییەدا هەیە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەندێک لایەنی خراپیشی هەیە، کە دەکرێت بڵێین زۆرتـرن لەلایەنە باشەکانی، وەک ئەوەی کە زۆر زەحمەتە ئەو کەسەی یان لایەنەی ئەم کـارەی پێ دەسپێردرێت بتوانێت سەربەخۆبێتو کاریگەر نەبێت بەڕەوتە سیاسییو حیزبییەکان، هەروەها شێوازی دانانی ئەندامانی بەرپرس لەم چاودێرییە خۆی هۆکاری زاڵکردنی بۆچوونی ئـەو لایەنەیە کە هەڵدەستێت بەدانانیان؛ هەروەها ئەم چاودێریکردنە سروشتێکی قانوونی هەیەو پێویستی بەخەڵکی یاساناسی لێهاتوو هەیەو ئەمەش لێرەدا وجودی نییە، چونکە هەمیشە ئەوانەی ئەم کارەیان پێ دەسپێردرێت کەسانێکی سیاسین نەک قانوونی؛ بێجگە لەمانەیش واقیعی ئەو دەوڵەتانەی ئەمجۆرە چاودێرییەیان بەکارهێناوە ئەوەی سەلماندووە، کە ناتوانێت ئامانجە خوازراوەکانی بپێکێت، چونکە مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە مەبەست لەمجۆرە چاودێریکردنە هێنانەدی چەند ئامانجێکی تەسکی سیاسییە.

بۆیە پێویستە لەسەر هەر گۆڕانخوازێک هەوڵی نەهێشتنی ئەم چاودێرییە سەرنەکەوتوو فاشیلە بداتو ئەزموونی خراپی خەڵکی دیکە دووبارە نەکرێتەوە لەهەرێمی کوردستان.

ئەڵتەرناتیڤی ئـەمـەش هەڵبژاردنی ئەندامانێکی هۆشیارو چالاکە بۆ پەرلەمانو هــەروەهــا چــاودێــری قـەزایـی تایبەتی تۆکمەو سەرکەوتوو، چونکە نەهێشتنو هەڵوەشاندنەوەی یاسا نادەستوورییەکان لەلایەن دادگایەکی تایبەتمەندی سەربەخۆوە هیچ جۆرە کاریگەرییەکی نێگەتیڤی نابێت.

*ماستەر لەبواری یاساو سیاسەت

# نهێنی هاوپەیمانیکردنی پارتی لەگەڵ یەکێتی لەکاتێکدا چەندین سەرکردەی سەرەکی لەیەکێتی جیابوونەتەوە



هادی ئەمین

لەهەڵبژاردنی تەمموزی داهاتوودا لەیەک کاتدا هەڵبژاردن دەکرێت بۆ دیاریکردنی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانو هاوکات لەلایەن هاوڵاتییانەوە هەڵبژاردنیش دەکرێت بۆ دیاریکردنی سەرۆکی هەرێم، بەوەش سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان لەپەرلەمانییەوە دەبێتە سەرۆکایەتی.

لەماوەی ڕابـردووشـدا پارتیو یەکێتی هاوپەیمانی خۆیان ڕاگەیاند بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی تەمموزی ئایندە لەژێر ناوی لیسی کوردستانی.

بەڵام تائێستا پاڵێوراوی بەهێز بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانییە، ئەوەی کە جێگەی پرسیارە ئەوەیە، ئایا ناوبراو پاڵێوراوی پارتیو یەکێتییە، کە لەم وتـارەدا دەمەوێت تیشکێک بخەمەسەر نهێنیی هاوپەیمانییەکەیان لەکاتێکدا چەندین گۆڕانکاری ڕوویــداوەو ئێستای دوو حیزبەکە وەک ساڵی 2005 نیین.

دوای دەستلەکارکێشانەوەی چوار ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لەو حیزبەو لەپێشتریش وازهێنانی نەوشیروان مستەفا، زۆر لەچاودێران ڕایانوابوو کە ئەوە کاریگەری دەکاتەسەر ڕێکەوتننامەی ستراتیژی نێوان پارتیو یەکێتیو ئیتر ناتوانن بەشێوەیەکی یەکسان پۆستەکان لەنێوان خۆیاندا دابەشبکەن.

ئاشکرایە ڕێکەوتنی پارتیو یەکێتی لـەهـەڵـبـژاردنـی 2005دا بـەرژەوەنـدی دوولایەنەبووە، ئەویش بەوەی ئەگەر پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بەخشرایە تاڵەبانی، پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بدرێتە بارزانیو حکومەتێکی هاوبەش لەهەرێمی کوردستان پێکبهێنن.

زۆر کەسیش لەوبڕوایەدان کە زنجیرە دەستلەکارکێشانەکانی سەرکردایەتی یەکێتی، دەبێتەهۆی ئەوەی، کە یەکێتی لاواز بنوێنێت لەبەرامبەر پارتیو ئەگەری هاوپەیمانیان بۆ پەرلەمانی ئایندەی کوردستان کەمبێتەوە. بێگومان جیابوونەوەی ئەو سەرکردانە تەنیا خودی خۆیان نییە، بەڵکو کۆمەڵێک جەماوەریان هەیەو ئەوانیش بەوازهێنانی سەرکردەکانیان وازدەهێنن لەیەکێتی.

لەڕووی مەنتقییەوە بە لەبەرچاوگرتنی جیابوونەوەکان، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە هێزی یەکێتی لەبەرامبەر پارتی کەمبووەتەوەو ئەگەر ئەو دوو حیزبە بەلیستی جیاواز دابـەزن، ئەوا ڕێژەی دەنگەکانی پارتی زیاتر دەبێت لەیەکێتی.

بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە: ئایا لـەکاتی دووبـارەبـوونـەوەی پۆستی سەروکایەتی کۆمار بۆ تاڵەبانیو جیابوونەوەی ئەو کۆمەڵە سەرکردەیە لەیەکێتی، چۆن هاوپەیمانی نێوان پارتیو یەکێتی کراو درێژەی پێدەدرێت.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە ئەلقەی ڕووداوەکان ببەستین بەیەکەوە.

لەهەڵبژاردنی 1992/5/19 لەیەک کاتدا هەڵبژاردنکرا بۆ دیاریکردنی ئەندامانی پەرلەمانیو هاوکات هەڵبژاردنیش کرا بۆ دیاریکردنی (رابـــەری بزووتنەوەی رزگـاریـخـوازی گـەلـی کـوردسـتـان) کە خۆپاڵێوەکان بریتیبوون لە (جەلال تاڵەبانی، مەسعود بارزانی، د.مەحمود عوسمان، عوسمان عەبدولعەزیز)، بەڵام هیچکام لەپاڵێوراوەکان دەنگی (1+%50)یان بەدەستنەهێنا بۆیە کەسیان نەبوونە ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان.

بەڕای من بەردەوامیدان بەڕێکەوتنامەی ستراتیژیو پێکهێنانی هاوپەیمانی پارتی لەگەڵ یەکێتی پەیوەست نییە بەهەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمانەوە، بەڵکو پەیوەستە بەهەڵبژاردنی سـەرۆکـی هـەرێـمـەوەو پێموایە بارزانی پاڵێوراوی پارتیو یەکێتییە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم.

ئەگەر سەرنج بدەین لەداتای هەڵبژاردنی ساڵی 1992، کە دەنگدانیش کرا بۆ دیاریکردنی (ڕابـــەری بـزووتـنـەوەی ڕزگـاریـخـوازی گەلی کوردستان) ئـەوا ڕووندەبێتەوە کە هاوپەیمانیکردنی پارتی لەگەڵ یەکێتی، هەڵبژاردنی بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان مسۆگەردەکات.

لەهەڵبژاردنی رابـــەری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لەساڵی 1992 ڕێژەی دەنگی بەدەستهاتووی چوار پاڵێوراوەکە بەمجۆرەبوو: مەسعود بارزانی ڕێژەی 47.51٪ دەنگەکانی بەدەستهێناوە، جەلال تاڵەبانی ڕێژەی 43.93٪و عوسمان عەزیز 3.93٪ هەروەها د. مەحمود عوسمانیش 2.37٪.

بۆ وەرگرتنی ئەو ژمارانەش پشتم بەستووە بەدۆکیۆمێنتێکی پەرلەمانی کوردستان بەناونیشانی (هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان 1992/5/19)، بەڵام چارتێکم بۆ دروستکرد بـۆئـەوەی شـێـوەی بـەراوردکـاریـیـەکـە ڕوونبێتەوە لەنێوان پاڵێوراوەکاندا.

بێگومان مێژووی ڕووداوەکـان پێکەوە بەستراون، ئـەو ڕێـژانـە کاریگەری هەیە لەسەر دیارکردنی سەرۆکی هەرێم لەئێستادا، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی زۆربوونی دەنگە نارازییەکان لەپەرلەمانو حکومەتی ئێستای هەرێم.

پێموایە پارتی کاتێک لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی هاوپەیمانی کـردووە، ئەگەری سەرکەوتنی بـارزانـی وەک سەرۆکی هەرێم زیـادیـکـردووەو ئـەوەش نهێنی هاوپەیمانییەکەیانە،چونکەئەگەرجەماوەری یەکێتی ڕێــژەی 25٪ی دەنگەکان بۆ سەرۆکی هەرێم مسۆگەربکەن، ئەوا لەگەڵ دەنگەکانی جەماوەری پارتی ڕەنگە ڕێژەکە بگاتە (1+%50)و بەوەش سەرۆکایەتی هەرێم بۆ بارزانی مسۆگەردەبێت.

بێگومان سەرۆکایەتی هەرێمیش لـەبـەرئـەوەی لـەلایـەن جـەمـاوەرەوە ڕاستەوخۆ دیاریدەکرێت، بۆیە کاریگەریو دەسەڵاتێکی گەورەی دەبێت.

بەڵام ڕەنگە تەنیا پارتی سوودمەند نەبێت لەهاوپەیمانییەکە، بەڵکو یەکێتی نیشتمانیش ســوودمــەنــدە، ئەویش بەمانەوەی لەڕێکەوتنی ستراتیژیدا دوای ئەوەی ئەو کۆمەڵە ئەندامە سەرەکییانەی (بـەخـۆیـانو جـەمـاوەرەکـەیـانـەوە) لەحیزبەکە نەماون.

Hadi.ameen@yahoo.com

| ناوەکان | ژمارەی دەنگەکان | بەڕێژەی سەدی |
| --- | --- | --- |
| مەسعود بارزانی | ٤٦٦٨١٩ | ٤٧.٥١ |
| جەلال تاڵەبانی | ٤٤١٥٠٧ | ٤٤.٩٣ |
| عوسمان عەزیز | ٣٨٩٦٥ | ٣.٩٧ |
| د. مەحمود عوسمان | ٢٣٣٠٩ | ٢.٣٧ |




ڕێژەی سەدی دەنگی پاڵێوراوان

# یوسف محەمەد، مامۆستای زانکۆی سلێمانی: دیموکراسیبوونی هەڵبژاردن ڕێگاخۆشکەر دەبێت بۆ گۆڕینی وێنەی شێواوی هەرێم لە جیهانی دەرەوە

ستارە عارف



یوسف محەمەد مامۆستای زانستە سیاسیەکان لەزانکۆی سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات پەرلەمان خۆی شەرعیەتی نەماوەو خەریکی دەرکردنی بڕیاری ناشەرعیشە، هەروەک پێشیوایە بەرژەوەندی ستراتیژی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کەململانێکان بەو ئاقارەدا بڕوات کە بەشێوەیەکی ئاشتیانە ململانێکان لەڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە یەکلایی بکرێتەوە، وتیشی: «دەبێت دەسەڵات لەوە دڵنیابێت ئەگەر ململانێکان لەڕێگەی فرەیی پەرلەمان و دەنگدانەوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەڕێوە نەچێت، بێگومان ئەنجامی باش نادات بەدەستەوە».

**ڕۆژنامە: هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت، گۆڕانێک بەقازانجی خەڵک بێنێتە ئاراوە؟**

* ئەوەندەی گرنگە هەڵبژاردنێکی پاکو شەفاف ئەنجامبدرێتو لەلایەن کۆمسیۆنی باڵاوە نەهێڵرێت کەموکورتی تێ بکەوێتو هەموو لیستو قەوارە سیاسیەکان بەشێوەیەکی ئازادانە بتوانن ململانێی سیاسی بکەن، ئەوەندە ئەنجامەکەی گرنگ نییە، ئەوە گرنگە ئەو وێنە ناشیرینەی لەمیدیای جیهانیدا لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە ڕوونتر بێتەوە، کە خەریکە جیاوازی نێوان وێنەی بەغداو هەرێم تەواو پێچەوانە دەبێتەوە، ئێستا وێنەی بەغدا ڕوونترەو دەوڵەتێکە کە بەرەو دیموکراسی هەنگاوی پتەو دەنێت لەکاتی دروستبوونی دەسەڵاتی تازەوە شایەدی چوار هەڵبژاردن بووین لەعێراقو دوو ئەنجومەنی یاسایی لەڕێگەی دەنگدانی ئاشکراوە، کە لە١٧ساڵ تەمەنی حکومەتی هەرێمدا دوو ئەنجومەن هەڵبژێردراوە، یەکێکیان ئەم پەرلەمانەی ئێستایە کە شەرعیەتی لەدەستداوە، واتا هێندەی گرنگە ئەو وێنە شێواوە ڕاست بکەینەوە، ڕەنگە هێندە ئەنجامەکانی گرنگ نەبێت، بۆیە دەبێت بەهەموومان چاودێری ئەم پرۆسەیە بکەین، تاڕادەیەک ئەو هاوکێشە سیاسیەی لەهەرێمدا هەیە هاوسەنگ بکرێتەوە، بەوەی دەبێت یان ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکرێت، یان ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی بەهێز لەپەرلەمانی داهاتوودا هەبێت.

**ڕۆژنامە: ئایا پێتوایە ئەو ململانێیە بەو شێوەیە بەڕێوەبچێت، کە بتوانێت ئەو هاوسەنگییە سیاسییە بگەڕێنێتەوە؟**

* لەڕاستیدا بەرژەوەندی ستراتیژی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کەململانێکان بەو ئاقارەدا بڕواتو بەشێوەیەکی ئاشتیانە ململانێکان لەڕێگەی سندوقی دەنگدانەوە یەکلایی بکەینەوە، دەبێت دەسەڵات لەوە دڵنیابێت ئەگەر ململانێکان لەڕێگەی فرەیی پەرلەمانو دەنگدانەوە بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەڕێوە نەچێت، بێگومان ئەنجامی باش نادات بەدەستەوە، ئەگەرهەیە ئەو ململانێیانەی کەپەردەیان بەسەردا دەدەینو ڕێگرییان لێدەکەین، سەربکێشن بۆ ڕووداوی توندوتیژیی، بۆیە لەپێناو مانەوەی هەرێمی کوردستانو بۆ گێڕانەوەی پشتگیری نێودەوڵەتی بۆیو لاسەنگ نەبوونی هەرچی زیاتری هاوکێشەی نێوانی هەرێمو ناوەندە، پێویستمان بەهەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسیانە هەیە، کە ڕێگە بدەین سەرجەم لیستەکان بێ جیاوازیو بێ ئەوەی کانتۆناتی داخراو لەهەرێمدا هەبێت، ململانێ بکەنو کێشەکانیش لەم ڕێگەیەوە یەکلایی دەکرێنەوە.

**ڕۆژنامە: بەڕای تۆ کورد بەفیعلی ئەم پشتگیرییە نێودەوڵەتییەی لەدەستداوە، یان تەنیا لەئاستی ڕاگەیاندندا باس دەکرێت؟**

* بەواقیعی هەیەو من قسەی سەرۆکی هەرێم دەهێنم، کە هەفتەی پێشوو گلەیی لەئەمریکییەکان کردو وتی: ئەوەی چاوەڕوانمان دەکرد وادەرنەچوو پشتگیری کێشەکانیان نەکردین لەگەڵ بەغدا.

**ڕۆژنامە: کەواتە سەرکەوتنی هەڵبژاردن دەبێتە گرەنتیەک بۆ گێڕانەوەی ئەو پشتگیرییە لەئاستی نێودەوڵەتیدا؟**

* سەرکەوتنو دیموکراسیبوونی هەڵبژاردنو نەبوونی کێشە، ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ گۆڕینی وێنەی شێواوی هەرێم لەجیهانی دەرەوەدا، ئەو کاتە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین، کە بەئاراستەی دیموکراسیبوونی هەرێم هەنگاو هەڵدەنێین.

**ڕۆژنامە: چاوەڕوانی ئەوە لەم هەڵبژاردنە دەکرێت، دیموکراسیانەو بێ گرفت بچێتە پێشەوە، خاڵی جیاکەرەوەی ئەم هەڵبژاردنە لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٥و ئەوانی دیکەدا لەچیدا دەبینیت؟**

* بەڵێ چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت، ئێستا لیستی جیاواز هەیە پێدەچێت لەپەرلەمانی داهاتوودا لیستی ئۆپۆزسیۆن هەبێت، ئەمەش ڕێگا خۆشکەرە لەداهاتوودا ململانێیەکی سیاسیی ئەوتۆ بێتە کایەوەو لەپەرلەماندا دەنگی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز هەبێت، ئەزموونی دیموکراسی کەڵەکە کردنە، ڕەنگە پەرلەمانی داهاتوو زیندووتر بێت لەم پەرلەمانە، ئەگەر دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەیەتە کایەوە، بەڕاستی سیستمی دیموکراسی بێ بوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا ناچەسپێت، ئەو کاتە سیستمی دیموکراسی بەرەو پێشەوە دەچێت، کەململانێیەکی سیاسی لەنێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆندا لەئارادا بێتو هەمیشە ئۆپۆزسیۆن چاودێرو فشارێک بێت لەسەر دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنو داخوازییەکانی خەڵکو کەموکوڕییەکانی دەسەڵات بۆ ڕای گشتیی ئاشکرا بکات، ئەمە وا دەکات دەسەڵات بەردەوام لە بەخۆداچوونەوەدا بێتو ئەم ململانێیە بەقازانجی خەڵک دەشکێتەوەو دیموکراسییەت دەچەسپێت. ئەو کاتە هەڵبژاردن مانادار دەبێت کە هاوڵاتی سەرپشک بکرێت لەنێوان چەند بەرنامەو پێدراوێکدا یەکێکیان هەڵبژێرێت، نەک ئەوەی لیستێک لەچەپەوە بۆ ڕاست دروستبکەینو بەخەڵک بڵێین، ئەگەر دەتەوێت ئەمەیەو ناشتەوێت هەر ئەمەیە.

**ڕۆژنامە: گەرەنتی چییە کە هاوڵاتی دەنگەکانی پارێزراو دەبێتو فێڵی لێناکرێت، ئەمە کاری کێیە مافی هاوڵاتیان بپارێزێت؟**

* مافی هەر هاوڵاتییەکە بەئازادانە دەنگ بداتو مومارەسەی ئیرادەو دەنگی خۆی بکات، گرەنتی یەکەم بریتییە لەهوشیاری هاوڵاتی کە بەئیرادەی خۆی بەشداریی لەهەڵبژاردنەکاندا بکات. گرەنتی دووەم کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بێلایەنانە کار بکات، تاڕادەیەک نیشانەکانی کۆمسیۆن بەوشێوە سەربەخۆیە دیارە هەرچەندە لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا مەکتەبی سیاسیی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لەبەیاننامەیەکیاندا باسیان لەوە کردووە، کە لیستەکە بۆ کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی بەغدا گەڕاوەتەوەو لەکۆمسیۆنی هەرێمدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، پێویستە کۆمسیۆن وەڵامی ئەم مەسەلەیە بداتەوە، دەبێت ئەم کێشەیە لەڕێگەی یاساوە یەکلایی بکرێتەوە، نەک کۆمسیۆن لەژێر کاریگەری سیاسیی بڕیاری لەو شێوەیە بدات. لەو باوەڕەدام کێشەی دەنگدانی تایبەت کە پێکدێت لەدەنگدانی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایشو پاسەوانی سنوور کە پێش هەڵبژاردن دەنگ دەدەن هێشتا یەکلایی نەکراوەتەوە، کە ناویان لەتۆماری گشتی دەنگداندا ناسڕێتەوەو ئەمەش دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێنێت کە دوو جار دەنگ بدەن، بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە دەتوانرێت تۆمارێکی تایبەت بەهێزەکانی ئاسایشو پۆلیس بۆ دەنگدان دروست بکرێتو ناویان لەتۆماری گشتیدا بسڕێتەوە، بۆیە پاراستنی مافی دەنگدەر لەلایەن کۆمسیۆنی باڵاوە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵو پیشەییانە گرەنتی دەکرێتو تۆماری ناوی ئەم هێزانەش لەتۆماری ناوی گشتی جیابکرێتەوە. هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتو کۆمەڵگای مەدەنی پێویستە بەشێوەیەکی جیدی موکوڕبن، کە هەڵبژاردنەکان شەفافانە بەڕێوە بڕوات گرەنتیەکی دیکە دەسەڵاتە کە دڵنیابێت لەهەستیاریی ئەم هەڵبژاردنەو هەوڵی شەفافی بۆ فەراهەم بکات، چونکە هەرێم ئەمڕۆ پێویستی بەهەڵبژاردنێکی پرۆفیشناڵ هەیە بۆ ئەوەی سەنگو قورسایی خۆمان بزانین.

**ڕۆژنامە: لەئێستادا دەسەڵات هێرشێکی میدیایی لەبەرامبەر لیستو لایەنەکانی دەرەوەی خۆی دەستپێکردووە، ئەمە ترس نییە لەدەستاودەستکردنی دەسەڵات کە هێشتا لەناو کۆمەڵگای کوردیدا نەبووەتە فەرهەنگێکو دەسەڵات فێرنەبووە خۆی کورسیەکەی بەجێبهێڵێت؟**

* شتێکی ئاساییە ئەو کاتەی دەنگی جیاوازو ئۆپۆزسیۆن دێتە کایەوەو دەیەوێت دەنگ بەدەست بهێنێتو کارا بێت، دەسەڵات دەکەوێتە ڕکابەرێتی ئەم لیستانەوەو هەوڵدەدات جەماوەر لەمانە کۆنەبنەوە، بەڵام دەسەڵات لەسەریەتی مافی بانگەشەی ئازاد بۆ هەموولایەک بڕەخسێنێتو خۆی بەدوور بگرێت لەتانەی ناڕەوا کە دەدرێتە پاڵ لیستە سەربەخۆکان. دەسەڵاتیش مافی ململانێی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی شەریفانە هەندێک دەزگای نیشتمانی هەیە لەململانێکانی هەڵبژاردندا بەکارنەهێنرێت.

**ڕۆژنامە: هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم هاوکاتە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئێستا ماوەکەشی درێژکراوەتەوە، ئەمە تاچەند یاساییە؟**

* بەداخەوە پەرلەمان خۆی شەرعیەتی نەماوە، خەریکی دەرکردنی بڕیاری ناشەرعیشە، لەمانگی ئازاری ئەمساڵەوە پەرلەمان ڕەوایەتی نەماوە، چونکە بەپێی مادەی ٤٦ یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی هەرێم، پێویست دەکات یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان (١٠) ڕۆژ پاش ڕاگەیاندنی دەرەنجامی هەڵبژاردن بێت، دەرەنجامی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ لە(٢/٢٥) ڕاگەیەنراو کۆبوونەوە، بەپێی مادەی (٥١)ی هەمان یاسا ماوەی یاسایی پەرلەمان چوار ساڵە بۆیە لەکۆتایی مانگی شوباتی ئەمساڵدا پەرلەمان شەرعیەتی نەماوە، ئەگەر لیژنەی یاسایی پەرلەمان لەسەر ئەمە ناکۆکن بابچن لەدادگای فیدراڵی بەغدا شەرعیەتی خۆیان بسەننەوە. ساڵی چوارەمی پەرلەمان پڕ جوڵەتر بوو گەلێک بڕیارو یاسای باشیان دەرکرد، بەڵام ئەگەر پارتیو یەکێتی لەڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ڕێگر نەبوونایە ڕەنگە پەرلەمانێکی چالاکترمان هەبوایە.

> **هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە تادەسەڵاتێکی زیاتری هەبێتو بۆ ئەوەی پەرلەمان نەتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات گومان دروستدەکات**

درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمان نایاساییە، ئەگەر ماوەی پەرلەمان تا٦/٤یش ڕەوایی بمایە، پەرلەمان ناتوانێت ماوەی خۆی درێژ بکاتەوە تەنیا هاوڵاتیان دەتوانن، چونکە هاوڵاتیان بۆ ماوەی چوار ساڵ پەرلەمانیان بەنوێنەری خۆیان هەڵبژاردووە، بۆیە هەموو درێژکردنەوەیەکی ماوەی پەرلەمان ناشەرعیە سەرەڕای ئەوەی پەرلەمان ماوەی خۆی لەدەستداوە، بۆسەرۆکی هەرێمیش بەهەمانشێوەیە.

لەمبارەدا پەرلەمان بەنیازە لەم خولەدا بڕیار لەسەر دەستوور بدات، بێئەوەی بیخاتە ڕیفراندۆمەوە، بڕیاردان لەسەر دەستوور لەهەموو جیهاندا بەدوو شێوەیە، یان دەستەیەکی کاتی دامەزرێنەر لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت یان گروپێک یان پەرلەمان دەستوور دەنووسێتەوەو دەیخاتە ڕاپرسییەوە، یان ئەگەر دەستەکە هەڵیشنەبژێردرابێت، هەر دەبێت دەستوور بنووسێتەوەو بیخاتە ڕاپرسی خەڵکەوە.

**ڕۆژنامە: سەرۆکی هەرێم داوایکرد، ئەگەر ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە بێت خۆی هەڵدەبژێرێتەوە، بۆچی بەلایەوە باش نییە لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت؟**

* ناتوانین گومان لەنیەت نەکەین، پێدەچێت لەکوردستاندا ڕێڕەوێک لەئارادا بێت، کە ئاراستەی سیستم بەرەو نیمچە پاشایەتی یان کۆماری ویراسی بەرێت، ناتوانین گومان نەکەین لەوانەی کە دەیانەوێت دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم زیاد بکرێتو کەسیش بەشێوەیەکی دیار ڕکابەری نەکات، ئەمە مەترسییە بۆ سەر دیموکراسی لەهەرێمداو هەوڵدان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن خەڵکەوە تادەسەڵاتێکی زیاتری هەبێتو بۆ ئەوەی پەرلەمان نەتوانێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات گومان دروستدەکات بەتایبەتی کەدەبینین «شەخسەنە» لەسەرۆکایەتی هەرێمدا هەیە، ئەگەر بەم ئاراستەیە بڕوات سیستمێکی شێوەی بەشار ئەسەد لەکوردستاندا دروست دەبێت، پێویستە سەرۆکی هەرێم لەڕێگەی ئەنجومەنێکی تێکەڵە لەئەنجومەنی پارێزگاکانو پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرێتو دەسەڵاتەکانی سنوورداربن سیستمی پەرلەمانی هەبێت، بۆ ئەوەی گرەنتی لەئارادا بێت کە بەرەو دیکتاتۆری نەڕوات.

**ڕۆژنامە: پێتوانیە ترسی ئەوە بێت پەرلەمانی داهاتوو زیندووتربێتو چاودێری ئەداو کارەکانی بکات، بۆیە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژاردنی پێ باش بێت؟**

* دوور نییە، نەبوونی ڕکابەر بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم بۆ ئەزموونەکەمان باش نییە، لەپرۆژەکەماندا بۆ چاکسازیی دەستووری هەرێم پێشنیازمان کردووە، کە سەرۆکی هەرێم لەلایەن دەستەیەکی کاتی هاوبەشەوە هەڵبژێردرێت بریتیبن لەئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاو پەرلەمانی کوردستان ئەوکاتە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم سنووردار دەبن وێڕای ئەوەی سەربەخۆیی دەدرێت بەسەرۆکی هەرێمو سیستمی پەرلەمانی دەبێتو سەرۆکی هەرێم سەرۆکی دەزگای جێبەجێکردنیش دەبێتو پەرلەمانیش چاودێر دەبێت بەسەریەوە.



# سیستمێکی پەرلەمانی، یان تێکەڵاو بۆ هەرێمەکەمان

د. شۆڕش حەسەن

سیستمی سیاسیی هەرێم پێویستە سیستمێکی پەرلەمانی بێت، تێیدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن دوولایەنە بێت، لایەکیان سەرۆکی هەرێم کە بەرپرسیارێتی سیاسیی هەڵنەگرێت، لایەکی دیکە حکومەت ئەنجومەنی وەزیـــران بێتو بەرپرسیارێتی سیاسیی بکەوێتە ئەستۆ لـە راســت نوێنەرانی دانیشتوانی هەرێم (پەرلەمان)، هەروەها دەستەبەری هاوکاریو هاوسەنگی نێوان پەرلەمانو حکـومـەت بـکـرێـت، سـەرۆکـی هەرێمیش باڵانسی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە رابگرێتو ناوبژیوان (حەکەم) بێت لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەو ناکۆکی لەنێوانیاندا، ئەو سیستمە تێکەڵاوەش پەرلەمانو سەرۆکایەتییە بگۆڕدرێت کە لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ بڕیاری لێدراوەو لە پرۆژە دەستووری هەرێمیش پێشنیازکراوە، لەبەر کۆمەڵێک هـۆکـاری واقـیـعـی کـە لـێـرەدا گرنگترینیان دەخەمەڕوو.

یەکەم: لە سیستمی تێکەڵاودا سەرۆکی کۆمار دەسەڵاتی فراوانو جـۆراوجـۆری هەیە، بێئەوەی بەرپرسیارێتییەکی ئەوتۆی لەسەربێت، ئەمەش کەموکوڕییەکی مـەتـرسـیـدار پێکدەهێنێت لە هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتەکەیو بەرپرسیاریەتییەکەیدا، بۆ نموونە سـەرۆک کـۆمـاری هـەریـەک لە فەرەنساو میسر کە سیستمیان تێکەڵاوە، دەسەڵاتێکی فراوانیان هـەیـە لـە بـواری یـاسـادانـانو جێبەجێکردندا لە بـارودۆخـی ئـاسـایـدا، ئـەم دەسـەڵاتـەش لە حاڵەتی نائاساییدا زۆر فراوانتر دەبـێـت، کەچی لە بەرامبەردا بـەرپـرسـیـارێـتـیـیـەکـی کـەم سـنـووردارێـان لـەسـەرە بۆ لێپرسینەوە لێیان، بۆیە ناتوانین بڵێین بەرپرسیارێتی سەرۆک کۆمار لە بەرامبەر گەلدا هاوسەنگە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە فراوانەی لەدەستیدایەو بەرکاریدەهێنێت چ لە میسرو فەرەنساو هەرێمی کوردستانیش، ئەم کەموکوڕییەش یا نەبوونی هاوسەنگی نێوان دەسـەڵاتو بەرپرسیارێتیەکەی سـەرۆک کۆمار مەترسییەکی گـەورەیـە لەسەر سەقامگیریی سیستمی سیاسی، چونکە بوونی دەسەڵاتی فـراوان بەبێ توانای لێپرسینەوە لەلایەن گەلەوە لە خاوەنی ئەو دەسەڵاتە، ئیستبدادێکی مسۆگەر فەراهەمدەکات، بەڵام بوونی ئالیاتی لێپرسینەوەو بەرپرسیارێتی بەشێوەیەکی قانوونی رێکخراو، هۆکارێکە بـۆ گـۆڕانـکـاری ئاشتیانەی فەرمانڕەواکان، بەپێچەوانەی ئەمەش گەل ناچار دەبێت پەنا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژیی بەرێت لەپێناو گۆڕینی فەرمانڕەواکان.

دووەم: هەرچەندە هەڵبژاردنی سـەرۆک کۆمار لەلایەن گەلەوە هەندێک لایەنی باشی تێدایە، بەڵام لە زۆر کاتدا لایەنی خراپو مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، چونکە ئـەو سـەرۆکـەی گەل هەڵیدەبژێرێت، پایەو نفوزێکی بەرزو فـراوان بەدەستدەهێنێت، دەسـەڵاتـەکـەی زیـاتـر دەبـێـت بەبەراورد لەگەڵ ئەوەی پەرلەمان هەیەتی، بەو پێیەی ئەو بەتەنیا نوێنەرایەتی هەموو گەل دەکات، لەکاتێکدا ئەندامانی پەرلەمان هـەر یەکێکیان نوێنەرایەتی بـەشـێـکـی گـەل دەکـەن، ئـەم مەرکەزو پایە بەرزەی سەرۆکیش غرورییەکی لاپـەیـدا دەکـاتو هەستێک بەسەریدا زاڵدەبێت کە بڵێت خۆم بەتەنیا نوێنەری گەلم، گەل منی هەڵبژاردووە تا پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی بکەم، لەکۆتاییدا ئەم هەستە وای لێدەکات بەتەواوی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێتو دەست بخاتە کاری پەرلەمانیشەوە، بەمشێوەیە سیستمەکە بـۆ سیستمێکی تاکڕەوی بگۆڕێت، زۆر ئەزموونی دەستووریش ئەمەی سەلماندووە بۆ نموونە:

(لویس نابلیۆن بونابارت) ساڵی ١٨٤٨ لەلایەن گەلی فەرەنساوە بە سەرۆک کۆمار هەڵبژێردرا، بەڵام لـەدوایـدا دەسـتـووری کۆماری هەڵوەشاندەوەو سیستمی حکومی گۆڕی بۆ سیستمێکی ئیمپراتۆری، ساڵی ١٨٥١ بەپێی دەستوور، فایماری ئەڵمانی ساڵی ١٩١٩ (هیتلەر) بە هەڵبژاردن هاتە سەر تەختی سەرۆکایەتی ساڵی ١٩٢٢، بەڵام ئەوەبوو ئەو دیکتاتۆرەی لێ کەوتەوە کە دونیای شێواند، سەرهەڵدانی کۆمەڵێک دیکتاتۆر لە ئەمریکای لاتینی لە ئەنجامی هەڵبژاردنیان لەلایەن گەلەوە لە سەدەی رابردوو.

سـێ یـەم: سـەرۆک کۆمار هەڵبژێردراو زۆرجـار بەهۆی دەسـت رۆیـشـتـووی‌و زاڵیەتی بەسەر پەرلەماندا، هەموارکردنێک لە دەستوور دەسەپێنێت تا ماوەی سەرۆکایەتی بگۆڕێت بۆ ماوەیەکی بـێ کـۆتـایـی، سـەپـانـدنـی ئەم دۆخەش بێگومان لەگەڵ سیستمی کۆماری یەکناگرێتەوە، چونکە ماوەی سەرۆکایەتی لە سیستمی کۆماریدا دەبێت دیاریکراوبێت، بۆ ئـەم راستییەش نموونە بە هەردوو ئەزموونی میسرو تونس دەهێنمەوە، بەپێی دەستووری تونس ساڵی ١٩٥٩، سەرۆکی کۆمار لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێردرا بۆ ماوەی پێنج ساڵ، بەڵام سەرۆک (جیب بۆرقیبە) ساڵی ١٩٧٥ هەڵسا بە هەموارکردنی دەستوورەکە بەو شێوەیەی بتوانێت تا لە ژیاندا مابێت لە سەرۆکایەتی بمێنێتەوە، بەڵام ساڵی ١٩٨٧ لادرا، بەپێی مادەی (٧٧)ی دەستووری میسری ساڵی ١٩٧١، ماوەی سەرۆکایەتی کۆمار (٦) ساڵەو دەتوانێت جارێکی دیکەش خۆی کاندید بکاتەوە، بەڵام ئەم مادەیە ساڵی ١٩٨٠ هەموارکرا تا سەرۆک کۆمار چەندجار بیەوێت خۆی هەڵبژێرێتەوە، ئەمەش لەبەر خاتری (ئەنوەر سـادات) کرا کە ماوەی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی روو لە کۆتایی بوو.

چـــوارەم: کاتێک تاکەکانی گەل هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی سـەرۆک کـۆمـار، لـەوانـەیـە باشترینو لێوەشاوەترین کاندید هەڵنەبژێرن، لەبەر نەبوونی شارەزاییو هۆشیاری سیاسیی لایان لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی ئەو پڕوپاگەندە گەورەو سەرلێشێوێنەرەی کاندیدەکان دەیـکـەن لـە هـەڵـبـژاردنـەکـانو راپرسییەکانی سەرۆکایەتیدا، نـمـوونـەش بـەو هـەڵـبـژاردنو راپرسیانە دێنمەوە کە لە وڵاتانی نـاوچـەکـە ئـەنـجـامـدراون بۆ وەرگرتنی رای گەل لەسەر بوونی کەسێکی دیاریکراو بە سەرۆک کۆمار، چونکە دەرئەنجامە ئاشکرا کراوەکان هەمیشە زیاتر بووین لە رێژەی ٩٠٪، بەڵکو زۆرجار رێژەی ٩٩٪یان تێپەڕاندووە.

پێنجەم: ئەم سیستمی تێکەڵاوە زیـاتـر لـە وڵاتـانـی ئـەورووپـی پەیڕەوکرا کە بارودۆخی سیاسییو کۆمەڵایەتیو ئابوورییان جیاوازە لەوەی لای ئێمە هەیە، ئەو وڵاتانەش فەرەنسا لەساڵی ١٩٦٢وە، نەمسا زیاتر لە (٥٠) ساڵێکە، پورتوگال لە ساڵی ١٩٧٦-ەوە، ئەڵمانیا لەساڵی ١٩١٩ تا ١٩٣٣، لەگەڵ ئـەوەی پەیڕەوکردنی ئەم سیستمە تەنیا چەند وڵاتێکی کەمی ئەورووپی گرتەوە، بەڵام پراکتیککردنی ئەم سیستمە لە هەندێک وڵاتاندا بێ کێشەو تەنگەژە نەبوو، لە هەندێکی دیکەشیاندا شکستیهێنا وەک ئەڵمانیا، ئەمە لەکاتێکدا لە وڵاتانی جیهانی سێیەمی وەک خۆیان تەنیا لە میسرو تونس پەیڕەوکراوە، دۆخـی سیاسییو یاسایی ئەم وڵاتـانـەش لەپێش چاومانە کە تێیاندا سیستمی کۆماری لەڕووی بابەتییەوە بـووەتـە سیستمی پاشایەتی، بەسە ئەگەر زانین سـەرۆکـی ئێستای هـەریـەک لە میسرو تونس زیاتر لە (٢٠) ساڵە لەو پۆستەدان.

شـــەشـــەم: بـاشـتـریـنو سـەرکـەوتـووتـریـن نموونەی سیستمی تێکەڵاو فەرەنسایە، فەرەنسییەکان لە کـۆمـاری کە ساڵی ١٩٥٨ دەستپێدەکات، تائێستا بەردەوامە ئەم سیستمەیان قبوڵ کـرد لەسەر دەستی (ژەنـەراڵ دیغول) ساڵی ١٩٦٢ بەمەبەستی بەهێزکردنی دەسەڵاتی تەنفیزی لـە بـەرامـبـەر دەسـەڵاتـی زاڵو فراوانی پەرلەماندا بەدرێژایی تەمەنی هەردوو کۆماری سێیەمو چوارەمی فەرەنسی (١٨٧٥ـ ١٩٥٨)، بـەڵام لە ئەزموونی (١٨) ساڵی حوکمڕانی هەرێم، ئێمە حکومەتێکو ئەنجومەنی وەزیرانێکی زاڵو بەهێز بەدیدەکەین بەسەر پەرلەمانێکی لاوازی بـێ دەسـەڵات، بە هەڵبژاردنی سەوکی هەرێم لەلایەن گەلەوە وەک بەشێک لە دەسەڵاتی تەنفیزی ئەم دەسەڵاتە زیاترو زیاتر زاڵدەکات بەسەر پەرلەماندا، لەکاتێکدا خواستی هەموو تاکێکی دڵسۆزو خەمخۆری ئەو هەرێمە رۆح کردنەوەیە بە بەر پەرلەمانو کاراکردنیەتی، ئەگەر زاڵ نەبێت بەسەر دەسەڵاتی تەنفیزیدا، لانیکەم دەبێت هاوسەنگ بێت لەگەڵی.

**به هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن گەلەوە وەک بەشێک لە دەسەڵاتی تەنفیزی، ئەم دەسەڵاتە زیاترو زیاتر زاڵـدەکـات بەسەر پەرلەماندا. لەکاتێکدا خواستی هەموو تاکێکی دڵسۆزو خەمخۆری ئەو هەرێمە رۆح کردنەوەیە بە بەر پەرلەمانو کاراکردنیەتی، ئەگەر زاڵ نەبێت بەسەر دەسەڵاتی تەنفیزیدا، لانیکەم دەبێت هاوسەنگ بێت لەگەڵی**

**نەبوونی هاوسەنگی نێوان دەسەڵاتو بەرپرسیارێتیەکەی سەرۆک کۆمار مەترسییەکی گەورەیە لەسەر سەقامگیریی سیستمی سیاسی، چونکە بوونی دەسەڵاتی فراوان بەبێ توانای لێپرسینەوە لەلایەن گەلەوە لە خاوەنی ئەو دەسەڵاتە، ئیستبدادێکی مسۆگەر فەراهەمدەکات**

# وەرزی گۆڕان

جەمال عەزیز



راسـتـیـیـەکـی حـاشـاهـەڵـنـەگـرە مـــرۆڤ لـە رۆژی لـەدایـکـبـوونـیـیـەوە هەتا کۆتایی ژیانی، حـەزو ئـارەزوو و پێد ا و یستییە کا نی ژیـانـی رۆژ بـەڕۆژ لـە گـۆڕانـکـاریـدایـە، دابینکردنی پێداویستی ئەو گۆڕانکارییانەش دەبێتە دوو بەشەوە، بەشێکی دەچێتە چوارچێوەی ئەرکی خێزانەوە، بەشەکەی دیکەیان کە زۆر گرنگە، دەبێت بە ئەرکی فەرمانی دەسەڵاتو کاربەدەستانی حکومەت کە لەسەر داهاتی وڵات بێمنەت جێبەجێی بکات، وەک خزمەتگوزاریی لە هەموو بوارەکانداو هێنانەکایەی هەلی کارو دامەزراندنو زۆر پێداویستی دیکە.

حـکـومـەتو پـەرلـەمـانـی هـەرێـم لەماوەی گرتنە دەسەڵاتیان هەتا ئێستا، وەکـو پێویستو ئـەو ئیمکانیاتەی لەژێر دەستیاندایە، حەزو ئارەزوو و پێداویستییەکانی جەماوەریان دابین نـەکـردووە، تـازە بـەتـازە بە چریکەی دەنگی گۆڕان خەریکە خەبەری دەبێتەوە، دەیەوێت لەم ماوە کەمەی کە ماوە بۆ کاتی هەڵبژاردن، تەعویزی ئەو هەموو ساڵانەی پێشوو بداتەوە، ئەویش بە رەنگکردنو رەشکردنەوەی هەندێک لە شەقامەکان، هەرچەندە تەنانەت ئـەو پـارەیـەی بۆ ئەمانەش تەرخانکراوە، زۆری کەمترە لەوەی کە تەخشانو پەخشان دەکرێت یان دەدرێت بە دەمانچەو دەدرێت بە هەندێک کەس. ئەو کەسانەی کە بەهای خۆیان لەدەستداوە، فێری دەستپانکردنەوە بوون، بەڵام هێشتا ئەو برە پارانەی حەپەلوش دەکرێن زۆر لەوە زیاترە کە تەسەوری بکەین.

برادەرێکم بۆی گێڕامەوە وتی لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا خزمێکیان کە خەڵکی دەرەوەی شار بوون، بۆ خوێندن هاتبووە سلێمانیو لەماڵی خۆمان بوو، ئەوسا هەردووکمان منداڵ بووینو لە پۆلی پێنجی سەرەتایی بووین، رۆژێک باوکیشی هاتبوو بۆ شارو زانیبووی کە کوڕەکەی یەک دیناری لە خزمێکیان وەرگرتووە، بانگی کردو موحاسەبەی دەکرد کە بۆچی وەریگرتووەو ئەو دینارەشی داوە بە چی...! کوڕەکەی وتی: بابە یەک عانە (٤ فلس)م داوە بە گوڵەبەڕۆژە، یەک عانەی دیکەم داوە بە لەبزینەو عانەیەکی دیکەش بە مەسکەت. باوکە توڕەبوو وتی: هەی نارەسەن دینارێک بە یەک عانەو دوو عانە تەواونابێت، پێم بڵێ چیت لەو دینارە کرد. ئینجا ئێمەی میللەتیش بۆمان هەیە بپرسین ئەم ملیۆنەها دۆلارە نەک دینار، چی لێدێتو بۆ کوێ دەچێت.

سـەردەمـانـێـک خەڵکی بە عیشق دەچوون بەرەوپیری مەرگەوە، ئە ئێستا خەڵکانێک هەن دەچن بەرەوپیری پارەو ئیمتیازاتەوە. گەلی برادەرینە، کوردستان ژێرخانی ئابووری وێرانبووە، ئەویش وەک هەموو دەزانـیـن بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسـەڵاتو تێکەڵکردنی حیزبو حکومەتو... هتد.

بەهەرحاڵ ئەگەر خوایکرد ئەم حکومەتە توانی ئەوکاتە جەماوەر رازی بکات، ئەوا ئێمە دەستخۆشی لەخۆمان دەکەین بۆ خۆمانو نەعرەتەی بەئاگاهێنەرەوەمان، خۆ ئەگەر نەشتوانرا، ئـەوا جەماوەر خـۆی سـەرپـشـکـە لـە هـەڵـبـژاردنو دەستنیشانکردندا، لێ لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئەوەیە ئەوەی تا ئەوکاتە نەکرا، لەوبڕوایەدا نیم جەماوەر بە وەعدو وعود بۆ داهاتوو فریو بدرێت.

## ئاسۆبینی



# ئەگەری تێکشکاندنی وەهمەکان

پارێزەر تەها عومەر رەشید

ئەوەی هەمیشە لەناو زهن‌و لە کرداری سەرکردەی خۆرهەڵاتیدا دەبینرێت، بریتییە لە خواستی مۆنۆپۆلکردنی سیاسەت لە رێگای خەفەکردنی دەنگی نارەزایی‌و رای جیاوازو قبوڵنەکردنی کێبرکێ لەسەر دەسەڵات‌و لەهەمانکاتدا لەئەستۆنەگرتنی شکست... ئەمە خۆی لەخۆیدا مۆدێلێکە لە ژیانی سیاسیی ئەم ناوچەیەداو لای ئێمەش سەرکردە لەناو حیزب‌و حیزب لەناو کۆمەڵگادا لەماوەی رابردوودا ئەزموونیان کردووە، هۆکاری دروستبوونی ئەم مۆدێلە هەرچی بێت، ئەنجامەکەی بریتییە لە کورتکردنەوەی بڕیاری سیاسیی لە یەک کەسدا یان لە باشترین حاڵەتدا لەچەند کەسێکدا. رەوایی ئەم کورتکردنەوەیە لەو بڕوایەوە سەرچاوە دەگرێت کە (سەرکردە هەڵە ناکات)، ئەگەر هەڵەیەکیشی بەسەردا ساغکرایەوە، ئەوا دەبێت بڕوامان وابێت کە حیکمەتێکی لەپشتەوەیە کە ئێمە نایزانین، لەم مۆدێلەدا دووربینی‌و پێشبینی‌و تاکتیک‌و ستراتیژ لە دنیای سیاسەتدا تەنیا لەناو یەک مێشکدا حەشاردراوە، کە بۆ زانینیان دەبێت بیر لە بچووکترین هەڵسان‌و دانیشتنی سەرکردە بکرێتەوە، تا ئەوەندەی نوکە دەرزییەک تێبیگەیت‌و بزانیت حیکمەت لەو جوڵەو هەڵسوکەوتانە چ پرۆژەیەکی سیاسیی لەپشتەوەیە، چونکە ئەوەی لە زاری سەرکردەوە دەبیسترێت، هەموو بابەتەکە نییە، واتا حیکایەتەکانی سیاسەت نادیارن.

لە سەردەمی شاخدا دەبوایە شۆڕشگێڕەکان چاو ببڕنە دەرگای ئەشکەوتێک تا دوای چەند رۆژێک خەڵوەتی سەرۆک تەنیا ئەوە بزانن کە ئەم خەڵوەتکێشانە بێ حیکمەت نییە، کە رەنگە ئەگەرەکان زۆر لێک دووربن (یان بەرنامەی چالاکییەکی چەکداریی نوێ بێت یاخود دەشێت کۆتاییهێنان بێت بە شۆڕشەکە).. بەمەبەستی بەرز راگرتنی لایەنی پیرۆزیی‌و مەعنەویی‌و دڵنیابوون لە عەقڵی سیاسیی سەرۆک، زۆرجار دەبینین میدیای حیزب ئەو وتانەی رابردووی سەرکردەکان بەبیر دەهێنێتەوە کە بەر لەچەند ساڵ لە رووداوەکان پێشبینییان کردووە، (بۆ نموونە) وتوویەتی عێراق دەڕووخێت یان ئەمریکا لە عێراق دەدات.. لە رەنگدانەوەی مۆنۆپۆلی سیاسەتدا لەسەر حیزب، سیاسەتی حیزب لە رابردووی ئەوەندە ساڵی رابردوودا لەشێوەی هەرەمێک لەسەرەوە بۆ خوارەوە بۆ ئەم مەبەستە دارێژراوە. بەمشێوەیە کە حیزب نەک بەناوی ئەندامانییەوە، بەڵکو بەناوی کۆمەڵگاوە سیاسەت دەکات، بەڵام هەموو مەسەلەو بڕیارەکان لای سەرۆکن‌و شیاوی درکاندن نین، دوای ئەو مەکتەبی سیاسیی کەمێک دەزانێت، سەرکردایەتی کەمێکی کەمترو بەمشێوەیە تا سیاسەت دەگاتە ئەندامان‌و خەڵک ئەمان ئاگاداری هیچ نین.

گواستنەوەی سیاسەتکردن لە خانەی پێشبینی‌و بیری سەرۆکەوە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی‌و ئەدای دامەزراوەیی‌و لە حیکمەتێکی نادیارەوە بۆ شەفافکردنی‌و لە موڵکی کەسێکەوە بۆ خەڵک، مەسەلەیەکی چارەنووسسازە بەتایبەتی کە ئێستا زیاتر لە هەر کاتێک پرسی چاکسازیی لە جەستەی سیاسەتکردنداو بەشداریی خەڵک تێیدا لەئارادایە، ئەمەش بەوە دەستپێدەکات کە ململانێ وەک سەرەکیترین رەگەزی سیاسەتکردن لەناو چوارچێوەی چەند دامەزراوەیەکی دەسەڵاتدا بواری بۆ برەخسێنرێت. لە ململانێدا هەڵبژاردن بەشێکە لە ئەگەری گۆڕانکاریی، کاتێکیش ئەنجامێکی دیموکراسی دەبێت کە بەشداریی سیاسی بکرێتە پرۆژەیەکی بەردەوامی ژیانی کۆمەڵگا، دەبێت هەڵبژاردن ئەو بیرۆکەیە بکاتە واقیع کە سیاسەت دنیای خستنەڕووی چارەسەرە جیاوازەکانە لەلایەن بیرکردنەوە جیاوازەکانەوە، ئەوەندەی ئاماژەیە بۆ کاری بەکۆمەڵ، ئاماژە نییە بۆ کاری تاکەکەسی، هەرچەندە ئەزموون‌و لێهاتوویی‌و کارایی سەرکردە لە کاری سیاسیدا مەسەلەیەکە شیاوی فەرامۆشکردن نییە، بەڵام دەبێت لەناو میکانیزم‌و پێداویستی نیشتمانیدا بە دامەزراوە بکرێت نەک ببێتە کاری سەرپێی‌و بێبەرنامەی چەند کەسێک.

لە دیموکراسیبوونی دەسەڵاتدا چەندە پێویست بە دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی پەرلەمانی هەیە، زۆر لەوەزیاتر پێویست بە جێگیرکردنی مەبدەئی سیاسەتکردنە لە رۆشنبیریی سیاسیی کۆمەڵگادا، وەک سلوکێکی مرۆیی نەک وەک پیشەیەکی دەگمەن بۆ سەرکردەکانی ئێستاو داهاتووش.



# موزایەدە...

پشکۆ ناکام

رەنگە لە سەرتاسەری دونیادا کەم دەسەڵات‌و حکومەتی وەک ئەوەی هەرێم هەبن کە موزایەدە بە دەستکەوت‌و ئەزموون‌و بەرهەمەکانی بکات، لەکاتێکداو لە زۆر لاو خاڵدا هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵات (هەردوو حیزبەکە) وەک مۆنۆپۆڵکاری دەسەڵات، دەبێت نیشانەی پرسیاریان بخرێتەسەر لە بەرپرسیارێتییان لە بەرامبەر کۆمەڵێک کێشەو گرفتی هەمەچەشنە کە دووچاری هەرێمەکەو هاوڵاتییانیان بووەتەوە، پاساوو دروشم‌و خوتبەی رەنگاورەنگ لەبیر کەسی ناباتەوە...

(هەرێمێکی سێ پارێزگا) بودجەیەکی زۆرو زەبەندی بەرامبەر بە نزیکەی نۆ ملیار دۆلار!! داهاتی ئەو نەوت‌و گازەی بە (رەش) دەنێردرێتە ئێران، داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل هەر لەساڵی (١٩٩١)ەوە کە رۆژانەی بە یەک ملیۆن‌و پێنج سەد هەزار دۆلار مەزەندە کراوە (جا لەو کاتەوە تائێستا کە دەکاتە (١٨) ساڵ، دەبێت داهاتەکە بگات یان گەیشتبێتە چەند؟!)، هەر لەبەر ئەو گومرگەش هەزاران کەس خرانە ژێر گڵ... لە بەرامبەر ئەم هەموو داهاتەدا، دەسەڵاتی هەرێم خۆی بە پێشەنگی هێنانە کایەی بەهەشتێکی سەر ئەرز دەزانێت لەڕووی پرۆژەو خزمەتگوزارییەوە، هیچ پردو بینایەک نییە پێش تەواوبوونی (ئەگەر تەواوبکرێت) لە راگەیاندنەکانی دەسەڵاتەوە دە پانزە جار باسی لێوە نەکرێت، دەبێت حکومەت‌و دەسەڵاتی هەرێم منەتی چی بکەن بەسەر خەڵکدا، گوایە خزمەتگوزاریی پێشکەش دەکەن؟! لە کام کون‌و قوژبنی دونیادا هەیە کە حکومەت‌و دەسەڵات منەتی ئەوە بکەن کە خزمەتی هاوڵاتییانی خۆیان دەکەن؟ ئەی دەسەڵات نازانێت ئەو بودجەیەی لە ناوەندەوە دابینکراوە بۆ خەڵکە، بۆ خزمەتکردنی خەڵکە، بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکە، بۆ دابینکردنی خواست‌و پێداویستییەکانی خەڵکە... ئەو بودجەیە بۆ حیزب‌و سەرۆکایەتی حیزب‌و مەبەست‌و مەرامی حیزب نییە، بەڵکو بە رێژەی خەڵکی هەرێم بودجەکەش دابینکراوە، خۆ ئەگەر بە رێژەی هەردوو حیزبەکە بوایە، بەدڵنیاییەوە یەک لە سەدو هەزاری ئەو برە پارەیە دەبوو، بودجەیەک کە بە ناوی خەڵکی هەرێمەوە وەردەگیرێت‌و دەخرێتە قاسەو (گیرفان)ەکانی حیزبەوە، ئەگەر لەو پارەیە پرۆژەیەک‌و دووان جێبەجێ بکرێت، نابێت هەرێم‌و دەسەڵاتەکەی (موزایەدە)ی پێوە بکات، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو بودجەیە بۆ خەڵکە، دەسەڵات لەجیاتی خەڵک‌و لەرێی پەرلەمانێکی کارتۆنییەوە دەستیگرتووە بەسەر بودجەو هەموو داهاتە سپی‌و رەشەکانی هەرێم، دەیەوێت لەبەرامبەر خزمەتگوزارییەکان چەپڵەی دەستخۆشییان بۆ لێبدرێت، ئیتر لەئاست ئەوەی بودجەو داهاتەکانی دیکە چی لێدێت‌و چۆن دابەشدەکرێت‌و چۆن (لرف) لێدەدرێت، ئەو خەڵکە لێی بێدەنگ بێت‌و بەرچاوی خۆی نەبینێت لەو منەت‌و موزایەدەی دەسەڵات دەیکات، هەڵوێستی چییە لەسەر قوتابخانەیەک لە شارۆچکەی (سەیدسادق) لەبەر نەبوونی بینای تایبەت بە قوتابخانەکە، زیاتر لە (٨٠٠) قوتابی بە (٣) دەوام دەخوێنن! لەکوێ؟! لە بینایەک کە حوجرەی مزگەوتە! ئاخۆ هەر خانوو بینایەو کۆشکێکی لێپرسراوانی دەسەڵات، چەند قوتابخانەی تێدا دروستبکرێت سەبارەت بە نرخ‌و بەهاکانیان!! نەدەکرا (شوهرە) خان گۆرانییەک کەمتر بڵێت‌و بە پارەکەی قوتابخانەیەکی پێ دروست بکرایە؟!

کەسێک بچێت لەجیاتی کەسێکی دیکە پارە وەربگرێت‌و جارجارە وەک (خێر) شتێکی بداتێ، جۆرێکە لە دزی، جۆرێکە لە هەڵخەڵەتاندن، دەبێت هەر دوعای ئەوە بکەین دەسەڵات لەبری ئەو خزمەتگوزارییانەی بە پارەی خەڵک جێبەجێی دەکات، داوای سو (فائدە Ranta)مان لێنەکات‌و بە قەرزی بانک لەسەرمان حساب بکات.

(شەهید) ئەو کەسە دڵسۆزو بە عەقڵەیە کە گیانی خۆی دەکاتە قوربانی کەس‌و خەڵکانی دیکە، هەچ شتێک موزایەدەی پێوە بکرێت، بە شەهیدەوە ناکرێت! دەسەڵاتی کوردی وەک نەریتێکی تایبەت بە خۆی، موزایەدە بە سەر شەهیدو قوربانییەکانیشەوە دەکات، دەسەڵات لافی ئەوە لێدەدات کە مانەوەی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا (پاراستنی خوێنی شەهیدە)!! کام شەهید؟ ئەو شەهیدەی لەپێناوی ئازادیی‌و سەرفرازیدا گیانی خۆی بەختکرد، موستەشارو جاش‌و فایلدارە بکوژەکانی ئەو ئێستا لە سایەی ئەم دەسەڵاتەوە لەوپەڕی نیعمەت‌و (های لایف)دا دەژین! کام شەهید؟ ئەو پێنج هەزارە شەهیدەی هەڵەبجە کە دەسەڵاتی کوردی ئامادەنییە جێبەجێکاری تاوانبارەکە بە سزای خۆی بگات‌و پلەی (ئەستێرە)ی پێ دەبەخشێت...

کام شەهید؟ ئەو شەهیدەی مووچەی مانگانەی (شەهیدبوون)ی ناگاتە نیوەی بکوژەکەی؟

کام شەهید؟ ئەو شەهیدەی بە خەوی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانەوە، دوا هەناسەی دا، بکوژی هەمان شەهید بەو ئاڵایەوە بنێژرێت!! کام شەهید!

ماڵو خانووی کام شەهید وەک (کۆشک)ەکەی (تەها محێدین)ە لە دوکان!! کەسوکاری کام شەهید وەک (تەها محێدین) بۆ چارەسەر!! رەوانەی دەرەوەی وڵات کرا!!

دەسەڵات هەر بەوەوە نەوەستاوە کە موزایەدە بە خوێنی شەهیدانەوە دەکات، بەڵکو دەڵێت (بڕۆنە سەر گۆڕەپان‌و گیانی پاکیان ئاگاداربکەنەوە کە خواستەکانیان هاتووەتەدی)!!!

بەڵێ، دەسەڵات دەیەوێت بچینە سەر گۆڕی شەهیدان‌و مەزاری پیرۆزیان‌و مژدەیان بدەینێ‌و پێیان بڵێین: مژدە ئەوە (تاریق عەزاوی) زیندانەو هاکا بە سزای تاوانەکانی گەیشت... مژدە ئەوە (هاشم سوڵتان) لە زیندانەو (١٠) جار ئیمزای بە سزا گەیاندنی کراوە.. مژدە ئەوە (خزرجی) دەرکەوت (خەت مائیل) نییەو دەبێت سزا بدرێت... مژدە ئەوەتا ئەو کوردە خائینانەی دەوریان لە (شەهیدبوونی) ئێوەدا هەبووە، هەموویان دەدرێن بە دادگاو لەبەردەم یاساو ویژدانی مرۆڤایەتی دەگەن بە چارەنووسی خیانەتەکانیان.. مژدە ئەی (شەهیدانی) قەسابخانەکانی بەعس، ئێوە کە بەدەستی رژێمەکەی (سەدام) لەسێدارەدران‌و (قەزافی)یش کە پەیکەری ئاڵتونی بۆ دروستدەکات، ئێستا فولکەکەی (قەزافی) نەماوەو کراوە بە (فولکەی ئایندەی خەوی شەهید).

دەسەڵاتی کوردی یەکێکە لەو جۆرە دەسەڵاتە دیماگورگیانەی بۆ بەرژەوندی تایبەت هەموو یارییەک دەکات، هەر ئەم دەسەڵاتە بوو لە مەسەلەی تاوانبارانی ئەنفال‌و هەڵەبجەو پێشمەرگە، بێ حورمەتییەکی زۆری کردووە بە خودی شەهیدو کەسوکارو قوربانییەکانیش، کەچی ئەمڕۆ (موزایەدەی) ئەوە بەسەر خەڵکەوە دەکات کە هەموو خواستەکانی شەهیدان هاتووەتەدی!

ئێمە بۆ بەراوردکردنی دروشم‌و کردارەکان‌و جیاوازی نێوانیان‌و مەبەستەکانی ئەوان (لەپشت پەردەوە)، بۆ هەڵسەنگاندنی وتەی ئەمڕۆو کرداری دوێنێ، وەک پرسیار دەیخەینە بەردەم دەنگدەران....

# دروشمە بریقەدارەکان

شاسوار مامە

لەسەروبەندی هەڵبژاردنەکانی رابردووی کوردستاندا، دوو پارتە زلهێزەکە (یەکێتی‌و پارتی) بە دروشمی بریسکەدارو جۆراوجۆر بانگەشەیان دەکردو داوایان دەکرد هاوڵاتییان دەنگیان پێ بدەن، خەڵکیان دڵنیا دەکردەوە کە لەبری دەنگدانیان خزمەتیان دەکەن‌و ئاواتەکانیان دەهێننەدی، کوردستانیش ماوەیەکی کەم بوو ئازاد ببوو، ئەزموونیان نەبوو لەگەڵ حکومڕانی دوو حیزبەکە، بۆیە خەڵکەکەی بەئاسانی باوەڕیان کرد، بەڵام چەندین ساڵ تێپەڕی کرد نەمانبیست‌و نەمانبینی تەنیا بەشێکی کەمی ئەو دروشم‌و بەڵێنانە پراکتیزە بکرێن کە دوو حیزبەکە بڵاویان کردبوونەوە، کە ئێستا کوردستان بەرەو هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمان هەنگاو دەنێت‌و بەرلەوەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەستپێبکات، یەکێتی‌و پارتی دەستیان کردووە بە بانگەشەکردن‌و هاندانی هاوڵاتییان بۆ دەنگدان پێیان، سەرەڕای نایاسایی کاتی پڕوپاگەندەیان، لەهەمانکاتدا شێوازی بانگەشەیان ئەو دوو پارتە دووردەخاتەوە لە بنەماکانی دیموکراسی، چونکە هەڕەشەکردن‌و تۆمەتبارکردنی لیستەکانی دەرەوەی ئەو دوو پارتەو چەندین شێوازی دیکەی بەرنامەی بانگەشەکەن، وەک ئەوەی هەر لیستێک لە دەرەوەی ئەوان بەشداریی بکات لە هەڵبژاردن خیانەتکارو نیاز خراپ بێت، لەلایەکی دیکەوە ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە، ئایا دروشمەکانی یەکێتی‌و پارتی لەکاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن چی دەبن؟ ئەگەر لیستی کوردستانی کە ئەو دوو حیزبە خاوەندارێتی دەکەن، بڵێن پارێزگاری لە دەستکەوتەکان دەکەین کە وێردی سەرزاریانە، ئەوا توندوتیژیی بەرامبەر رۆژنامەنووسان‌و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ‌و گەندەڵی‌و چەندانی دیکە کە ئێوە لێیان بەرپرسن، دەستکەوتەکان ناپارێزن، دەستکەوت بە خزمەتگوزاریی‌و سەروەریی یاساو کەمکردنەوەی گەندەڵی‌و دیموکراسیبوونی کوردستان دەپارێزرێن، ئەگەر بڵێن خزمەتگوزاریی زیاتر پێشکەش هاوڵاتییان دەکەن، ئەوا کێ رێگری لێ دەکردن کە لەماوەی رابردوو کە خاوەنی چەندین ساڵ دەسەڵاتن، خزمەتگوزاریتان پێشکەش بە خەڵکی کوردستان کردبوایە؟ بۆ نەتان کرد؟ ئەگەر تائێستا نەتانتوانی بێت، دڵنیام لەکاتی هەڵبژاردنیش ناتوانن‌و هەمان دروشم‌و بەڵێنە فریودەرەکانی دیکەن، ئەگەر بڵێن ناوچە دابڕاوەکان دەگەڕێنینەوە سەر کوردستان، ئەوا لە دیدی ئێوە هاتنەدی ئەو ئاواتە خەونی شاعیرانەیە هەروەک خەونەکانی دیکەتان، بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەوەیە کە لەچەند ساڵی رابردوودا نەتانتوانی بەشێکی کەمی ئەو هەنگاوانە جێبەجێ بکەن کە پێویست بوون، بۆچی نەتانتوانی نموونەیەکی جوان پیشانی خەڵکی ناوچە جێناکۆکەکان بدەن کە چەندین ساڵە فەرمانڕەوای ئەو ناوچانە دەکەن، ئەگەر دەسەڵاتی کوردی، کوردستان نەکاتە نموونە کێ پێیوایە خەڵکی ئەو ناوچانە بە کوردیشەوە حەزدەکەن بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، هەروەک هاوڕێیەکی کوردی کەرکوک پێیوتم مامەڵەی حیزبە کوردستانییەکان بەشێوەیەکە کە ئێمە ئارەزوومان نەماوە بگەڕێینەوە سەر کوردستان، ئێستا هەموومان دڵنیابووین لە نەگۆڕانی شێوازی حکومڕانی دوو پارتەکە، چونکە ئەزموونمان هەیە لەگەڵ هەردووکیان لەماوەی (١٨) ساڵی رابردوو، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە رەنگ‌و دەنگ‌و بەرنامەی نوێ تاقی بکرێتەوەو راپەڕینێک دژی ئەو شێوازەی دەسەڵات لە رێگای هەڵبژاردنەوە ئەنجامبدرێت.

Shaswar.press@yahoo.com

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی دادوەریی
دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٣
ژمارە: ٤٦١/ش/٢٠٠٩
ڕۆژ: ٢٠٠٩/٥/٢٠ی زایینی/٢٧٠٣

**ئاگانامە**

داواکار: لانە محمد صابر
داوالێکراو: سامی احمد فرج
داواکار (لانە محمد صابر) داوایەکی بە ژمارە (٤٦١/ش/٢٠٠٣) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە لەم داوایەدا هاتووە کە داوای جیابوونەوە دەکات لەهۆی جێهێشتنی زیاتر لە دوو ساڵ وە گواستنەوەی زیاتر لەدە ساڵ.
وە لە بەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، دادگا بریاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بە هۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە بۆ ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کەدەکەوێتە بەرواری (٢٠٠٩/٦/١٤) سەعات (٩:٢٠)ی سەرلەبەیانی، بە پێچەوانەوە ئامادە نەبن خۆیان یان بریکارێ نەنێرن، ئەوا دادگا داواکە ئەبینێ بە پێی یاسا.
داوالێکراو: سامی احمد فرج

**دادوەر**
**جاسم جزا صابر**

---

فەرمانگەی دادنوس لە رانیە

ژمارە/ ٨٠٣٧/٢١
بەروار/ ٢٠٠٩/٥/١٩

**ب/ ئاگاداری**

بۆ ئاگایکراوە/ محمد علی امین ـ حاجیاوا ـ گەرەکی ڕاپەڕین کە شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە لەکاتی ئێستادا.
ئاگایدەر (عبدالله حمە عبدالله) لە ڕێگەی فەرمانگەکەمانەوە ئاگاینامەیەکی ئاراستەکردویت بە ژمارە (٨٠٣٧/٢١) لە ٢٠٠٩/٥/١٣ کە تیایدا داوات لێ دەکات مولکی ژمارە (١/٥٤٣٩) کەرتی (٣٦)ی میرەیگ ی بە ناوەوە تۆمار بکەیت لەبەر ئەوەی لە ساڵی (١٩٩١) لێی کریبویت بەڵام لەبەر ئەوەی کە شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە لەکاتی ئێستادا بەپێی نوسراوی بنکەی پۆلیسی حاجیاواو پشتگیری شارەوانی حاجیاوا بۆیە بەو ئاگادارییە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەوە ئاگادارت دەکەین کە دوای (٨) هەشت ڕۆژ لە بەرواری بڵاوبوونەوەی ئاگادارییەکە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی رانیە ئامادەبیت و ئەو مولکەی بە ناوەوە تۆمار بکەیت بە پێچەوانەوە ئاگایدەر داوایەکی تحلیکت لەسەر تۆمار دەکات بەپێی بریاری ژمارە (١١٩٨) ساڵی ١٩٧٧ی ڕاست کراو.

**دادنوس**
**مخریر ابراهیم محمد امین**

---

ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی
**غرفة تجارة و صناعة السليمانية**

ژمارە: ٤٣٤١
بەروار: ٢٠٠٩/٥/١٣

بەڕێز کۆمپانیای (فائق معروف مصطفى) داوای تۆمارکردنی نیشانەی نیشاندراو خوارەوەی کردوە لە بەرواری ٢٠٠٩/٥/٧ بۆ بەرهەمی (مواد و مستحضرات للغسيل بصابون، مستحضرات للتنضيف و الصقل وازالة البقع الشحمية، الروائح العطرية و الزيوت لروحية والمواد الزينة (كوزماتيك) محلول للشعر)
هەرکەس و لایەنێک نارەزامەندە لە تۆمارکردنی ئەم نیشانەیە لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا لە بەرواری بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە سەردانی ژوورەکەمان بکات بۆ پێشکەش کردنی نارەزایی بە پێچەوانەوە بەردەوام دەبین لە تۆمارکردن.

**عبدالله محمد أمین خدر**
**تۆمارکاری نیشانەی بازرگانی**

---

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێ کردن
لە رانیە

ژمارە/ ٦٥/ت/٢٠٠٨
بەروار/ ٢٠٠٩/٥/١٠

**ئاگاداری**
بەڕێوەبەرایەتیەکەمان هەڵدەستێت بە فرۆشتنی موڵکی ژمارە ٥/٣٤٥ م٢٢ سرکبکان کە دەکەوێتە شاری رانیەوە تۆمارە بە ناوی قەرزداران (زلیخاو بەهارو ناهیدەو شیرین) کچانی ابراهیم عبدالرحمن و وە رابی برایم عبدالله. بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا. هەر کەسێک ئارەزوی بەشداربوونی هەیە با لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی دوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات وە لەگەڵ خۆی (تأمینات) بەبڕی (١٠٪)ی بەهای خەملێنراوی موڵکەکە بهێنێت. وە روسومات و خەرجی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەشداربووەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت. وە لە ڕۆژی (٣٠) سی یەمدا کاتژمێر (١٢) دوازدەی نیوەڕۆ زیادکردنەکە لەناو بەڕێوەبەرایەتیەکەماندا دەست پێ دەکات.

**جێبەجێ کاری داد**
**عبدالرحمن خضر حمد**
زانیاری لەسەر موڵکی ژمارە ٥/٣٤٥ م٢٢ سرکبکان
١ ـ ژمارەی زەوی: ٥/٣٤٥ م٢٢ سرکبکان
٢ ـ خاوەن قەرز: عبدالله رسول احمد
٣ ـ قەرزداران: (زلیخاو بەهارو ناهیدەو شیرین) کچانی ابراهیم عبدالرحمن و رابی برایم عبدالله
٤ ـ جۆری زەویەکە: زەوی نیشتەجێ بوون.
٥ ـ سنوری ئاوەدانیەکە: باکوری ڕۆژئاوا ٥/٣٤٣ باشوری ڕۆژئاوا ٥/٥٩٠.
٦ ـ شێوەی زەویەکە: (روکن)
٧ ـ پێکهاتەکانی: زەوی بەتاڵ
٨ ـ نرخی خەملێندراو: (١٨٠٠٠٠٠٠) هەژدە ملیۆن دینار.

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلانو بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا R١ ـ ٦٥١**
پرۆژە: دروستکردنی نەفەق و لوپی ڕۆشتنی هەمیشە کراوە لە شەقامی مەلیک مەحمود بۆ شەقامی مامۆستایان.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێری و خۆجێ یەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی ٥ لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/٢٣) دەست پێدەکات تا ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/٢٧) کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا (١٢)ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٧) کاتژمێر (٩)ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی.
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکرا کردنی تەندەر ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٧) کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١ ـ پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو پرۆژەی هاوشێوەی ئەم پرۆژەیەی جێبەجێ کردبێت وە (CV)ی خۆی پێشکەش بکات.
٢ ـ پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر) یان پێ بێت.
٣ ـ ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٤ ـ هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٥ ـ بری تامینات بەپێی یاساو ڕێنمایی یەکان دەبێت، بە بری پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بری (٤٠٠٠٠٠٠٠) چل ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادە بێت.
٦ ـ پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بە پێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٧ ـ ئەو کۆمپانیاو بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لە بانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆ پاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆ ساڵی نوێ وە پێناسەیان پێبێت.
٨ ـ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٩ ـ ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
١٠ ـ بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لەکاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١١ ـ نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١٢ ـ بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٣ – R١**
پرۆژە: گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ گەرەکی قازی محمد ژمارە (١١٠).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێری‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٣ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٧ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٧ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٦/٧ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٢) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٨٥٠٠٠٠٠٠) هەشتاو پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٤ – R١**
پرۆژە: گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ بەشێک لە گەڕەکی زەرگەتە
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێری‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٣ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٧ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٧ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٦/٧ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٣) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧٥٠٠٠٠٠٠) حەفتاو پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٢ – R١**
پرۆژە: ڕاکێشانی بۆری ئاو بۆ چەند کۆڵانێک لە گەرەکی سەرچنار (١٢١) + ڕاکێشانی بۆری ئاو بۆ چەند کۆڵانێک لە گەڕەکی ڕزگاری (٤٠٨).
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێری‌و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢١ دەست پێ دەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٥/٢٧ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٧ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی٢٠٠٩/٦/٧ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٦) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٤٠٠٠٠٠٠) چواردە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەلێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستــەی نووســەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٢٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# تاقیکردنەوەیەکمان لەپێشە



عەزیز ڕەئوف

ئەگەر لە سادەترین دەرکەوتەیدا هەڵبژاردن بریتی بێت لە تاقیکردنەوەی هێزەکان‌و هەڵبژاردنی شیاوترینیان، ئـەوا بـە دیـوەکـەی دیکەشیدا بریتییە لە چۆنێتی هەڵبژاردنەکەو بـەڕێـوەچـوونـی بەشێوەیەکی ئاشتیانەو دوور لە هەر هەوڵێک بۆ نیشاندانی هێزەکان وەک نەیاری یەکتر، بە مانایەکی دیکە بردنەوەی هەڵبژاردن تەنیا ئەوە نییە هێزێک لە هێزەکان هەموو ڕێگایەک بگرێتەبەر بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکە، بەڵکو قبوڵکردنی دۆڕان خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە بردنەوە. بردنەوە تەنیا ئەوە نییە هێزەکان هەوڵبدەن یەکتر ناشرین بکەن بۆئەوەی هەڵبژاردنەکە ببەنەوە، بەڵکو هەڵبژاردن ئەوەیە کە چۆن هێزێک بێت‌و ڕێز لە کارتەکانی خەڵک بگرێت، چونکە دواجار ئەوە خەڵکە هێزەکان تاقیدەکاتەوەو نوێنەری خۆیان دیاریدەکەن بۆئەوەی لە پەرلەماندا خەونەکانیان بگەیەننە دەسەڵات.

## منی جوان‌و تۆی ناشیرین

هـێـزە کـوردیـیـەکـان لـە چەند ڕۆژی داهـاتـوودا دەسـتـدەکـەن بە دەستپێکردنی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، هەریەکەیان بەجۆرێک لـە جـۆرەکـان هـەوڵـدەدات کە لـە هـەڵـبـژاردنـەکـەی کۆتایی مانگی‌تەمموزی ئەمساڵدا زۆرترین خەڵک لەخۆیان کۆبکەنەوەو ناوی لیستەکەیان لە زۆرترین کارتەکانی دەنگداندا بنووسرێت، کە ئەمەش دیاردەیەکی تەواو دروستەو مافی هەر هێزو لایەنێکە بەجۆرێک لە جۆرەکان هەوڵی ئەوە بدات لەماوەی دوو مانگ پڕوپاگەندەکردندا، کارتی زۆرترین خەڵک بۆخۆی مسۆگەر بکات، بەڵام ئەوەی دروست نییە ئەوەیە، کە لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا هەوڵی کڕینی عەقڵی خەڵک بدرێت‌و هێزەکان ناشرینییەکانی خۆیان نەبینن‌و تەنیا بکەونە وێزەی بەرامبەر، هەر یەکێک ئەوی دیکە تاوانبار بکات، یا هەوڵبدرێت جەماوەر لە هێزێک یا لیستێک لە لیستەکان هانبدرێت‌و ئازاری ڕۆحی‌و جەستەیی بەرامبەر بدرێت (وەک ئەوەی لە هەڵبژاردنەکەی رابردوودا بینیمان)، بێگومان ئەوەی دروست نییە ئەوەیە، کە هێزەکان لەو ماوەیەدا کۆمەڵە دروشمێکی گەورە بەرزبکەنەوە، کە خۆشیان دەزانن ئەو دروشمانە شایەنی جێبەجێکردن نین، چونکە بێشک هەر هێزێک یا لیستێک لە لیستەکان ئەگەر بیەوێت دروشمەکان جێبەجێ بکات، ئـەوا لە دروشمە بچووکەکانەوە دەستپێدەکات، هەڵگرتنی دروشـمـەکـان‌و دواتـر جێبەجێنەکردنیان، هێندەی دیکە متمانەی زۆرێـک لەو لیستانە لای خەڵک لەدەستدەدات.

## دوو مانگ لە دروشم

بەو پێودانگەی هەڵبژاردنەکەی ئەمجارەمان لێوانلێوە لە لیستی جـیـاواز، دڵنیام هەڵبژاردنێکی گەرموگوڕ دەبێت، بەڵام هەموومان ئـەوەش دەزانـیـن ئـەو لیستانە بۆ ڕازیکردنی دەنگی زۆرینەی خەڵک هێندە بەڵێنمان پێدەدەن، کە زۆرێک لەو بەڵێنانە بە هیچ هێزێکی دنیا جێبەجێ ناکرێت، بەڵام ئەوە بووەتە کلتوور لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە هێزەکان دیـن‌و کۆمەڵێک چەمکو زاراوە فـڕێـدەدەن، بەبێ ئـەوەی بگەڕێنەوە سـەری‌و بەبێ ئەوەی ئەو دروشمانە لەگەڵ کردەوەی ئەو هێزانەدا بێتەوە.

دوو مانگ لیستەکانی کۆمەڵگای ئێمە دەکـەونـە پڕوپاگەندەکردن بۆ لیستەکانیان، لەم دوو مانگەدا دروستە هەر هێزێک بیەوێت بانگەشە بۆخۆی بکات، بەڵام دەبێت گومان لە هەر هێزو لیستێک بکەین کە ئەگەر بیەوێت باسی جوانییەکانی خۆی‌و ناشیرینییەکانی بەرامبەر بکات، دەبێت گومان لەو لیستانە بکەین کە تەنیا بکەونە وێـزەی بەرامبەرەکانیان‌و ناشرینییەکانی خۆیان نەبینن.

لەچرکەساتی پڕوپاگەندەکردندا لیستەکان دەبێت ئەو بەڵێنانە بە خەڵک بـدەن کە چانسی جێبەجێکردنیان هـەیـە، سـەربـاری ئـەوەی ئێمە هەموومان لیست‌و هێزەکانی خۆمان دەناسین، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کام لەم لیستانە لەماوەی دوو مانگ پڕوپاگەندەکردن بۆخۆیان، ڕێز لە هەستی خەڵک دەگـرن‌و حورمەت دەگەڕێننەوە بۆ لیستەکەیان.

## دۆڕاوی براوە

هەرگیز بـردنـەوەی هەڵبژاردن بریتی نییە لەوەی کە لیستێک هەموو هەوڵی ئەوەی دابێت زۆرترین دەنگ بۆخۆی مسۆگەر بکات، لیستێک ئەگەر بە چاوسوورکردنەوەو هەڕەشەی نانبڕین (کـە ئومێد دەکـەم لەم هەڵبژاردنەدا ئەوە روونەدات)، بیەوێت کورسییەکانی دەنگەکان بۆخۆی مسۆگەر بکات، ئەوا بێشک ئەو لیستە براوە نییە، وەکو ئەوەی لە یەکەمین هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستاندا بینیمان کە شاری دهۆک دەنگدەرەکانی لە ژمارەی کۆی دانیشتووانی ئەو شارە زیاتربوو. هەر هێزێک بەساختەکاریی‌و کڕینی عەقڵی خەڵک (کە ئومێد دەکەم لەم هەڵبژاردنەدا روونەدات)، بیەوێت کورسیی دەسەڵات بۆخۆی مسۆگەر بکات، ئەوا بێشک دەبێت گومان لەو کورسییە بکەین، دەبێت روونیش بێت لامـان ئەگەر لیستێک لە لیستەکان بەشێوەیەکی دروست نەهاتە سەر کورسیی دەسـەڵات، ئەوا ئەو لیستە هەر بـەردەوام دەبێت لە درۆکـردن لەگەڵ خۆی‌و هەوادارانی‌و تەنانەت ئەوانەش کە دەنگیان پێداوە.

بۆیە بەبڕوای من ئەو هێزەی کە هەڵبژاردنەکە دەدۆڕێنێت، بەڵام ڕێز لە سندوقەکانی دەنـگـدان‌و کارتی خەڵک دەگـرێـت، پێش هەموویان براوەیە، جوانییەکانی هەڵبژاردن تەنیا لە بردنەوەدا نییە، بەڵکو ڕێزگرتنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەیە لەلایەن ئەو لیستانەوە کە نەیاتوانیوە زۆرینەی دەنگی خەڵک بۆخۆیان مسۆگەر بکەن.

## ئەزموونێکی براوە

ئـەوەی ئەزموونەکەمان جوان دەکـات، ئـەوە نییە کـە هێزێک بدۆڕێت‌و هێزێکی دیکەش زۆرینەی کورسییەکان بـۆخـۆی مسۆگەر بکات، ئەوەی ئەزموونەکەمان جوان دەکات، ئەوە نییە لیستێک زۆرینەی کورسییەکان بۆخۆی داگیربکات‌و لیستگەلێکی دیکەش نەتوانن متمانەی خەڵک بەدەست بهێنن، بەڵکو جوانیی ئەزموونەکەمان لە جوانیی خودی پرۆسەکەدایە. ئـەوەی گرنگە لەم هەڵبژاردنەدا حورمەت لە لیستەکانی یەکتر بگرین‌و وەک هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٥ سندوقەکانی دەنگدان سوورنەکەین.

ئەگەر ئێمە توانیمان پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی تەندروست ئەنجامبدەین، ئـەوا کـەس دۆڕاو نییەو کەسیش براوەی تاسەر نییە، ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردنی ئایندەمان هەڵبژاردنێکی بێ کەموکوڕی بوو، ئەوا ئەزموونێکی بێ کەموکوڕیمان هەیەو هەموومان براوە دەبین، ئەگەر نا، ئەوا خۆمان لەبەردەم ئەزموونێکی دۆڕاودا دەبینینەوە.

Azizrauf2003@yahoo.com

---

# وەڵامێک بۆ (تامان شاکر)

باوکی سەرکار

لە ڕۆژنـامـەی ڕۆژنامە ژمـارە (٤٧٠) بـەرواری ٢٠٠٩/٥/١٨، بابەتەکەتانمان خوێندەوە کە جەنابتان بێئاگان لە گۆڕانەکان‌و ڕووداوەکان، یان بەمەبەستێک ئەو بابەتەت نووسیوە لە ناوەڕۆکدا وا بەدیار دەکەوێت پارێزگاریکردنە لە شتە شـاراوەکـان بە ئاراستەیەکی سیاسیی نووسیوتە، پێمخۆشە جەنابتان بە سەرنجو دیقەتەوە بڕواننە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

* حـکـومـەتـی هـەرێـم بەڕەسمیی ڕێککەوتووە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بۆ ئەو سنووربەزاندن‌و تۆپبارانانەی کە دەکرێت، دیارە جەنابت وەڵامی ڕاستییەکانی جەنابی کاکە حەمەت بەسەیر وەرگـرتـووە لەو ڕۆژنامەیەدا، ئەگەرپێویست بوو بەڵگەی ڕەسیمان لایە بۆتی دەنێرین.

* بـەڕێـزت وڵاتـانـی دراوسـێـت بەوە تاوانبار دەکەیت کە کەرەستەو خۆراکی بەسەرچوومان بۆ دەنـێـرن، خۆت چاک دەزانیت ئەوە ئەرکێکی سەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە چاودێرییەکی وردی سنوورەکان بکات‌و ڕێگانەدات مـەوادی بەسەرچوو و پێداوستییەکانی ڕۆژانـەی خەڵک بهێنرێتە کوردستان.

*خوشکی ئازیز ئێمە لە خەبات‌و تێکۆشان‌و قوربانیداندا پێوستمان بە کەس نییە پێمان بفرۆشێتەوە، چونکە لە خۆبەخشین‌و ئەرکە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکاندا حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان‌و سکرتێرەکەی هەردەم لە ڕیزی پێشەوە بووە، لە مێژووی پڕ لە سەروەریی شۆڕشی نوێدا بەشی شێری بەرکەوتووە، حەق وایە جەنابتان ئەوە بزانن پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان دەهێنرێتە کوردستان، لەبەرئەوەی کەرەستەی خۆماڵیمان زۆر کەمەو گرنگیی پێنادرێت، ئەمەش حەقیقەتە.

* لای تاک بەتاکی خەڵکی کوردستان ڕوون‌و ئاشکرایە کە بازاڕەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک لەدەرەوە هاوردە دەکات.

* بەڕێزم کە هەموو کەس لەم حکومەت‌و وڵاتەدا لە خێروبێریدا بەشدارە، پێتوانەبێت سەدەقەو خێری پێدەکرێت وەکو جەنابی کاکە حەمەو حیزبەکەی‌و ئەوانەی وەکو ئەون، ئەم ئازادیی‌و دەستکەوتانەو ئەم ڕەوشە سیاسییەی کوردستان بە ماندووبوون‌و لەسەرخۆبێن‌و ئێسکو پروسکی هەزارانی وەکو کاک محەمەدی حاجی مەحمود هاتووە ئاراوە.

* ئـەو بـڕە پـارەیـەش کـە تـۆ باسی لێوەدەکەیت، نەسریەی کەسانێکی نامەسئول کە لە مانگێکدا بۆ دەزگایەکی بچووک ڕۆژانـە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان پەرش‌و پەخشانی دەکـەن، باشتروایە بەڕێزێکی وەکـو تۆ کە لات روون بێت ئـەو کەسە تێکۆشەرو شۆڕشگێڕانەی کە ئەم ئازادیەیان هێناوەتەبوون، هەرگیزاو هەرگیز چاوەڕوان نەبێت ئەمجۆرە کەسانە:

أ- بە پارەوپول دەمکوت‌و بێدەنگ بکرێن کە تۆ نیشانەت پێداوە.

ب- بە مادەو موکافەئە دەف‌و تەپڵ لێنادەن بۆ کەسان‌و لایەنێک کە ستراتیژیەتیان نەبێت بۆ ئایندەی ئەم وڵاتە.

ج- دەرکەوتووە بۆ هەموو کوردێک کە کاک محەمەدی حاجی مەحمودو حیزبەکەی تەنیا پەرۆشیان هەیە بۆ لەدەستنەدانی ئەم ئازادیی‌و دیموکراسی‌و دەستکەوتانەی کە لە پەرلەمان‌و حکومەتدا خۆی دەبینێتەوە.

خاتوو (تامان شاکر)، بەڕێزم بەهیوای ئەوەم ئەم بابەتەت بۆ دڵسۆزیی نووسیبێت‌و دەستێک لەپشت قەڵەمەکەتەوە نەبێت بۆ مەبەستێکی دیکە. لە کۆتاییدا دەخـوازم بەڕێزتان لە ڕاستیی ڕووداوەکان تێبگەیت، ئـەو زەمەنە بەسەرچوو هـەر درۆ هەر درۆ!.. لەلایەن هەندێک لە سەرکردەکان‌و ئەو کەسانەی خۆیان بە پێشڕەوو ڕابەری ئەم گەلە دەزانن‌و لەناوەوەی کوردستان بۆ یەکتری شێرن، لە بەرامبەر ئێران‌و تورکیاو بەغداو سوریا پشیلەی دەستەمۆن، ئێمە نایشارینەوە بە دەنگێکی زوڵاڵی پڕاوپڕ ڕاستی بانگەشە دەکەن لەم ڕۆژنامە سەربەخۆیەی ڕۆژنامەوە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان‌و بۆ هەموو قونسولگەرییەکانی ئەو وڵاتانەی کە باسمکردن، (حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان) باوەڕی بە ئازادیی تاک‌و کۆو سەربەخۆیی نیشتمان‌و نەتەوەی کورد هەیە.

---

# کاکە حەمە حکومەتی کوردستان، یان وڵاتانی دراوسێ بۆ تۆ خێرو بەرەکەتە!

## وەڵامێک بۆ تامان شاکر



دەشتی ئەنوەر

ئەم‌وەڵامە کە بۆ تامان شاکر دەنووسم، بێ موبالەغەکردن‌و بێ دڵسۆزییەکە بۆ کاکە حەمەو بێ ڕق‌و کینەیەکە لە تامان خان، دەمەوێت ئەو حەقیقەتە بڵێم کە کاکە حەمە باسی لێکردووەو تامان خانیش باسی لە هەندێکی دیکەی کردووە، بەڵام لەنێوان ئەو دووانە کە یەکەمیان باسی خێرو بێری وڵاتانی دراوسێ دەکات‌و دووەمیان باس لەو کێشانە دەکات کە وڵاتانی دراوسێ بۆ کوردیان دروستکردووە.

ئێمەی میللەتی کورد کە ئێستا لەناو وڵاتانی عەرەبیدا نیشتمانەکەمان بە بەشێک لە خاکی عەرەب دادەنرێت‌و بە ئیسرائیلی دووەم تەماشا دەکرێین، بۆیە دەبێت ئێمەش هەڵوێستێکمان لە بەرامبەر ئەو تەماشاکردنەی ئەوان هەبێت، بەڵام چۆن هەڵوێستێک؟ لەبەر ئەو تەماشاکردنەی ئەوان، ئایا دەکرێت ئێمەش هەموو عەرەب بە دوژمنی خۆمان سەیر بکەین، لەکاتێکدا بوونمان وەک کورد لە بەرامبەر عەرەب وەک خاڵێکی ڕەش وایە لەناو فایلێکی گەورەی سپیدا؟ بێگومان نەخێر نابێت ئێمەش بە چاوی دوژمن‌و دوژمنکارییەوە تەماشایان بکەین، دەبێت ئێمە بە سیاسەتی لێکگەیشتن‌و گفتوگۆی ئاشتیانە وایان لێبکەین جارێکی دیکە بەو چاوەو چاوی ساڵی ١٩٨٨ تەماشامان نەکەن، تا جارێکی دیکە بە دەردی کارەکانی ڕابردووو ڕۆژە ڕەشەکاندا نەڕۆین، ئەم قسەش دەکەم بۆ ئەوە نییە من دڵم بە عەرەب خۆش بێت‌و حەزم لێیان بێت، بەڵکو بۆ ئەوەمە کە عـەرەب خاوەنی تایبەتمەندییەکی خۆیان‌و بوونی ئەوان لە زۆر لاوە، لای ئەو کەسانەی ئێمە مەبەستمانە گرنگترە لە ئێمە، بۆیە دەبێت ئێمە مێزی گفتوگۆ لەپێش تەماشاکردنمانەوە بێت.

بـۆ ئـەو قـسـەیـەی کـاکـە حەمە کردوویەتی، گومانی تێدا نییە لەئێستادا وڵاتـی دراوسـێـی وامـان هەیە خێرو بەرەکەتە، دەبێت ئەوەش بزانین خێرو بەرەکەت ئەوە نییە کە ڕێزمان لێبگرێت‌و پارەو ئاڵتون‌و لایەنە مادیەکەمان بداتێ، بەڵکو خێرو بەرەکەتە ئەوەیە ئێمە لە کوردستانین‌و تائێستا نەمانتوانیوە گرنگی بە بەرهەمی ناوخۆیی خۆمان بدەین، کەچی تەماشابکە ئێران‌و تورکیا یەک ڕۆژ خاڵە سنوورییەکان دابخەن، دەبینی بازاڕەکان چی بەسەردێت‌و چ گۆڕانێکی ئابووری بە زیان بەسەرماندا دەشکێتەوە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەسایەی ئەو نۆزدە ساڵەی داوی ڕاپەڕین، حکومەتی کوردی ئەو عەقڵیەتەی نەبووە کە گرنگی بە گوندەکان‌و جوتیارەکان بدات تا بەرهەمی ناوخۆمان بنێرین بۆ ئەوان‌و ئەم هاوکێشەیە (هێنانی بەرهەمە جۆراوجۆرەکان) پێچەوانە بکەینەوە، ئەگەریش لە ڕووە سیاسییەکەیەوە تەماشابکەین، وڵاتی ئێران نەبوایە لە کـۆڕەوەکـەی ساڵی ١٩٩١ دەیسانەوە ئەنفالێکی دیکە دەکراینەوەو ژمارەی ئەنفالکراوەکان هێندەی دیکە زیادی دەکـرد، ئەگەریش تەماشای کارەکانی دیکەی داوی ڕاپەڕین بکەین کە هەندێکیان ناکرێت ئێستا باسی لێوەبکەین، ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە تورکیاو ئێران چ هەڵوێستێکیان بووەو ئەو هەڵوێستانە چەندی زەرەرو قازانجی کـوردی تێدا بووە.

ئەو قسانەی کە تامان خان باسی لێوە کردووە، دڵنیام شێوە توڕەییەکی پێوە دیارە، ئەگەر توڕەییە دژایەتی بێت یان ڕق‌و کینە بێت یان هۆکاری دیکە بێت، گرنگ ئەوەیە کاتێک توڕەییەکان دەبێتە خاڵی سەرەکی قسەکردن، لە چوارچێوەیەک دەرنـەچـێـت‌و بچێتە بەرنامەی هێنانەوەی دەستی دیکە بۆ خاکی کوردستان، من بە تەحەداوە دەڵێم تائێستا ڕۆژێک لە ڕۆژان دانی خێرم بە یەک حیزبی کوردیدا نەناوە، ئەویش تەنیا لەبەرئەوەی ئەم حیزبانە بە عەقڵیەتی شاخ ئیش دەکەن‌و پیرۆزی لەناو حیزبە کوردییەکاندا بێ سنوورە، بۆیە دەکرێت ئەو حەقیقەتە بڵێم کە تامان خان دەڵێت وڵاتانی دیکە بۆ کاکە حەمە بووەتە خێرو بەرەکەت، ئەی بۆ ناڵێت وڵاتانی دیکەش بۆ حیزبەکانی دیکە لە ڕابردوودا بۆ یەکتر شکاندنەوەمان ببوون بە خێری بەرەبان؟ لە تورکیاو ئێران درواسێمانەوە بگرە تا دەگاتە دەیان وڵاتی دراوسێی، ئەوانیش هەوڵی دژایەتی‌و لەناوبردنمانیانداوە، بـەڵام پلانەکەی سـەری نەگرتووەو ئێستا بە شێوازو بەرنامەیەکی دیکەوە هاتووەتە گۆڕەپانەکەو دەیـەوێت لە ڕێگای نەیارو پارتە نەیارەکانی ئێمەوە، لە عێراقدان دیسانەوە ئەو ئامانجەی خۆیان بهێننەدی، بۆیە دەکرێت بڵێم تاکە شتێک ئێستا گرنگە بۆ ئێمە، یەکتر قوبڵکردنمانە لەئاست ئەوانەی بە چاوی تێکدانمانەوە تەماشامان دەکەن‌و دەیانەوێت بە ساڵانی ١٩٨٨ ببنەوە، بەڵام لەئاستی ناوخۆدا لەناو خۆماندا زۆر ئاساییە، با ململانێکان لەم قاڵبەی ئێستا دەرچێت کە بە عەقڵیەتی شاخ بیردەکرێتەوە، ململانێکە بکرێتە ململانێی عەقڵ‌و گفتوگۆی مەنتقی‌و پێشبڕکێی سنوور نەبەزاندن، تا ئەو پەتەی گرێ کۆنەکەی لێدراوەو بەدرێژایی دوای ڕاپەڕین نەکراوەتەوە، با ئێستا خۆمان بە شێوە عەقڵانیەکەی بیکەینەوە.

dashty.press85@yahoo.com

# ترس لە قبوڵنەکردنی ئەنجامەکان



سیروان ڕەشید

بۆ من جێگای خۆشحاڵییە کە دەبینم ئەمجارە لە هەڵبژاردنەوەی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا، (٢٥) لیست، کێبرکێ بۆ بردنەوەی کورسییەکانی پەرلەمان دەکەن و هیوایەک دروستبووە کە ئەم هەڵبژاردنە واقیعە سیاسییە چەقبەستووەکەی کوردستان دەگۆڕێت.

لەم هەڵبژاردنەدا کێبرکێی سەرەکی لەنێوان لیستە هاوبەشەکەی پارتیو یەکێتی و لیستی گۆڕان دەبێت، هەروەک ناشبێت ڕۆڵی لیستی چوار حیزبەکە لەم ململانێیەدا نادیدەبگیرێت کە خاوەنی ڕێژەیەکی باش لە دەنگەکانن‌و توانای بردنەوەی کۆمەڵێک کورسییان هەیە.

نەوشیروان مستەفا بڕیارێکی ژیرانەو مێژوویی دا کە لیستی جیاوازی پێکهێناو تەکانێکی گەورەی بە گۆمی مەنگی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان دا، کە پێموانییە هیچ کەسێک هەبێت لاریی لەوەبێت ئەم قۆناغەی ژیانی سیاسییو ئیداریی خەڵکی کوردستان، پێویستی بە چاکسازییو گۆڕانە.

لەم هەڵبژاردنەدا لەکۆی (٤,٤٠٣,٢٠٧) هاوڵاتی دانیشتووی هەرێم، لە سلێمانی (١,٥٨,١٨٩) کەس، لە هەولێر (٨٩٨٧٣٥) کەس، لە دهۆک (٥٦١٨٤٩) کەس مافی دەنگدانیان هەیە، کە سەرجەمی دەنگدەران دەکاتە (٢,٥١٨,٧٧٣) کەس.

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ئەمجارە لەکۆی (١١١) کورسییەکەی پەرلەمان، (١١) کورسی وەک سیستمی کۆتا بۆ پێکهاتەکانی تورکمان‌و مەسیحیو ئەرمەن دابینکراوە، بۆ هەر یەک کورسی پەرلەمانیش (٢٢) هەزارو (٥٠٠) دەنگی بۆ خەمڵێنراوە، بەو پێودانگەش هاوڵاتییانی تورکمان‌و مەسیحیو ئەرمەن دەنگ بە لیستی پێکهاتەکانی خۆیان دەدەن، (١٠٠) کورسییەکەی دیکەی پەرلەمان لیستە کوردییەکان کێبڕکێ بۆ بردنەوەی دەکەن، کە بەمشێوەیە کورسییەکان بەسەر پارێزگاکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆکدا بەشدەبێت:

سنووری پارێزگای سلێمانی (٤٦) کورسی، پارێزگای هەولێرو دهۆکیش (٥٤) کورسی بەردەکەوێت، چونکە لەکۆی (١) ملیۆن‌و (٤٦٠) هەزارو (٥٨٤) دەنگدەری سنووری پارێزگای هەولێرو دهۆک، (٢٤٧) هەزارو (٥٠٠) دەنگی بۆ دەنگدەرانی مەسیحیو تورکمان‌و ئەرمەنەکانی هەولێرو دهۆک دەڕوات.

گرەوی گەورەی لیستەکەی نەوشیروان مستەفا لەم هەڵبژاردنەدا لەسەر بەدەستهێنانی ژمارەیەک کورسی پارێزگای هەولێرو دهۆکە، چونکە وەک پێشبینی دەکرێت لیستی گۆڕان لە سلێمانی ژمارەیەکی باش دەنگ بەدەستدەهێنێت، کە هەر لەئێستاوە هەندێک لە هەڵسوڕاوانی لیستی گۆڕان هێندە لایان ڕوونە کە لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا لیستەکەیان زۆرینەی دەنگەکان دەباتەوەو بەڕادەیەک گەشبینن کە دەڵێن: پێویست ناکات لە سلێمانی باس لە براوەی یەکەم بکەین، بەڵکو واباشترە باس لە براوەی دووەم بکەین کێیە؟

هەندێکجار هەڵبژاردن موفاجەئەی سەیر بەخۆیەوە دەبینێت، کە دەبێت پێشبینی ئەوە بکرێت ڕەنگە لەم هەڵبژاردنەدا هیچ لیستێک نەتوانێت زۆرینەی ڕەهای کورسییەکان بەدەست بهێنێت بۆ پێکهێنانی حکومەت (٥٠+١).

کێشەی هەرە گەورە لە کوردستان ئەوەیە کە خاوەنی هیچ جۆرە سیستمێکی سیاسیی حوکمڕانی نییە، دامودەزگای دەوڵەتی نییەو حیزب‌و حکومەت لەیەک جیانەکراوەتەوە، کە هاوشێوەی ئەم دەسەڵاتە لە دنیادا بێوێنەیەو لە ناوچەکەشدا تەنیا لە هەرێمی کوردستان‌و ڕژێمی بەعسی سوریادا بەرقەرارە، بۆیە مرۆڤ ناتوانێت قەناعەت بەخۆی بهێنێت کە لە ئەگەری سەرکەوتنی لیستی گۆڕان‌و چوار حیزبەکەدا، لیستی پارتیو یەکێتی دۆڕان قبوڵ بکەن؟ ئایا ئەم دوو هێزە ئامادەی ئەوە دەبن کلیلی دەرگای ئەنجومەنی وەزیران تەسلیمی لیستە براوەکان بکەن؟!!

Serwan_rm@yahoo.com







www.netewe.com

## دوو بوش، دوو شەڕی عێراق

# بیرەوەرییەکانی راوێژکارێک لە هەردوو ئیدارەی بوشو بوشی باوک

ل ٤-٥

PIRD پرد
رۆژنامە
٨ لاپەڕە
وەرگێڕان ـ دیمانەو لێکۆڵینەوەی سیاسی
ژمـارە (473) پێنجشەممە 2009/5/21

# ناکۆکییەکانی نێوان کوردو سوننە پەرەدەسێنێت

ل ٦



## پەرلەمان فیلمو فیاسکۆ

«ناوبانگی پەرلەمان زڕاوەو ئابڕووی تکاوە، ئێستا مەترسییەکی راستەقینە هەیە لەسەر کۆی پرۆسە دیموکراتییەکەو شەرعیەتی پەرلەمان، بەڕاستی ئێستا ساتێکی ترسناکە» ئەمانە وتەی ئالان راسبریدگەری سەرنووسەری رۆژنامەی (گاردیان) بوون، پاش ئاشکرابوونی فیاسکۆیەکی (ئابووری-ئەخلاقی) لەنێو پەرلەمانی بەریتانیادا، ئەمەش پاش دەرکەوتنی ئەوەی کە هەندێک لە ئەندامانی پەرلەمان هەستاون بە بەکارهێنانی ماڵی گشتی بۆ ئامانجی تایبەتیو نامۆ، لەگەڵ ئاشکرابوونی فیاسکۆکەشدا ئەندام پەرلەمانێک دەستی لەکارکێشایەوەو هەندێکی دیکەش بۆ پاراستنی ناوبانگیان هەزاران جونەیهیان گەڕاندەوە، ئەم پێشهاتە خەریکە جێ بە گۆردن براون، سەرۆک وەزیران لەق دەکاتو زۆرینەکەی پارتی کرێکارانیش دەخاتە مەترسییەوە، دوایەمین راپرسیش ئەوە دەردەخات، کە رێژەی جەماوەری پارتی کرێکاران شەش خاڵ هاتووەتە خوارەوەو ئێستا (١٣) خاڵ لەدوای پارتی پارێزگارانەوەیە.

رووداوێکی لەم شێوەیە لە وڵاتێکی وەک بەریتانیادا کە پەرلەمانەکەی بە دایکی پەرلەمانەکان ناسراوە تا بڵێی نائاساییە، بەڵام دەرئەنجامو لێکەوتەکانی ئاساییو چاوەڕوانکراون، ئیدی ئەو پارتو ئەندام پەرلەمانەی کە جورئەت دەکات ماڵی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێتو بەرژەوەندییەکەش شتێکی سوکی وەک کڕینی فیلمی سێکسی بێت، نابێت چاوەڕوانی بەزەیی گەل بێتو جارێکی دیکە خەون بە دەسەڵاتەوە ببینێت، وڵاتێک کە کلتوورەکەی لەسەر بونیادی کراوەییو ئازادیی بیرکردنەوەو ئیرادە بونیادنرابێت، تەنیا میدیای بوێرو هاوڵاتی ئازای وەک ئەوەی بەریتانیای تیا هەڵدەکەوێت، کە تەنیا لەماوەی ئەم هەفتەیەدا وەزیرێک دەستی لەکارکێشاوەتەوەو ئەندامێتی دوو پەرلەمانتاریش هەڵپەسێردراوە، بەڵام با ئەم رووداوە بکەینە دەستکەلاو لێیەوە نیگایەک لە فیاسکۆکانی لەمەڕ خۆمان بکەین، هەرچەندە ئێمە چاوەڕوان نین پەرلەمانی کوردستان بگاتەوە بە لایەنی کەمی پەرلەمانی بەریتانیادا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافی خۆمانە بپرسین، ئەگەر لە بەریتانیا کڕینی سیدی فیلمی سێکسی لەسەر پارەی سامانی گشتی تاوانو فەزیحە بێت، دەبێت بوجەی نادیارو رێککەوتنی شاراوەو خەرجیو داهاتە داخراوەکانو بێدەنگی ئەندام پەرلەمانەکان لەئاست ئەو هەموو گەندەڵییە داراییەی روژانە روودەدات چی بێت؟ ئەگەر هەڵوێستی ئەندام پەرلەمانەکانمانو پاشان خەڵکیش لەئاست ئەم هەموو نادیارییەدا بێدەنگی بێت، ئەوە دەبێت بپرسین، ئایا پەرلەمانی بەریتانیای گەورە لە پەرلەمانی کوردستان گەندەڵترە یان ئەندام پەرلەمانەکانی ئێمە حەزیان بە سەیری فلیم نییە!!.

**ئا: دانا نەوزەر عەلی**

www.nnetewe.com

## ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلوس تایمز:

# ئابووریی عێراق لە داڕوخانێکی گەورەدایەو حکومەت هەستی پێناکات

**ڕاپۆرتی لیز سلی**

زۆرێـک پێیانوابوو لەبەرئەوەی عێراق خاوەنی داهاتێکی زۆری نەوتەو سیستمێکی بانکی موعەقەدی نییە، بۆیە قەیرانی ئابووریی جیهانی کارناکاتە سەر عێراق، بەڵام لەکاتێکدا نرخی نەوت بەرزەو موشتەریش کەمبووەتەوە، ئابووریی عێراق لە دابەزیندایە.

ئەو قەیرانە داراییەی کە ئابووریی جیهانی بە چۆکدا هێناوە، دواجار خۆی دەگەیەنێتە عێراقو ئەگەری ئـەوەش هەیە کە کاریگەریی زۆر مەترسیدار لەسەر ئارامیی وڵات دروستبکات.

نرخی ئۆتۆمبێل داشـکـاوە، ئـەو بـازاڕە گەرموگوڕەی جاران لە جولە کەوتووە، ئەو ئامێرە کارەباییانەی کە چەند مانگێک لەمەوبەر لە ڕەفـەی سوپەرمارکێتەکاندا دانرابوون، ئێستاش هەر لە شوێنی خۆیانن، وڵات لەکاتێکدا لەژێر هەڕەشەی یاخیبوواندایە، زیاتر لە نیوەی پیاوەکانی کە تەمەنیان لە (١٨- ٢٩) سالیدایە، بێکارن.

قەیرانی ئابووریی ماوەیەکی خایاند تا گەیشتە ئێرە، سەرەتا لەبەرئەوەی پارساڵ کاتێک نرخی نەوت بەرزبوو، عێراق قازانجێکی گەورەی دەستکەوت، پاشان چونکە لەم وڵاتەدا سیستمی بانکی سادەیەو پەیوەندییەکی بچووکی بە جیهانی دەرەوەوە هەیە، بەڵام ئەو پێشبینییە گەشبینانەی کە بەمدواییە لە مانگی شوباتدا لەبارەی عێراقەوە کـران، بەتەواویی هەڵە دەرچوون.

بـاسـم جـەمـیـل، ئـابـووریـنـاسـێـکـی عێراقییەو بەرپرسی دەستەی فیدراسیۆنو پیشەسازییەکانی عێراقە، دەڵێت: «هەندێک خەڵک پێیانوابوو قەیرانی ئابووریی جیهانی کار لە عێراق ناکات، ئەو خەڵکانە گەمژە بوون».

ئاسانە بزانیت بۆچی عێراق نەیتوانی بێ زیان لەم قەیرانە ئابوورییە دەربازی بێت، دابەزینی نرخی نەوت لە لوتکەوە کە نرخی هەر بەرمیلێک (١٤٧) دۆلار بوو هاوینی پار بۆ (٥٠) دۆلار ئەمڕۆ، ئابووریی وڵاتی داڕوخاند، چونکە ٩٠٪ی ئابووریی عێراق پشت بە نەوت دەبەستێت. هاوکاریی‌و ئاوەدانکردنەوەی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە کۆتاییهاتووەو هیچ سەرچاوەیەکی مادیی نوێ پێناچێت لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە بۆ عێراق دابین بکرێت، لەکاتێکدا دەیەوێت لە عێراق بکشێتەوە.

ساڵی ٢٠٠٩ عێراق پاڵدەداتەوە لەسەر ئەو پارە زیادەیەی کە لە ساڵانی ڕابردووەوە بۆی ماوەتەوە، بەڵام ساڵی داهاتوو مەترسییەکی گەورە لەڕێدایە کە حکومەتی عێراق دەکەوێتە بارودۆخێکەوە، وەکـو بەرپرسێکی باڵای ئەمریکی لە عێراق دەڵێت: «ئیفلاس دەکات».

ئەمساڵ بەهۆی کەمهێنانی بودجەوە، مەسروفات بە بڕی (١٨) ملیار دۆلار کەمکرایەوە، عێراق دەرگـای بـەڕووی ژمارەیەکی زۆر وەبەرهێنی بیانیدا کردووەتەوە، بەڵام وەبەرهێنە تایبەتەکان بە کەمی ئامادەبوونیان پیشانداوە بێن لە وڵاتێکدا کاربکەن کە هێشتا تەقینەوەو کوشتن، هەرچەندە ڕێژەکەی زۆر دابەزیوە، ڕۆژانە بە ئاسانی ڕوودەدەن.

بەیان جابر لە دیدارێکدا بە ئاماژەکردن بە بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەقینەوەکان لە مانگی نیساندا، وتی: «دەرسی یەکەم ئاسایشە، ئەوەی لە چەند هەفتەی ڕابردوودا ڕوویدا، کۆمەکمان ناکات».

بەرپرسەکانی عـێـراقو ئەمریکییەکان زۆرجار پەیوەندییەکیان دروستکردووە لەنێوان پێویستیی هەبوونی ئابوورییەکی پێشکەوتوو و ئەگەری ئەوەی خەڵکی عێراق دەستبدەنە چەکو دژی حکومەت بووەستنەوە.

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، مانگی ڕابـردوو لە کۆنفرانسی لەندەندا وتی: «ئاسایشو بەرەوپێشچوونی ئابووری دوو چەمکن لە پەیوەندیدان بەیەکەوە، ناتوانین باس لە سەقامگیرو ئەمنیەت بکەین بەبێ هەبوونی ئابوورییەکی بەهێز».

ئەو دابەزینەی ڕوویـکـردووەتـە داهاتی عێراق، وای لە حکومەت کردووە کە دامەزراندن کەمبکاتەوە، لانیکەم نزیکەی (٣٠,٠٠٠) پۆلیس کە لە بەرنامەدا بوو دایانبمەزرێنن، تائێستا دانەمەزراون.

هەروەها ئەمە مەترسیی دروستدەکات لەکاتێکدا حکومەت بەڵێنیدابوو (٩٠,٠٠٠) ئەندامی کوڕەکانی عێراق لە حکومەت دابمەزرێنێت، (ئەمە ئەگەر ڕوونـەدات) ڕەنگە دەرئەنجامی نیگەرانکەر دروستبکاتو ئەو خەڵکانە پاڵپشتی حکومەت نەکەن، ئەم چەکدارە سوننیانە کە سەنگەریان گواستەوەو دەستیانکردە جەنگان لەگەڵ یاخیبووواندا، کاریگەرییەکی گەورەیان دروستکرد لەسەر گۆڕینی شەڕەکە، بەڵام ڕوون نییە کە ئایا ئەم چەکدارانە وەکو چەکداری حکومەت قبوڵ دەکرێن کاتێک کە دەچینە قۆناغی کۆمەڵگای دوای شەڕ لە عێراق.

بەشێوەیەکی گشتی عێراق پێویستە کار بۆ ٢٨٪ی گەنجەکانی دابین بکات کە بێکارن، هەروەها هەموو ساڵێک پێویستە (٨٢٥,٠٠٠) کەسی نوێ دابمەزرێنێت، ئەگەر بتەوێت ڕێگایان لێبگریت کە بۆ پەیداکردنی بژێویی ژیانی خێزانەکانیان پەیوەندی بە یاخیبووانەوە نەکەن.

حکومەت بەهەمانشێوە دەبـێـت ئـاوو کارەباو خانووبەرە بۆ خەڵکی دابینبکات، ئەگەر سەرکردەکان پابەندبن بەو بەڵێنانەی کە پێش ئەوەی هەڵبژێردرێن دایان.

بـەڵام عـێـراق لەجیاتی ئـەوەی پـارە لە دابینکردنی کار بۆ خەڵکیدا سەرفبکات، ئەوەتا ئەمساڵ بڕی ئەو پارەیە کەمدەکاتەوە کە دەبێت لە ئاوەدانکردنەوەدا سەرفی بکات، لە (١٨) ملیار دۆلارەوە بۆ (١٢) ملیار. داهاتی (٣٦,٥) ملیار دۆلاری ئەمریکی کە بۆ پرۆژەکان تەرخانکراوە، تەنانەت بەشی مەسروفاتی ڕۆژانـەی عێراق ناکات کە (٤٦) ملیار دۆلاری دەوێت، زۆربەی زۆری ئەو پارەیە بۆ مووچە دەڕوات، ٧٥٪ی مووچەخۆران لە کەرتی حکومەتن کە پارساڵ ژمارەیان (٢) ملیۆنو نیو فەرمانبەر بوو، کاتێک نرخی نەوت بەرزبوو.

تەنانەت پێناچێت ئەو داهاتە بەدەست بهێنرێت، چونکە ناردنە دەرەوەی نەوت هێشتا لەپشت چەند پێشبینییەکەوە وەستاوە. ئەمە وتەی وەزیری دارایی، بەیان جابرە کە پێشبینی دەکات بودجە ئەمساڵ (٢٥) ملیار دۆلار یان تەنانەت زیاتریش کورت بهێنێت، وەزیر لەگەڵ چاودێری دارایی نێودەوڵەتی (IMF) قسەی کـردووە تا قـەرزی پێبداتو ئـەو بۆشاییە پڕبکاتەوە کە دروستدەبێت.

ئەمڕۆ هەموو ئاخ بۆ خەیاڵێکی ٢٠٠٣ هەڵدەکێشن، کە ئـیـدارەی بـوش بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە پێشبینیکرد کە داهاتی نەوت تەواوی مەسروفاتی بنیاتنانەوەی عێراق دەتوانێت دابینبکات.

هەر نەک ئەوە، ژێرخانی رووخاوی عێراق نەیتوانیوە بگاتە ئەو ئاستەی پێش شەڕ، کە ئاستی ناردنە دەرەوەی نـەوت (٣) ملیۆن بەرمیل نەوت بوو لە ڕۆژێکدا، بەرهەمهێنان لە هەرەسدایە. عێراق ڕۆژانە (١,٨) ملیۆن نەوت دەنێرێتە دەرەوە، کەمتر لەو (٢) ملیۆن بەرملیەی کە بودجەی ٢٠٠٩ پشتی پێبەستووە.

تەواوی بۆچوونەکان خراپ نین، جابر دەڵێت لەکاتێکدا نیشانەکان ئەوە دەردەخەنو ئابووریی ئەمریکاو چەند وڵاتێکی دیکە لە هەستانەوەدایە، ئەمانە ڕەنگە نەوتی عێراق بکڕنو عێراق ڕزگاربکەن.

پێویستییەکی زۆری عێراق بە وەبەرهێنان پاڵ بە حکومەتەوە دەنێت کە ئەو هێڵە سوورەی ببووە ڕێگر لەبەردەم هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ عێراق، ببچڕێنێت، نەبوونی یاسایەکی نەوت لە عێراق چەندین وەبەرهێنەری تووشی دودڵی کردووە لەوەی بێن لە کەرتی نەوتدا کاربکەن، بەڵام یاسایەکی نوێی وەبەرهێنانی نـەوت لـە چـاوەڕوانـی پەسەندکردندایە لەلایەن پەرلەمانەوە، مەبەست لەم یاسایە کاریگەرترکردنی ئەو ڕێوشوێنانەیە کە دەبێت بگیرێنەبەر لەبارەی کێڵگە نەوتییەکانەوە.

ئەزموونی ئەمریکا ئەوە نیشاندەدات کە قەیرانی متمانە لە بازاڕێک دەکرێت کاریگەریی هەبێت لەسەر بازاڕەکانی دیکە، حەسەن یوسف نەجم کە خاوەنی پیشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەو ژمارەیەکی زۆر ئۆتۆمبیلی هەیە لە ناوچەی مەنسوریەی بەغدا، مانگی شوبات تەنیا (٣٢) ئۆتۆمبیلی فرۆشتووە، هەرچەندە لەو مانگەدا هێشتا باری ئابووری باشبوو و بازاڕ گەرم بوو، مانگی نیسان تەنیا (٤) ئۆتۆمبێلی فرۆشتووە.

فرۆشیاری گەورەی زەوی، ماهیر جەمال، زیاتر لە (٣٠٠) پارچە زەوی لە دەفتەرێکدا تۆمارکردووە (دەفتەری نووسینگەی کڕینو فرۆشی خانوو و زەوی)، بەڵام لە دوو مانگی ڕابـردوودا یەک پارچەی نەفرۆشتووە، ئەو پێیوایە، ئەمە پێماندەڵێت کە چ بارودۆخێکی ناهەموار ڕووی کردووەتە بازاڕی فرۆشتنی زەویو موڵک. فرۆشیاران نرخەکانیان بە ڕێژەی ٢٠٪ تا ٢٥٪ دابەزاندووە، بەڵام ماهر دەڵێت: «هێشتا خەڵکی نایانکڕێت».

ئانتۆن کە ئابووریناسە، پێیوایە کە ئابووری لە بارودۆخێکی زۆر خراپتردایە لەوەی کە حکومەت هەستی پێدەکات، ئەم ئابووریناسە پێیوایە زۆرێک لەو قازانجەی کە ساڵی ڕابردوو بەدەستهات، زیـادە مەسروفی تێدا دەکراو چەندەها ملیار دۆلار لە زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتدا سەرفکرا.

کارگەکانو پیشەسازییەکانی عێراق لەکارکەوتوون، کشتوکاڵ لە خنکاندایە، کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی حکومیی بڕی پارە لە بازاڕ کەمدەکاتەوە. ئانت بەوپەڕی دڵنیاییەوە پێشبینی ئەوە دەکات کە پێدەچێت ئابووریی عێراق ئەمساڵ بەتەواوی دابڕوخێت، وتی: «تەنانەت ئەگەر قازانجمان سفریش بێت ئەمساڵ»، ئانتۆن لەشێوەی پاڕانەوەدا دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو وتی: «دەڵێم سوپاس بۆ تۆ خوایە».









**لە ئینگلیزییەوە: نامۆ عەبدوڵڵا**

# سەردانێک بۆ مۆڵگەی ئەشکەنجەکانی سەدام

*جێری وێینبەرگر

(مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسوورەکە) لە سلێمانی سوور نییەو زۆریش لە مۆزەخانە ناکات، سێ باڵەخانە نارێکەکەی لە ساڵی ١٩٧٩ دروستکراون بۆئەوەی ببنە جێگای دەزگا ئەمنییەکانی سەدام حسێن، ئەمەش وەک بەشێک لە هەوڵەکانی رژێمەکەی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشە ناواقیعییەکەیان لە ساڵی ١٩٧٥، دەڵێم ناواقیعی، چونکە کوردەکان بڕوایان بە بەڵێنی ئەمریکیو ئێرانییەکان کرد. دووان لە باڵەخانەکان پەنجەرەیان هەیە، بەڵام ئەو پەنجەرانە تەنیا ئەوکاتە کرانەوە کە هاوڵاتییانی سلێمانی راپەڕینیان کرد لەساڵی ١٩٩١و دوای شەڕی کەنداو، سێیەم باڵەخانە هیچ پەنجەرەیەکی نییە، چونکە وابڕیاربوو هیچ کەسێک لە دەرەوەو لە ناوەوە ئەو شوێنە نەبینێت، لە کوچەکانی مەرگو ئەشکەنجەدا تیشکی خۆر میوانێکی ئێسک سوک نییە.

پرۆسەکەی سەدام بریتیبوو لە دووبارە بنیادنانەوەی کۆمەڵایەتیو دارشتنەوەی پێکهاتەی نەتەوەیی تا ساڵی ١٩٧٩، رژێم هەستا بە پاککردنەوەی نزیکەی (٤٠٠٠) گوندی سەر سنووری ئێرانو تورکیاو راگواستنی خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگای نیشتەجێی زۆرملێ، عەرەب هێنرایە چەند ناوچەو شوێنێکی ستراتیژی وەک (کەرکوک)و کوردەکانی لێ دەرکرا، بەڵام سەدام پارەو ئابوورییەکی گەورەشی بەکارهێنا بۆ لەناوبردنی هەستی نەتەوایەتی کوردی. لەگەڵ دروستبوونی یاخیبووە کوردەکانو دەستپێکردنی شـەڕی عـێـراقو ئـێـرانو دروستکردنی بەرەی کوردستانی لە ئێران لەساڵی ١٩٨٧، گۆڕانگەلێکی دراماتیکی روویاندا، ئیدی لێرەوە سەدام یاخیبووە کوردەکانی وەک تابوری پێنجەم لەقەڵەمدا، گۆڕانکارییە ئەتنیکییەکان شێوەیەکی کوشندەیان وەرگـرتو پرۆسەی لەناوبردنو جینۆساید دەستپێکرد، یەکەم ئەڵقەی ئەم زنجیرەیش بریتیبوو لە پرۆسەی ئەنفال کە بە هێرشکردنە سەر چەند ناوچەیەکی نزیک سلێمانی دەستپێکرد لەساڵی ١٩٨٨. دوای ئەوەی ئێرانو هێزە کوردییەکان دەستیان گرت بەسەر شاری هەڵەبجەداو هەڕەشەی گرتنی دەربەندیخانیان کرد، رژێمی سەدام هەستا بە بۆمبارانکردنی شارەکەو دەوروبەری بە گازی کیمیاویی، لەگەڵ کۆتاییەکانی پرۆسەی ئەنفال لەساڵی ١٩٨٩، بەگوێرەی مێژونووس دەیڤد ماکدوێل، پرۆسەکانی مەرگی سەدام ببوونە هۆی کوشتنی نزیکەی (٢٠٠٠٠٠) کەس لە ژنو پیاوو منداڵو سەدان هەزار ئاوارەو هەزاران گوندی داماڵراوو بێ ژیان.

هەموو ئەمانە راستی مێژوویی ساردو سڕن، بەڵام ئەو دەموچاوانە هیچ ساردنین کە دیواری باڵەخانەکانی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسوورەکە دەبینن، مۆزەخانەیەک کە هەر لە (١٩٧٩-١٩٩١) سەدام حسێن لە دژی یاخیبووە کوردەکان ئەشکەنجەی خەڵکی داوەو کوشتوونی، هەرچەندە عادەتی سەدام وابوو کە قوربانییەکانی پێکەوەو لە گۆڕی بە کۆمەڵدا دەکوشت، هیچ ئازاری ویژدانیشی نەدەچەشت لە وێنەگرتنی قوربانییەکاندا، لەگەڵ بینینی یەکەم وێنەدا خوێن لە جوڵە دەکەوێت، وێنەکە لە وێنەی پۆلێک دەکات کە لە (١٣) قوتابی کوڕی گەنج پێکهاتووە، پۆلی گفتوگۆ یان زمانی لاتینی، بەبێ ئەو نارەحەتییەی کە لە چاوەکانیاندا دیارە، ئەفسانەکە وادەردەخـات کە وێنەکە لەساڵی ١٩٨٦و لەنێو زینداندا گیراوە، کە هەموو کوڕە گەنجەکانی ناوی، بێجگە یەکێکیان ئەشکەنجە دراونو کـوژراون، پاشان وێنە لەدوای وێنە دیمەنی رەمیکردنی کوڕە گەنجەکان پیشان دەدات بە دەموچاوی بەستراوەوە، تا ئەوەی تنۆک تنۆکی خوێنیان بەو دارانەدا دێتە خوارەوە کە پێیەوە بەستراونەتەوە. لە وێنەیەکی دیکەدا دوو سەربازی بەعسی دەردەکـەون کە دوو جەستەی بێ سەریان بەرزکردووەتەوەو قاقای سەرکەوتن لێدەدەن، لە وێنەیەکی دیکەدا سێ ژن دەردەکەون، منداڵێک، دایکیو داپیرەی کە تەنیا چەند ساتێک پێش لەسێدارەدانیان گیراوەو دەموچاویان لە ترساندا رۆحی تێدا نەماوە. چەندین وێنەی دیکەش دواساتەکانی ژیانی کچو ژنانی وەک ئەوان دەگێڕێتەوە، پاشان وێنەی لادێکان دەبینن، کۆمەڵێک گوندنشینی بێئومێد کە سواری زیل کراونو بەرەو مۆدێلی پیشەسازیانەی کوشتن دەبرێن، پاشماوەو خۆڵەمێشی وێرانەکان، ئەندامی جەستەی ئەو مردووانەی کە بەهۆی تۆپبارانەوە کوژراون، لە هەموو ئەم وێنانەشدا، وێنەی سەربازەکانی سەدام دەبینیت کە چۆن شانازی دەکەن بە قەتڵوعامو کوشتنەکانیانەوە. ژوورەکانی دوایەمین ژووری مۆزەخانەکە پڕە لە وێنەی راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ی شاری سلێمانی کە لەلایەن خەڵکەوە گیراون، وێنەی دەبابە بەعسییەکان کە ئاگریان تێبەردراوە، بەعسییە بریندارەکان کە لەلایەن کوردەکانەوە تیمار دەکرێن، وێنەیەکی دڵتەزێن کە تێیدا پۆستەرێکی بەدەستەوەیە کە لێی نووسراوە (خوشکەکەم لەکوێیە)؟



دووژووری ئەشکەنجەی دیکەیش هەبوون کە هەر یەکەیان (١٠ پێ بە ١٥) پێ دەبوون، لە سەقفی هەر یەکەیانەوە شیشێک هاتووەتە خوارەوە کە بە کۆتاییەکەیەوە قولاپێکی پێیەوەیەو زیندانییەکان بەو قولاپەوە هەڵدەواسران، هەڵواسینەکەش بەمشێوەیە دەبـوو، دەستیان لەپشتیانەوە دەگەیەنرایە کەمەریانو لەوێوە هەڵدەواسران بە قولاپەکەدا، ئامانجی ئەمەش لەجێ دەرهێنانی شانەکانیان بوو، ئەمەش لەکاتێکدا کە وایەرێکی کارەبایی بە گوێی مەمکیانەوە یان بە ئەندامی زاوزێیانەوە دەبەسترا، لەنێوان دوو ژووری ئەشکەنجەدانەکەدا، ژووری گوێگرتن هەیە کە تێیدا قوربانییەکە لەوێدا دادەنـرا، تا بۆ چەندین سەعات گوێی بە هـاوارو زریکەی ئەشکەنجەدانەوە بێت کە هەندێک بەهۆی ئەو فشارەوە تێکدەشکاو ئیعتیرافی دەکرد، تەنانەت منداڵانیش ئەشکەنجە دەدران تا دانپیانان لە دایکە ترساوەکانیان وەرگرن، لە هۆڵێکی دیکەدا ژمارەیەک ژووری تاکە کەسی تێدایە کە لە (٤ پێ بە ٥) پێ زیاتر نابن، زیندانییە گرنگەکان لێرەدا بۆ ماوەی (٦) مانگی پڕ ئەشکەنجە زیندانی دەکران، دیوارەکان بەناوی ئەو کەسانە پڕکراوەتەوە کە بۆ ساتێک ویستوویانە لەو حاڵەتە چەرمەسەرییە رزگاریان بێت، لە یەکێکیاندا پەیکەری پیاوێکی تێدایە بەنێوی مامۆستا ئازاد، ئەم پیاوە پاش (٦) مانگ لە زیندانیو ئەشکەنجەی بەردەوام، بۆ مـاوەی (٢٤) کاتژمێر لە کەمەریەوە بە سەقفەکەدا هەڵدەواسرێت، ئەویش لە ئازاردا دان بە هەموو ئەو شتانەدا دەنێت کە دەیزانێت، بەڵام پاشان رەمی دەکرێت، بە دیواری ژوورەکەوە رۆژژمێرەکەی مامۆستا ئازاد هەڵواسراوە، تا بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندی بە جیهانی دەرەوەوە بمێنێت، ئەو جیهانەی کە جارێکی دی نەیبینیەوە، هەزاران پیاوو ژنو منداڵ هاتنە نێو چوار دیوارەکانی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسوورەکەوە، بەڵام بێجگە کەمێک، ئەوانی دی نەگەڕانەوە، ئەوانەی لەناو نەچوون، نێردران بۆ بەندیخانەی ئەبوغرێب لە بەغدا تا لەسێدارە بدرێن.

ژێـرخـانـی مـۆزەخـانـەی نیشتمانی ئەمنەسوورەکە ژوورێکە کە شوێنێکی تاریکو قەبزەو وێنەکانی بۆمبارانکردنی هەڵەبجەی تێدایە بە چەکی کیمیایی، بەشێکی خەڵکی خۆرئاوا ئاشنان بە وێنەی ئەو پیاوەی کە لەسەر قادرمەی ماڵەکەیان بە کۆرپەکەی باوەشیەوە راکشاوە، راستیەکەی دیمەنێکی دڵتەزێنە، بەڵام لەهەمانکاتدا هێندە دەبیستراکە کە بۆ کاری رۆژنامەوانیو بەرگی رۆژنامەو گۆڤار زۆر گونجاوە، من بڕواناکەم بەشێکی زۆری وێنەکانی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسوورەکە لەلایەن خەڵکی خۆرئاواوە بینرابن، چونکە وێنەکان ئەوەندە ترسناکن، کە هەر کەس بیانبینێت دڵی پێکدادێت، ئەو وێنەیەی کە زۆر نارەحەتی کردم، وێنەی کچێکی تەمەن (٦ یان ٧) ساڵان بوو، دەموچاوی سپی هەڵگەڕاوەو بە قژە قاوەییەکەی دەورە دراوە، دەمیشی رەنگی سەوزی گرتووە، چاوەکانی کراوەن، بەڵام هێندە تورەن کە دەڵێی ئەهریمەنێکەو لە دۆزەخ گەڕاوەتەوە، گازەکە نەک هەر تەنیا کوشتوویەتی، بەڵکو جەستەی وا تێکداوە کە دیمەنی دێوێکی وەرگرتووە.

پاش چەند هەفتەیەک لەگەڵ کچێکی گەنجو مێردەکەیدا سەردانی هەڵەبجەم کرد، لەکاتی کیمیاوییەکەدا هەردووکیان تەمەنیان حەوت ساڵ بوو، یەکەمجار لەلای یادگاری هەڵەبجە وەستاین کە دەکەوێتە دەروازەی هەڵەبجەوە، ئەم یادگارییە لەساڵی ٢٠٠٦ سووتێنراو تاڵانکراو هێشتا ئاسەوارەکەشی پێوە دیـارە، خەڵکە تورەکەی هەڵەبجە هێرشیانکردە سەری لە دژی ئەو جیاوازیکردنەی کە حکومەت ئەنجامی دەدا، ئەوان دەیانوت (هەڵەبجە وێرانەو خەمبارەو تەنیا چەند شەقامێکی کەمی قیرتاو کراوە)، یادەوەرییەکە دەسکەلایەکە بۆ فەرامۆشکردنی ئەو راستیانە لەلایەن حکومەتەوە، هەروەک لە بەرامبەر چەرمەسەرییەکانی کەسوکاری ئەنفالدا ئەنجامدرا.

لە ناوەڕاستی شارەکەدا گۆڕێکی بەکۆمەڵی تێدایە کە بە پەرژینێک دەورە دراوەو تێیدا نووسراوە (هاتنە ژوورەوە بۆ بەعسییەکان قەدەغەیە)، لە ناوەڕاستی گۆڕە تاکە کەسییە کۆنەکاندا، گۆڕێکی بەکۆمەڵی تێدایە کە تەرمی (٣٠٠٠) قوربانی کیمیاییەکەی لەخۆ گرتووە، لەپشتیەوە ژمارەیەکی زۆر سەری کێلی تێدایە کە هەریەکەیان نوێنەرایەتی خێزانێکی تەواو دەکـەن، ئەو کچەی لەگەڵمدا بوو پێیوتم، کە ئەو بەختی هەبووە کە باوکە پێشمەرگەکەی پێیوتون کە شارەکە جێبهێڵن، چونکە ئەو لەوە دڵنیابووە کە هێرشەکە روودەدات، ئەوانیش رۆیشتوون بەرەو یەکێک لە ئۆردوگا گەورەکانی پەنابەران لە ئێرانو پاش (٦) مانگ گەڕاونەتەوە بۆ سلێمانی، باوکی بەر کیمیایی کەوتووەو بەهۆی کاریگەرییەکەیەوە گیانی لەدەستداوە، مێردەکەشی ئەو ساتانەی بیردێتەوە کە چۆن دەستی بە جلەکانی دایکییەوە گرتووە، ئەو کاتانەی کە لە ترسی مەرگو چەکی کیمیایی بەرەو شاخەکان هەڵدەهاتن، لە خاڵێکدا ناچاربوون کە لەنێوان رێگای دوو لادێی جیاوازدا یەکێکیان هەڵبژێرن، هەردوو لادێکەش بەر چەکی کیمیایی کەوتبوون، هەر بۆیە ئەوە تەنیا بەختە کە ئێستا لە ژیاندایە، برای کچە گەنجەکە ئەوەندە نەژیا تا ئەو چەرمەسەریانە ببینێت، چونکە هەر وەک کچەکە پێیوتم، براکەی لەساڵی ١٩٨١و لە تەمەنی (١٤) ساڵیدا لەلایەن باشترین هاوڕێی خۆیەوە دەکوژرێت، کە ئەویش هەر (١٤) ساڵ بوو، بەڵام بەو تەمەنە کەمەشەوە پیاوی بەعس بوو.

ئـەم میراتی ئـازار چەشتنە وایـکـردووە کوردەکان رەقو توندبن لە سیاسەتدا، متمانە بە کەس ناکەن، پشت بە خۆیان دەبەستن، بەڵام جودا لە سیاسەت، کۆمەڵگای کوردی خەریکە دێتەوە سەرخۆیو چاک دەبێتەوەو ئەزموون لە بوونە قوربانیی وەردەگرێت، لەڕاستیەکەیدا (جودیس باس) کە پرۆفیسۆرێکی تەندروستی گشتی دەرچـووی جۆن هۆپکینسەو لەگەڵ پرۆژەی هاوپەیمانی هارتلاند بۆ قوربانیانی ئەشکەنجەدان کاردەکات، پێیوایە کە یەکێک لە کێشەکان ئەوەیە، کە قوربانییەکان بەتایبەت کەمئەندامەکانو ئەو پێشمەرگانەی کە یەکێک لە ئەندامەکانی جەستەیان لەدەستداوە، پێیانوایە کە ئەوان لەلایەن کوردەکانەوە لەبیرکراون، لەکاتێکدا ئەوان هۆکاری سەرەکی ئازادییەکەیانن، ژمارەیەکی کەمی خەڵکی سلێمانی سەردانی مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنەسوورەکە دەکەن، ئەو کاتانەشی دەڕۆن بۆ گۆڕە بێدەنگەکانی خۆشەویستەکانیان، بۆ گەشتو سەیرانو هەڵپەڕکێو چێژ وەرگرتن لە ژیانو ئازادیی دەڕۆن.

*** پرۆفیسۆری سیاسەت لە زانکۆی میشیگنی ئەمریکی**

**وەرگێڕانی: دانا نەوزەر**

Newsweek

# ـــەردوو ئیدارەی بوشو بوشی باوک



هاوڕێم بوو لە ستافی ئەنجومەنی ئاسایش تایبەت بە یەکێتی سۆڤیەت، لە بەرامبەرم وەستابوو. کۆندالیزا رایس خۆی بۆ نەگیراو هاتە شوێنەکەمو بەشێوەیەکی زۆر خێرا دەستی کرد بە تایپکردنی وتەکەم، هەروەها ئەو نامانەشی نووسییەوە کە لەلایەن شا حسێنی ئوردونەوە پێم گەیشتبوونو داوای لێدەکردین کە کێشەکە گەورەتر نەکەین.

سـەرۆک کەمێکی ماوە بگاتو منیش کاتم لەبەردەستدا نییە، کێشەکە ئەوە بوو نەمتوانی پەیوەندی بکەمەوە چۆن لە ناوچەی کۆشکی سپی دەرچم، جارێکی دیکە کۆندای هاتەوە فریامو ڕێگای راستی نیشاندام، کە سەرۆک هاتە خوارێ، کاغەزەکانم داپێیو ئەویش چاوێکی پێدا خشاندنەوەو کەوتینە باسی دوایین پێشهاتەکان، ئەو بێ ئومێدیی پێوە دیاربوو بەهۆی شکستی پێشکەوتنە دیبلۆماسییەکان، رۆژنامەنووسەکان لێیان پرسی کە چۆن ڕێ لە دروستبوونی حکومەتێکی کارتۆنی دەگرێت، لە وەڵامدا وتی تەنیا چـاوەڕوان بن دەزانـن، بەڵام وشەکانی دیکە بەهێزتربوون کە وتی (ئەمە بەردەوام نابێت، ئەمە بەردەوام نابێت، ئەم توندوتیژییە دژی کوەیت).

سەدام بەردەوام نەبوو لە هێرشکردن تا بگاتە سعودیە، بەڵام بوش بە داگیرکردنی کوەیت زۆر پەست ببوو، بەڕاستی ئەمە ڕێگای مامەڵەکردنی وڵاتانی شارستانی نەبوو لەگەڵ یەکتری، ئەوە گەڕانەوە بوو بۆ سەردەمێکی دواکەوتووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

دوای زیـاتـر لـە دە سـاڵ کـارم بۆ کوڕەکەی کـرد، سـەرۆک جـۆرج دەبلیو بوش وەک بەڕێوەبەری ستافی دانانی سیاسەتی وەزارەتـی دەرەوە کە ئەوکات کۆڵن پاوڵ وەزیر بوو، جارێکی دیکە خۆم لەناو شەڕی نێوان سەرۆک بوشو سەدام حسێندا دۆزییەوە، هەرچۆنێک بێت ئەمیان وەک کۆتاییەک وابـوو، لەوێ ئەوەی من بینیم، بڕیارەکانی بوش وەک بانگەشەکانی دوژمـنـەکـەی نـەبـوون، ئەمەش بەهۆی کەموکورتی زانیارییە هەواڵگرییەکان کە بەهۆی جێگرەکەیو چەند کەسانێکی دیکە بەردەست دەخران.

بوش زۆر زۆر لەوە بلیمەت ترە کە خەڵک تێیگەیشتووە، ئەو هەروەها سەرنجی باشی لەسەر لاوازی کەسانی دەوروبەری هەیە،

بوش بەوریایی خەڵکی دەخوێنێتەوە، هەڵەی ئەو لـەوەدا بوو دەیویست زوو بگاتە دەرئەنجامەکان، هەروەها ئەو زوو زوو کۆرسەکانی دەگۆڕی، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕینی کۆرسی بە بێهێزی وەسفدەکرد، بەڵام سەرکردەی بەهێز ئەمە ناکات، ئەو حەزی لە کردنی کارە دیارو زەقەکان بوو، ئەمەش وایکرد کە لە باوکییەوە جیاوازبێت، کە حەزی لە سەرکەشیکردن نەبوو.

لەگەڵ هاتنی ٢٠٠٣، عێراق سەرەکیترین پرس بوو، دوایین هەوڵمدا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە کە بۆنی شەڕێکی حەتمی لێدەهات، دەرگـای ژوورەکـەم داخستو دەستمکرد بە نووسینی نامەیەک بۆ کۆڵن پاوڵ، کە پێیوابوو سەرەڕای پێشکەوتنە دیبلۆماسییەکان، هێشتا زۆر درەنـگ نییە بۆ ئەمریکا کە لە بەکارهێنانی هێز دووربکـەوێـتـەوە، لەڕاستیدا ئەگەر وا بمابایەنەوە، نرخەکەی زۆر دەبوو لەسەرمان، سەدام لە دەسەڵاتدا دەمایەوەو پرسیاری زۆرمـان ڕووبـەڕوو دەکرایەوە لەلایەن دۆستو لایەنگرانمانەوە لە خۆرهەڵاتی نـاوەڕاسـت، ئەوسا دەیـانـوت ئەمریکا دەیەوێت سەدام لە دەسەڵاتدا بهێڵێتەوە.

دەمزانی ئەوەی من باسی لێوە دەکەم ئەگەر دزە بکاتە دەرەوە، رەنگە بتەقێتەوەو ببێت بە وێردی سەر زاری هەموو کەسێک، لەبەر ئەم هۆیە بەدەستی خۆم نامەکەم دایە کۆڵن پاوڵو لەڕێی سکرتاریەتی فەرمییەوە بۆم نەنارد، پێیم وت، لەهەڵێکدا بیدات بە سەرۆک، بوش ئەوکاتە بۆچوونێکی دیکەی لا دروست ببوو، کەوتبووە دوودڵییەوە، کۆڵن پاوڵ نامەکەی خوێندەوەو خستییە نێو گیرفانییەوە، پێشبینیم دەکرد بیداتە سـەرۆک، بەڵام بۆ بەکارهێنانی لەکاتی دروستبوونی وتووێژدا ئەگەر ڕوویـدا، بەڵام وادیاربوو هیچیان ڕوویـان نەدا، ئەگەر هەر یەکێکیش لەم دوانەی سەرەوە ڕوویاندابێت، پێدەچێت نامەکەی من هیچی لە بابەتەکە نەگۆڕیبێت، بەڵام من لەقەدەر توانای مێشکی خۆم نووسیبووم، سەرۆک زۆر پابەندبوو بە گەڕانەوە.

بە بەراورد لەگەڵ سەرۆک بوشی یەکەم، ئەم سەرۆکەم تەنیا لە هەندێک بۆنەدا دەبینی، بۆ نموونە لە هەندێک کۆبوونەوەی زۆر گـەورەی ئاژانسی نێوخۆیی، یان کە کۆڵن پاوڵ هەندێکجار لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ یەکێک لە کۆبوونەوەکانی خۆی لە نووسینگەی سەرۆک لە واشنتۆن، درێژترین گفتوگۆ کە کردبێتمان لە ژووی کۆنفرانس بوو لە بۆردی هێزی ئاسمانی لەکاتی گەڕانەوە لە لوتکەی ئێرلەندای باکوور، چەند مانگێک دواتـر، لەساڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە کاتژمێرێک منو بوشو کۆڵن پاوڵ بەیەکەوە بووین، ئەوەی کە منی سەرسامکرد ئاسوودەیی بوش بوو سەبارەت بە بڕیارەکەی بۆ هێرشکردنە سەر عێراق، لەو کاتە تەنیا سێ مانگ بوو لەناو جەنگدا بووین، بەڵام ئەو وادیاربوو کە لە حاڵەتی ئاشتیدا بێت، زۆر متمانەی بەخۆی هەبوو، زۆر بە متمانەوە قسەی دەکرد، بەڵام منیش سەرسامبووم بەوەی کە بوش زۆر بێباک بوو لەو ئاڵۆزییانەی کە ئێمە بۆمان پێشبینی کردبوو کە دووچارمان دەبێتەوە، ئەو چاوی لە ئامانجە گەورەکە بوو و ڕێگای نەدەدا گومانو وردەکارییەکانی دیکە ڕێ لە ئامانجەکانی بگرن.

جۆرج دەبلیو بوش چۆن گەیشتە ئەم قۆناغە؟ دەمرم هێشا وەڵامی ئەم پرسیارەم چنگ ناکەوێت، هیچ کۆبوونەوەیەک نەبوو بۆ ئـەوەی لایەنە دژو کۆکەکان باسیان لێوە کرابێت، نەخێر، ئەم بڕیارە ڕوویدا، ئەمە زنجیرە بوو، ئەم پرسە لەسەر مێزی گفتۆگۆ بوو لەسەرەتای دەستبەکاربوونی ئیدارەی نوێوە، بەڵام پێش ١١ی سێپتەمبەر، عێراق تەنیا یەکێک بوو لە خاڵە گرنگەکانی ئەجێندای سیاسەتی دەرەوە، لەدوای ١١ی سێپتەمبەرەوە، سـەرۆکو ئەوانەی کە لێوەی نزیکنویستیان بە جیهان بگەیەنن کە ئەمریکا توانای بڕیاردانی خێراو بوێرانەی هەیە.، رزگارکردنی ئەفغانستان سەرەتایەک بوو، بەڵام کۆتاییەکەی هێشتا دیار نییە.

عـێـراق زۆر جـیـاواز بـوو، سـەرۆک دەیویست وڵاتێکی زەبـەلاح بڕوخێنێت، ویستی کۆرسی مێژوو بگۆڕێت، هەروەها دەیویست نەک هەر وڵاتەکە بگۆڕێت، بەڵکو هەرێمێک بگۆڕێت کە پشکی شێری بەرکەوتووە لە بەرهەمهێنانی تیرۆرو بـەرەنـگـاربـوونـەوەی مۆدێرنیتە، ئەو دەیویست ئەوەی باوکی پێی نەکرا، خۆی بیکات.

ئایا ئەگەر ١١ی سێپتەمبەر نەبوایە، جەنگی دووەمی عێراق دروست دەبوو؟ ئەم پرسیارە مێژووییانە وەڵامدانەوەیان مەحاڵە، پێش ١١ی سێپتەمبەر، هەندێک چالاکی بیرۆکراسی سەبارەت بە عێراق ئەنجامدران، بەڵام بەڵگەی سەرکەوتنی ئەو چالاکیانە زۆر کەمن، ١١ی سێپتەمبەر ئیدارەی ئەمریکای کردە چەکۆشێک کە بـەدوای بزمارێکدا دەگەڕێتو بیکوتێت، عێراق بوو بەو بزمارە.

وەرگێڕانی: پرد

**بوش بەوریایی خەڵکی دەخوێنێتەوە، هەڵەی ئەو لەوەدا بوو دەیویست زوو بگاتە دەرئەنجامەکان، هەروەها ئەو زوو زوو کۆرسەکانی دەگۆڕی، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕینی کۆرسی بە بێهێزی وەسفدەکرد، بەڵام سەرکردەی بەهێز ئەمە ناکات**

www.rozhnama.com

# دوو بوش، دوو شەڕی عێراق

## بیرەوەرییەکانی راوێژکارێک لە هـ

ئـێـوارەی ٨/١ ساڵی ١٩٩٠ بـوو لە واشنتۆن، لەوپەڕی جیهاندا هێزە عێراقییەکان خەریکی کۆنترۆڵکردنی کوەیت بوون، منو راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی (برێنت سکۆکرۆفت) بەپەلە دانیشتنێکی ناوخۆیی ئاژانسەکەمان پێکهێنا، کە تا بەری بەیان بەردەوامبوو و لە رێگای سیستمی ڤیدیۆیی داخراو ئەنجامدرا. هێشتا بەتەواوی لە نیەتی عێراق تێنەگەیشتبووین، بەڵام دەبوایە بەپەلە هەڵوێستمان وەربگرتایە.

ئەو رۆژە زۆر لەناکاو بوو، هیچ پلانو خۆئامادەکردنێک بۆ سیناریۆیەکی لەم جۆرە لەئارادا نەبوو، رێککەوتن کرابوو کە کەسایەتییە بەتواناکانی عێراقو کوەیت رابگیرێن، سەرۆکی ئەمریکا لە رێگای برێنتۆوە لە نیوەشەودا ئاگادار کرابووەوە کە کاغەزە گرنگەکان ئیمزا بکات، هەروەها بڕیارماندا بچینە نەتەوە یەککگرتووەکان بۆئەوەی چارەسەرێکی ئەنجومەنی ئاسایش بەدەستبهێنین بۆئەوەی عێراق لە کوەیت پاشەکشێ بکات، شتێکی باش بوو کە یەکێتی سۆڤیەتو چین پاڵپشتی ئێمەیان کرد، هەروەها یەکێتی سۆڤیەت هەنگاوێکی دیکەی دڵخۆشکەریان نا دوای ئەوەی ئامادەییان دەربڕی پاڵپشتی بڕیاری (UN) بکەن.

ئەمە ئاماژەیەکی بەهێزی دایە بۆ سەدام حسێن، لەڕاستیدا ئەمە بۆ وەزیری دەرەوە (جەیمس بەیکر) هیچ نەبوو، لەچاو رووخانی دیواری بەرلین کە کۆتایی بە جەنگی سارد هێنا.

یەکەم کۆبوونەوەی فەرمی ئەنجومەنی



ریچارد هاس




ئاسایشی نەتەوەیی سەبارەت بە قەیرانەکە رێککەوت لەسەر ٨/٢ بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆک جۆرج بوش، کۆبوونەوەکە باش دژواربـوو، چەند کەسێک رایان لەبارەی نیەتی سوپای عێراقو توانا سەربازییو دیبلۆماسییەکانی ئێمە دەخستەڕوو، ئەوەی کە منی نیگەرانکرد، (ئەوەندەی ئاگادار بووم برێنتو سەرۆکیشی نیگەران بوون) بریتیبوو لەوەی، کە هەندێک لە ئامادەبووانی ژوورەکە ئەوەی کە روویدابوو بەلایانەوە ئاسایی بوو، پێیانوابوو کە ئێمە هیچمان پێ ناکرێت، بەڵکو دەبێت سیاسەتی ئەمریکا تەنیا لەوە دڵنیا بێتەوە کە سەدام زیاتر پەل نەهاوێت، لەگەڵ تەواوبوونی کۆبوونەوەکە، سـەرۆک بـەرەو ئەسپینو کـۆلـۆرادۆ بەڕێکەوت بۆئەوەی باس لە خشتەیەکی دوورودرێـژی ستراتیژی سوپای ئەمریکا بکات.

لە ژوورەکە چوومە دەرەوەو نائومێدیی خـۆم بۆ برێنت دەربـڕی، رازی بـوو و داوای لێکردم کە شتێک بنووسم کە لەگەڵ گەڕانەوەی بیداتە دەستی سەرۆک، بۆچوونی من ئـەوە بـوو، کە وازهێنانی عـێـراق لە دەستبەسەرکردنی کوەیت پێویستە باجێکی زۆری بۆ بدرێت، هەروەها دەرکردنی عێراقیش لە کوەیت پێویستی بە سوپای ئێمە دەبێت لەلایەنی خۆمانەوە، لە نامەکەدا نووسیبووم (بەهەمانشێوەی جەنابتان، منیش ئاگاداری ئەو مەترسییەم کە مەترسیو نرخی ئـەم شـەڕە چەند دەبـێـت، بـەڵام قبوڵکردنی ئـەم بـارەی ئێستاش ئەوەندەی دیکە بە گران لەسەرمان دەوەستێت، هەر بڕیارێک بدەین کێشەمان بۆ دروستدەکات، هەر بڕیارێکیش بۆی هەیە ببێتە هۆی زیادکردنی توندوتیژیی لەم سەردەمەی دوای جەنگی سارد).

دووەم کـۆبـوونـەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەبارەی قەیرانەکەوە لە رۆژی ٨/٣ بوو و جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، خەڵکی کاتی ئەوەیان هەبوو کە بـیـروڕای خۆیان کۆبکەنەوەو بڕیاری لەسەربدەن، پێش ئەوەی بچینە ژووری کابینەکەوە، بڕیار وابوو کە برێنتو تارێکی (چەرچڵ) بخوێنێتەوە، وەک زەنگێکی ئاگادارکردنەوە بۆ پێچەوانەکردنی ئاراستەی توندوتیژی لە عێراق.

برێنت کەسێکی گونجاوو بەهێزتر بوو لەوانی دیکە، ئەو بەشێوەیەکی هێمن دەدواو دیمەنێکی هێمنی هەبوو، هەروەها رووخـــساری سـۆفـیـگـەرانـەی وێـنـەی رۆشنبیرێکو فەیلەسوفێکی بەهێزی ویستەکانی ئەمریکا لە ناخیدا حەشاردابوو، جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (لاری ئیگلبێرگر) بۆ برێنتی دووپاتکردەوە کە هەڵوێستی ئێمە نەک هەر دەبێتە هۆی دیاریکردنی ئاراستەی ئەو سەردەمە، بەڵکو بێدەنگیمان بەرامبەر سەدام حسێن لەوەی بەسەر کوەیتی هێناوە، دەبێتە هاندەرێک بۆئەوەی هەمان شت بەرامبەر سعودیەو



ئۆپێکو ئیسرائیلیش دووبـارە بکاتەوە، وەزیـری بەرگری (دیـک چینی) ئەوکاتە لەگەڵ لاری هاوڕابوو، هیچ بڕیارێک لەئارادا نەبوو، بەڵام ئاراستەی داهاتووی ئەمریکا زۆر ئاشکرا بوو.

دوای دوو رۆژ لـە نووسینگەی (سکۆکرۆف)ەوە پەیوەندیم پێوەکرا، برێنت لەسەر هێڵەکە بوو، پێیوتم سەرۆک لە رێگای گەڕانەوەیەتی گەیشتووەتە کامپ دەیڤدەوەو کاتژمێرێکی دیکە دەگاتەجێ، هەروەها پێیڕاگەیاندم کە دەبێت لەوێ ئامادەبم بۆ پێشوازیکردن کە لە باڵەفڕەکە دێتە خوراەوە، وتم باشە، بەڵام دوای داخستنی تەلەفۆنەکە هەستم بە نارەحەتی کرد، شەوی پێشتر تەنیا بۆ چەند کاتژمێرێک چوو بوومە ماڵەوەو جلوبەرگی فەرمیم لەبەردا نەبوو، بـرادەران وتیان کە پێویستم بە بۆینباخ نییە، تەنیا پێویستە چاکەتێکی فەرمی لەبەر بکەم، هەرچۆنێک بێت دانەیەکم لە یەکێک لەو کەسانە وەرگرت کە لەوێ کاریاندەکرد، بـەڵام قۆڵەکانی زۆر کـورت بـوون، لە هەمووی زەحمەتتر ئامادەکردنی شتێک بوو بۆ سەرۆک، لەسەر کۆمپیوتەرەکە دانیشتم بۆئەوەی پوختەی وتەکانم بنووسمەوە، سەربازیو دیبلۆماتییەکان، کەمخەویی بە روخسارمەوە دیار بوو و کاری تێکردبووم، تەنانەت تایپکردنیشم لەسەر کۆمپیوتەرەکە خێرایی جارانی نەمابوو، کۆندالیزا رایس کە

# شوێنە گەشتیارییەکانی عێراق لە مەترسیدان

لەکاتێکدا کە ئەیاد تاریق سەرقاڵی هەڵدانەوەی ئاسەوارە تێکشکێنراوو دێرینەکانی قەڵای کەرکوک بوو،وای دەبینی کە ئەو دیمەنە جوانە گەشتیارییەی دووبارە لە تێکشکێنراویەوە بونیاد دەنرێتەوە، هەروەک بەڕێوەبەری ئەنتیکەخانەی کەرکوکیش روونیکردەوە، کە بەنیازین ئەو قەڵایە بکەین بە مۆزەخانەو ناوچەیەکی گەشتیاریی، بەو پێیەی هەنگاوێکی بەرفراوانیان ناوە لە کارکردن لە ئەو کۆشکە خاپوربووەی سەدەی نۆزدەیەم، کە خاوەندارییەتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خانەوادەیەکی کریستیانی دەوڵەمەندی ئەو شارە.

ئەیاد تاریق خوازیاری ئەوە بوو کە میوانان لە هەموو دونیاوە سەردانی ئەم قەڵایەیان بکردایەو ئەو دیمەنە سەرنجڕاکێشەیان بەچاوی خۆیان ببینییایە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٤٦٠٠) ساڵ بەر لەئێستا، مەخابن ئەو ڕەوشە نالەبارە وایکرد کە خەونەکەی پوچەڵ بێتەوە.

قەڵای کەرکوک هەڵکەوتەی شوێنەوارێکی گەورەی پڕ بەرزو نزمییە کە تێیدا پاشماوەی دانیشتووانی ئەوکاتەی تێدایەو ژیانیان گوزەراندووەو سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لەئێستا، هەروەها (٦٠) قوللەی پاسەوانیشی تێدایە، کە ئەمانیش لەلایەن ئەسکەندەری گەورەوەو لە سەدەی چوارەمی پێش زایینەوە دروستکراوە.

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو قوللانەوەک پێگەیەک بۆ پاسەوانی بەکاردەهێنرێتو کەوتوونەتە نێو شاری ململانێ لەسەری کەرکوکەوە، ئەو شارەی کە ناکۆکی لەنێوان حکومەتی بەغداو کوردەکاندا لەسەرەو هەر لایەو دەیەوێت ئەو شارە بۆ ناوچەی ژێر رکێفی خۆیان رابکێشێت.

قەڵاکە بەدوور بووە لە بینینی لەلایەن پسپۆڕانی نێودەوڵەتییەوە، جگە لەمانەش رووبەڕووی هێرشی بەردەوام بووەتەوە، بەڵام وەک ئەیاد تاریق دەڵێت: «لەئێستادا لە پرۆسەی پارێزگاریلێکردندایەو تازە بە تازە دووبارە نۆژەندەکرێتەوە»، لەم بارەیەوە ئەیاد تاریق دەڵێت: «قەڵاکە رووبەڕووی داڕوخانو هەرەسهێنان ببوویەوە، بازاڕێکی داپۆشراوو تیروکەوانێکی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستی تێدا بوو کە هەرەسیان هێنابوو، ئەمیش بەر لە (١٠) ساڵ لەمەوبەر نۆژەنکراونەتەوە، بەڵام لەهەمانکاتدا مۆنومێنتی سەردەمی سەلجوقیەکانیشی تێدایە کە ناوازەیەو شێوەی نەگۆڕاوەو نەڕووخاوە).

لە نزیک ئەوانیشەوە کۆمەڵێک کرێکار لەسەر خشتی کۆن وێنەی ژنێکی دەوڵەمەندی تورکی دەکێشن کە لە تەمەنی (٢٤) ساڵیدا مردووە، مێژووی ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەیەم، ئەیاد تاریق ئەوەشی پێراگەیاندین، هەندێک دەلالەتی دیکە هەن، ئەوە نیشان دەدەن کە بەکارهێنرابن بەمەبەستی تورەکردنو ئیستیفزازکردنی سوڵتانی ئەوکاتە، هەروەها لەولاتریشەوە قەبری پەیامبەر دانیالی لێیە کە مێژووی ئەمیش بۆ (١٠٠٠) ساڵ بەر لەئێستا دەگەڕێتەوە، هەروەها مزگەوتە گەورەکەش بۆ سەدەی حەوتەم دەگەڕێتەوە، ئەمانیش هەردووکیان لە پرۆسەی پارێزگاریلێکردندان و لە شێوەشدا لەیەکتر دەچن، هەرچەندە ئەو دیوارە سپییە تازە بۆیەکراوەی لەگەڵ باکگراوندە قاوەییەکەی پشتەوەی ناگونجێت، بەڵام زیانی ئەمجۆرە پرۆژانە بە بەراورد لەگەڵ ئەو دزیو راوڕووتەی کە رووبەڕووی ئەنتیکەخانەکانی عێراق بوویەوە لەپاش رووخانی ئەو رژێمە لەساڵی ٢٠٠٣دا، زیاترە کە زۆرێک لە ناوچەی شوێنەوارە کۆنەکانی عێراقی گرتبووەوە.

راستە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاستی ئاسایشی وڵات لە زۆربەی بەشەکانی عێراقدا بەرەوپێش چووە، بەڵام لەئێستادا عێراق رووبەڕووی کۆمەڵێک بەرپرسی دەسەڵاتدار بووەتەوە کە دەیانەوێت کەرتی گەشتوگوزاری وڵات بەرەوپێش ببەن، ئەمەش لەکاتێکدایە کە دەسەڵاتی خۆینیان فەرامۆشکردووە، بەوپێیەی خۆکردەکیانەو بەبێ راو راوێژ پەرە بە نۆژەنکردنەوەی ئەو کەرتە دەدەن، بۆ ئەم مەبەستە قەیس حوسەین رەشیدی، سەرۆکی دەستەی ئەنتیکەخانەی نیشتیمانی عێراق، باسی لەوە کرد، کە کەرکوک یەکێکە لە پارێزگا دەگمەنەکان کە تێیدا



کاری نۆژەنکردنەوەی ئەنتیکەخانەکان بە راوێژی شارەزایان ئەنجامدەدرێت، بەڵام ئەوەشی خستەڕووکە لە سەردەمی سەدامدا زۆرێک لە بەرپرسان کە تەنیا بڕوانامەی سەرەتاییان هەبوو، تەنانەت ئەبو خەزنەزەرو حامورابیشیان نەدەناسی کە بەو کارانە هەڵدەستانو بەئەنجامیان دەگەیاند، راستە تائێستا ئەم نەریتە لە هەندێک لە پارێزگاکاندا هەر بەردەوامە، بەڵام لە کەرکوکدا بەدی ناکرێت.

لەم بارەیەوە مانگی رابردوو وەزیری گەشتوگوزارو شوێنەوارە دێرینەکان، فەرمانی دەرکرد بە وەستانی کار لە دیواری دێرینی ئاشورییەکان لە موسڵ، ئەمەش پاش ئەوە هات کە زانیبووی مشاری بەردبڕی کارەبایی بەکارهێنراوە، وەک لە زاری قسەکەرەکەیەوە راگەیەنرا بەهەموو شێوەیەک بەکارهێنانی شێوازی نوێ لە نۆژەنکردنەوەی ئەمجۆرە کارانەدا قەدەغەیە، لەلایەکی دیکەوە، حکومەتیش نیگەران بوو لە کارەکانی بەڕێوەبەری شوێنەوارە دێرینەکانی پارێزگای بابل، پاش ئەوەی کە رایگەیاندبوو، کۆشکو تەلارەکانی سەدام دەکات بە شوێنی گەشتیارییو دەرگای واڵا دەکات بە رووی گەشتیاراندا.

لای خۆیەوە سەرۆکی دەستەی ئەنتیکەخانەی نیشتمانی عێراق، ئەم هەنگاوەی دەسەڵاتدارانی بابلی بە قۆرخکردنی شوێنەوارە دێرینەکانی عێراق ناوبرد.

دۆنی یوحەنا، بەڕێوەبەری پێشووی مۆزەخانەی نیشتمانی بەغداش کە دەورێکی سەرەکی هەبوو لە چاککردنەوە نۆژەنکردنەوەی هەزاران پارچە ئاسەواردا، نیگەرانبوو لە شێوازی بەگەشتوگوزارکردنی ئەو ناوچانە بەبێ پرسو را بە شوێنەوارناسان، دەڵێت: «هیچ شوێنەوارناسێک نییە لە دونیادا کە رقی لە ناوچەی گەشتوگوزار بێت»، بۆیە یوحەنا پێیوابوو، کە پارێزگارەکان پارەیان لەبەردەستەو ئەو پارانە تەرخاندەکەن بۆ گەشتوگوزار بەبێ ئەوەی راوێژ بە شوێنەوارناسان بکەن، «دەسەڵاتداران پرسو رایان بە ئێمە پێ ناخۆشە کە دەڵێین جاریێ با پرۆژەکە دوابکەوێت تا دیراسە دەکرێت، چونکە ئێمە سورین لە ئەنجامدانی هەموو کارێک بەگوێرەی زانستی شوێنەوارناسی».

هەروەها ئەم شوێنەوارناسە جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کارێکی زۆر خەتارناکە کە ئاسایشێکی سەقامگیرت هەبێتو دەست بکەیت بە دروستکردنی پرۆژەی لابەلاو خراپ، بەڵام نەچی راوێژ بە شارەزاو شوێنەوارناسەکان بکەیت کە لە شەڕی کەنداوی ١٩٩١ لەم وڵاتە دوورنو بەجێیان هێشتووە، بۆیە ئەم پسپۆڕە پێیوایە، پێویستە هەموو ئەو شارەزایانە بانگهێشت بکرێن بۆ عێراقو کاربکەن لە هەڵکەندنی ئەو شوێنەوارانەدا کە دیاریدەکرێت بۆیان، یا ئەو پسپۆڕانە بێن بۆ ئەنجامدانو دیراسەو بینینی کەرەستەو ئاسەوارەکانی ناو ئەو مۆزەخانانە، ئەگەر نا رەوشێکی زۆر دژوار دێتە ئاراوە.

و: ئازاد عەلی

www.netewe.com

The New York Times

# ناکۆکییەکانی نێوان کوردو سوننە پەرەدەسێنێت

سام داگەر

ناکۆکییەکانی نێوان کوردو سوننە لە پارێزگاکانی باکوور بە موسڵیشەوە پەرەدەسێنێت، ئەمەش دوای ئەوەی کە ئەنجامی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق بەدڵی کوردەکان نەبوو، کە تێیدا دەسـەڵات کەوتە دەست عەرەبەکان. هەرچەندە ناکۆکی لەنێوان لایەنە جیـاوازەکـانـدا شتێکی تـازە نییە، بەڵام لەم رۆژانـەی دواییدا چەکدارە کوردەکان دەستیانکردووە بە رێگرتن لە فەرمانبەرە عەرەبەکان لە ئەنجامدانی کارەکانیان، ئەمەش بەومانایەی کە ئەوان فەرمانڕەوایی حکومەتی لۆکاڵی بەسەر هەموو پارێزگای نەینەوادا رەتدەکەنەوە. هەروەها کوردەکان هەستاون بە فشار خستنە سەر ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی خۆیاندان، بۆئەوەی بایکۆتی دەسەڵاتدارە عەرەبەکان بکەن، تەنانەت وتوویانە ئەگەر هەندێک پۆستیان لەنێو پارێزگادا پێنەدرێت، ئەوا پەنا دەبەنەبەر بەکارهێنانی هێزی سەربازیی.

بەرپرسە ئەمریکییەکان بەردەوام ترسی ئەوەیان هەبووە کە لەو ناوچانەدا کە کێشەی لەسەرە لە باکوور، ململانێو ناکۆکی سەربازیی لەنێوان کوردو عەرەبەکاندا روودات، ئەم ناکۆکیانە وایـکـردووە کە چەند هێزێکی وەک ئەلقاعیدە هەستن بە قۆستنەوەی دەرفەتەکەو خۆدەرخستن وەک هێزێکی عەرەبی، هەموو ئەمەش لەکاتێکدا کە وا دانـراوە هێزە ئەمریکییەکان هەتا مانگی تەموز لە شارە عێراقییەکان بچنە دەرەوە.

هێشتا روون نییە کە ئایا کێشەکان پەرەدەسێنن یان نا، بـەڵام هەندێک پێشهات لەم چەند رۆژەی پێشوودا بوونەتە هۆی دروستکردنی نیگەرانیو دڵەڕاوکێ.

رۆژی ٥/٨، ئەسیل نوجەیفی، پارێزگاری تازە هەڵبژێردراوی موسڵ، رێگای پێنەدرا بچێتە نێو شارۆچکەی بەعشیقەوە کـە لـەژێـر کۆنترۆڵی کوردەکاندایە، کاروانەکەی پارێزگار پۆلیسو سوپای عێراقیشی لەخۆگرتبوو. رۆژی یەک شەممەش ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراو لەنزیک ئۆفیسی پارێزگار تەقیەوە، کە تێیدا پۆلیسێک بوویە قوربانیی، بەڵام هێشتا لایەنی پشت رووداوەکە دیارنییە.

بۆ نزیکەی (٥) سـاڵ کوردەکان فەرمانڕەوای موسڵ بـوون، ئەمەش سەرەڕای ئەو راستییەی کە زۆرینەی دانیشتووانی پارێزگاکە عەرەبن، ئەم دەسەڵاتە کوردییە لەلایەن هـەزاران چـەکـداری هێزە کوردییەکانیشەوە پشتگیریی دەکـرا، کە بە رەزامەندیی ئەمریکاو بەمەبەستی پاراستنی ئاسایشی موسڵ رۆیشتبوونە پارێزگاکە، ئەمەش لەکاتێکدا کە پارێزگاکە یەکێکە لە ناوچە مەترسیدارەکان.

مانگی رابـردوو ئەسیل نوجەیفی، بازرگانێکی دەوڵەمەند کە پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ عەشیرەتە عەرەبەکانو ئەندامانی حیزبی بەعسدا هەیەو پێدەچێت لەگەڵ یاخیبووەکانیشدا هەبێت، وەک پارێزگاری نوێ هەڵبژێردرا.

لیستەکەی ئـەو، لیستە ئەلحەدبا، کە لە زۆرینەیەکی سوننە پێکهاتووە، (١٩) کورسی لەکۆی (٣٧) کورسی ئەنجومەنی پارێزگاکە بەدەستهێنا، بەمەش هەموو پۆستەکانی لەدەست لیستی کـوردی وەرگـرتـەوە کە لەم هەڵبژاردنانەدا بە پلەی دووەم هات.




وەڵامـی کـوردەکـان بایکۆتکردنی دەسـەڵاتـە نوێیەکە بـوو، ئێستاش هەڕەشەی زیاترکردنی نارەزایەتییەکان دەکەن ئەگەر بێتو پۆستەکانی جێگری پـارێـزگـارو سـەرۆکـی ئەنجومەنی پارێزگاریان نەدرێتێ.

نوجەیفیش دەڵێت، هەرگیز لەگەڵ کوردەکاندا دانوستان ناکەن، تا ئەوەی بەڕەسمیی سـنـووری پـارێـزگـاری نەینەوا بناسێننو هێزەکانیان پاشەکشە بکەن هەتا دەرەوەی ئەو سنوورەی کە بە هێڵی سـەوز ناودەبرێت، ئەو سنوورانەی کە پێش شـەڕی عێراق هێزە کوردییەکانی تێدابوو، بەڵام کوردەکان ئەمە رەتدەکەنەوەو دەڵێن پێش یـەکـلاکـردنـەوەی بـارودۆخـی ناوچەکانی بـاکـووری موسڵ، هیچ پاشەکشەیەک روونادات، ئەوان دەڵێن کە نە متمانەیان بە نوجەیفی هەیەو نە متمانەیان بە حکومەتی عێراقی هەیە کە لەلایەن نوری مالیکییەوە سەرکردایەتیی دەکرێت، کە هەوڵدەدات لەسەر حسابی کوردەکان دەسەڵاتی خۆی لە باکووری عێراق فراوان بکات.

خەسرەو گۆران، بەرپرسی پارتی دیموکراتی کوردستان لە موسڵ کە بەهێزترین پارتی کـوردی خـاوەن چەکدارە لە شارەکەدا، وتی: «ئەوان متمانەیان بەو کەسانە نییە، چونکە ویستو نیەتەکانیان دەزانن».

لەم دواییانەدا نوجەیفی داوای لە یاخیبووەکان کرد کە هێرشەکانیان رابگرن بۆ سەر هێزە ئەمریکییەکان لەکاتی چوونە دەرەوەیاندا لەشاری موسڵ، ئـەو دەڵـێـت: «وا پێدەچێت بەرگریکارەکان وەڵامـی داواکەیان دابێتەوە»، بەڵام زۆر زەحمەتە تورەیی سوننە عەرەبەکان لەئاست کوردەکاندا کۆنترۆڵ بکرێت.

یوست هیڵتەرمان، لێکۆڵەرەوەیەک کە ئێستا وەک راوێـژکـاری بابەتی نـاوچـە کـێـشـە لـەسـەرەکـان لە نەتەوەیەکگرتووەکان کاردەکات، دەڵێت خراپبوونی بـارودۆخـەکـە زیاتر لە بەرژەوەندیی کوردەکاندایە.

هیڵتەرمان کە راوێژکارێکی باڵایە لە گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، دەربارەی عێراق دەڵێت: «پێدەچێت کوردەکان زیاتر مەیلیان هەبێت بەلای ئاڵۆزبوونی بـارودۆخـەکـەدا، ئەمەش بۆئەوەی قەناعەت بە ئەمریکییەکان بکەن کە ئەگەر بێتو کوردەکان جێبهێڵن، ئەنجامەکان مەترسیدار دەبن». هێزە ئەمریکییەکان لە گرنگیی ئەو رووداوانەیان کەمکردەوە کە لەلایەن کوردەکانەوە ئەنجامدراون. لەم کاتەدا دانیشتووانی نەینەوا کە بریتییە لە تێکەڵەیەکی ئیتنیکی، خۆیان بە کاتگەلێکی نارەحەتتر ئامادە دەکەن.

خاڵێکی پشکنین کە لەسەر رێگای سەرەکی هەولێر- موسڵ بوو، ئێستا نزیککراوەتەوەو هێنراوەتە نزیکی موسڵ، چەکدارانی کوردی بە درێژایی رێگاکە بڵاوکراونەتەوەو سەر گردەکانیش بەوشێوەیە پڕکراونەتەوە، لەنزیک بەعشیقە، چەندین مەتەرێزی گڵین دروستکراون، چەکەکانیش دەتوانرێت بـەڕوونـی بەسەر مەتەرێزەکانەوە ببینرێت. خەسرەو گۆران دەڵێت هیچ هێزێکی نوێ نەهێنراوەتە نێو شارەکە، بەڵام ئەو هێزانەی کە لەکاتی مۆڵەتی سەربازیدا بوون، بەهۆی خراپبوونی بارودۆخەکەوە بانگکراونەتەوە.

خـدر ئەلیاسی (٤٩ سـاڵ)، کە دانیشتووی شـاری بەعشیقەیە کە زۆرینەیەکی ئێزدی هەیە، کە تائیفەیەکی کۆنی کـوردی زمانن، دەڵێت: «ئێمە تائیفەیەکی بچووکینو کێشەمان ناوێت، ئێمە لەنێوان کوردو عەرەبدا گـیـرمـانـخـواردووەو ناتوانین دەم بکەینەوە». وادیارە کوردەکان فشار لە کریستیانەکانیش دەکەن بۆئەوەی دان بە پارێزگاردا نەنێن. لە شارۆچکەکانی تەلکەیفو قەرەقوش، ئەو فەرمانبەرانەی کە دەیانەوێت لەگەڵ دەسەڵاتی نوێدا مامەڵە بکەن، دەڵێن ئەوان رووبەڕووی بوونێکی سەربازیی گەورەی کوردەکان دەبنەوە.

ئـەم تێبینیانەی بەرپرسێکی بـاڵای پۆلیسی قـەرەقـوش، وێنەکە روونـدەکـاتـەوە کە داوایـکـرد ناوی نەهێنرێت لەبەرئەوەی رێی پێنەدراوە قسە بـۆ میدیاکان بـکـات «ئێستا تیرۆریست لە دەسەڵاتدایە، ئینشائەڵلا رووبـەڕوویـان دەبینەوە، ئەگەر نا، حاڵەکە خراپتر دەڕوات».

**و: دانا نەوزەر**



# هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا ٢٠٠٩

**ئامادەکردنی: سیروان دەباغ**

٦/٧ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا ئەنجامدەدرێت، سوید (١٨) نوێنەری دەبێت، ئەمە بەواتەی ئێمەی سویدیو هەلگری رەگەزنامەی سویدی، لە پارتە جیاوازەکانی سوید (١٨) رامیار هەلدەبژێرین کە ئێمە دەمانەوێت لە پەرلەمانی ئەوروپادا نوێنەرمانبن.

ئێمەی کورد چەند ناوێکمان هەن کە دەتوانین هەلیانبژێرین:

-١/http://www.berivan.eu
بێریڤان ئونگۆر، پارتی چەپ، چوارەم ناو لە لیستەکەی پارتی چەپدا.

-٢/http://www.joseferdem.eu
یوسف ئیردچ، بیستودووەم ناو لە لیستی سۆسیال دیموکراتدا.

http://www.rebwarhassan.
-٣/com ڕێبوار حەسەن، چواردەیەم ناو لە لیستی پارتی ژینگەدا.

-٤/http://www.evincetin.se-ئەڤین چەتین، بیستەم ناو لە لیستی سۆسیال دیموکراتدا.

-٥/http://www.farukaslan.se
ئازاد فاروق ئەسلان، نۆزدەیەم ناو لە لیستی پارتی چەپدا.

٦- فرێدریک مالم کە کورد نییە، بەڵام وەک هاورێیەکی نزیکی میللەتی کوردو پالپشتێکی بەهێزی دۆزی کورد ناسراوە.
/http://fredrikmalm.blogspot.com
چوارەم ناو لە لیستی پارتی گەل.

لە سوید نزیکەی (١٠٠) هەزار کورد هەن، لە ئەوروپادا نزیکەی (١) ملیۆن، بەداخەوە ئێمەی کورد نەگەیشتووینەتە پلەوپایەیەکی بەرز لەسەر ئاستی رامیاریی ئەوروپا، ئەمەش لەبەرئەوەی ئێمەی کورد بەسەر چەندان پارتی رامیاریدا دابەشبووین.

ئەگەر بمانەوێت بگەینە ئەزموونێکی بینراوی پێشکەوتوو لە ئەوروپادا بۆ پالپشتیی دۆزی کورد، دەبێت دەنگەکانمان بدەین بە یەک کەس، ئەگەر وانەکەین، دەنگەکانمان بڵاودەبنەوەو کەس لە نوێنەرە کوردەکان نایبەنەوە، ئەمەش بۆ رەوشی کورد باش نییە، هەر لەبەر ئەم هۆیە دەمەوێت پێشنیازی دەنگدان بکەم بۆ کەسێک کە کەمترین دەنگی پێویست بێت بۆ گەیشتن وەک کوردێک بە پەرلەمانی ئەوروپا، ئەویش رامیاری سویدی-کوردە بەناوی بێریڤان ئونگۆر، بەهۆی ئەوەی بێریڤان چوارەم ناوە لەسەر لیستی پارتی چەپ، تەنیا پێویستی بە (١٠٠٠٠) دەنگە، هەروەها ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە پارتی چەپو رامیاریان نزیکترین رامیارییە لە رەوشی کوردو بۆ دۆزەکەی.

بێریڤان ئونگۆر لەشاری دێریک لە باکووری کوردستان لەدایکبووە لە ١٩٧١/٤/١٥دا، لە سوید لە شاری بولنیس قوتابخانەی تەواوکردووەو لە بەشی زانستی سروشتناسی دەرچووەو دواتر لە فەرەنسا کولێژی پەیوەندیی نێونەتەوەیی تەواوکردووەو خاوەنی بڕوانامەی ماجیستێرە.

لە منداڵییەوە لەگەڵ توندوتیژیی و رژێمی میلیتانتی تورکی ژیاوە ، چەوساندنەوەی رامیاریی، راونان، گرتنی چالاکەکانی بواری رامیاریی و سەندیکاکانی کرێکاران، کوشتن و هەڕەشەی هەڵواسین، ئەمانە وایلێکرد سەرنج و ئارەزووی بەرەو رامیاریی راکێشرێت.

بێریڤان ئێستا یاریدەدەری سەرۆکی دەستەی پارتی چەپە لە شارەوانیی یارفالا (ستۆکهۆلم)، هەروەها ئەندامی بەڕێوبەرێتی شارەوانییە، لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپاش، بێریڤان لە سەندیکای کارمەندانی ئەوروپادا هەروا لە کۆمیتەی ژناندا لەوێ، لەبواری کاری سەندیکاکانی جیهاندا لەپێناوی یەکسانیدا چالاکە.

جگە لەو کارانەی سەرەوە، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کوماکە، واتە رێکخراوی مافی منداڵانی کورد، کوماک لە پرۆژەی پشتگیریدا لە کوردستان کاردەکات.

ئەگەر بێریڤان ببێت بە ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا، ئەو پرسانەی کە وەک مۆمێک بۆی دەتوێتەوە، زۆرن و مەزنن، بەڵام ئەمە پەیوەندە بەوەی دوای گفتوگۆ لە گروپە رامیارییەکان، لە کام لیژنە دەبێت بە ئەندام.

بەڵام جگە لە قەوارەی کارە گشتییەکان، بێریڤان دەیەوێت لە هەندێک پرسی دیکەدا تواناو سەرنجی بخاتەکار، بێگومان ئەو سەرنج و توانای خۆی لە پرس و گیروگرفتە رامیارییە تازەباوەکاندا کە دێنە پێشەوە، دەخاتەکار، بەڵام بە گشتی کارو توانای خۆی دەخاتەکار بۆ:

- رامیارییەکی مرۆڤانەی کۆچبەرو پەناهەندە لەسەر ئاستی ئەوروپا کە بگاتە رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لەباری مافی مرۆڤ، هەموو پەناهەندەیەک مافی ئەوەی هەیە کە مافپەروەرانە وەک تاکەکەس بە رێزەوە چاو بە داواکەیدا بخشێنن.

- یەکێتی ئەوروپا دەبێت زیاتر بۆ دروستکردنی ئاشتی، مافی مرۆڤ و پالپشتی وڵاتانی جیهان کاربکات، لەنێوان ئەمەدا پالپشتی گەلانی ستەم و چەوساوە، توانای خۆی دەخاتەکار بۆ گەیشتن بە مافی مرۆڤی کوردو داوا رەواکەی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی، هەروەها مافی گەلانی دیکەو کەمەنەتەوەکان، کارکردن بۆ مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە یەکێتی ئەوروپاو لەدەرەوە، یەکێتی ئەوروپا دەبێت ببێتە هێزێکی رامیاریی لە جیهاندا.

- بازارێکی ناوخۆی ئەوروپا کە تێیدا مافی سەندیکاکان و مافە کۆمەڵایەتییەکان پارێزراوبن.

لەناو بازاڕی کاردا ریزی جیاواز نەبێت، هەموو جۆرە جیاوازییەک، مافی کار بۆ هەموان، بزووتنەوەیەکی سەندیکایی بەهێز، ئێمە پێویستمان بە بەهێزکردنی پەیوەندییە کومەڵایەتییەکانە لە ئەوروپاداو رامیارییەک بۆ دابینکردنی کار بۆ هەوموان.

زۆرکردنی پوختی و باری یەکسانی لە ئەوروپادا، ئێمە دەبینین چۆن نایەکسانی دەچێتە ناخی گەورەترین تاوان، ئەمەش بە بەرزبوونەوەی رێژەی سۆزانی و بازرگانیکردن بە ئافرەتی گەنج بۆ ئامانجی سێکسی دەردەکەوێت، کە لەژێر بارێکی قورسدا وەک کۆیلە دەژین، ئەمە لە دیموکراتیدا جێی نابێتەوەو دەبێت کۆتایی پێ بهێنین، هەروەها دەبێت خەبات بکەین و ئامانجمان لەوەدابێت کە زۆرترین ئافرەت هەڵبژێرین و لە دەزگا جیاوازەکانی ئەوروپادا جێیان بکەینەوە، وەک پەرلەمان، کۆمسیۆن یان حکومەتی ئەوروپاو کۆتایی بە ئیمپراتۆریەتی پیرەمێردان بهێنین.

-لەدژی هەڵاواردنی کەمەنەتەوەکان و هاوتوخمەکان خەبات بکەین، لە ئەوروپادا ئەمڕۆ زۆر هێزی کۆنەپارێز هەن کە هەموو کاتێک ئامادەن دەسەڵات بگرنە دەست، کە رامیارییەکی نەفرەتئامێز پەیڕەودەکەن و بە چاوێکی نزمەوە سەیری ئافرەت، هاوتوخمەکان و ئەو کەسانەی کە لە نەتەوەیەکی جیاواز یان کەمایەتییەکی نەتەوەیین دەکەن، ئەمە پەسەند نییە.

لەبەرئەوە لەبیرت نەچێت دەنگ بدەیت بە بێریڤان ئونگۆر لە پارتی چەپ!


ڕێبوار حەسەن


یوسف ئیردچ



بێریڤان ئونگۆر


ئەڤین چەتین


فرێدریک مالم


ئازاد فاروق ئەسلان